کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە: ٧٠٦ ■ شەممە ٣١ی پووشپەڕ ١٣٩٦ _ ٢٢ی جولای ٢٠١٧
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## بەڕێوەچوونی ڕێوەڕەسمی بەشکۆی ٢٢ی پووشپەڕ لە قەڵای دێموکرات



لە بیست و هەشت ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، درێژەدەرانی ڕێگای ئەو ڕێبەرە هەڵکوتووە، لە سەنگەری خەبات و بەرخۆدان یادی قاسملووی هەرمان و هەردەم زیندوویان بەرز ڕاگرت.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی پووشپەڕ بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکان و تێکۆشەرانی دێموکرات لە قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان یادوناوی ڕێبەری لێهاتوو، عەبدولڕحمانی قاسملوو کرایەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە بە پەخشانە شێعری «گەر چیا بام» بە دەنگی خوشکە خەجیج مەعزوور و کورتەیەک لە وتە بەنرخەکانی کاک دوکتور قاسملوو بە دەنگی خۆی دەستی پێکرد و پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، جێگر سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکێش کرا. خوێندنەوەی شێعرێک لە وەسفی شەهید لەلایەن ئاسۆ وێردی، چەند بڕگە سروود لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزب و بە دەنگی هونەرمەندانی پێشمەرگە حەمەدەمین کەریمی، ڕێبوار حەسەنی و باوان کەریمی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

### پەیامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

# تێرۆری قاسملووی ڕێبەرمان لەبیر ناکەین

سەروتار

## دوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی ڕێبەرێک

**کەماڵ کەریمی**


٢٨ساڵ بەسەر شەهیدبوونی دوکتۆر عبدالڕحمان قاسملوو ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان تێپەڕی. لە دوای پێشەوا قازی محەمەد ئەو دووهەم ڕێبەری حیزب بوو کە بە دەستی تاوانبارانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا شەهید دەکرا و بەمجۆرە خەسارێکی گەورە لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت. ئەم هەموو ساڵە ماوەیەکی زۆربوو کە گەلێک و حیزبێک بە بێ ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک قاسملوو، ژیانی سیاسیی تێپەڕ بکا و دەکرا زۆر شت لە بیرببابەوە، کەچی لە دوای ئەو هەموو ساڵانە نە تەنیا هیچ شتێک لە بیر نەکراوە؛ بەڵکوو ساڵ بە ساڵ زیاتر گەلەکەمان، نەتەوەکەمان و دۆستەکانمان بە خەم و پەژارەیەکی زۆرترەوە بیر لەو ڕۆژە دەکەنەوە و بە جۆش و خرۆشێکی لەبننەهاتوو هەستی خۆیان بۆ ئەو خەسارە گەورە دەردەبڕن.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەی دەستی تێرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، گیانی ئەو گەورە پیاوەی لە نەتەوەکەمان ئەستاند، ئیستا بووەتە ڕۆژی دەربڕینی ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی ئاشتی و مرۆڤایەتی بەرامبەر بەو کردەوە دژی ئینسانییە. ئەوان دەیانەوێ بە دنیا بڵێن، ئەگەر قاسملوو بە جەستە لە نێویاندا نەماوە بەڵام ڕۆحی باڵی کێشاوە بەسەر ڕۆژهەڵاتدا و ژیانی سیاسی و داهاتووی ئەو گەلە بەبێ یاد و ناوی قاسملوو مانای نیە. لە خۆڕا نیە هەتا ئێستاش و بە دڵنیاییەوە هەتا سەرکەوتن بە سەر دەسەڵاتدارانی بکوژی قاسملوودا و وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەو، دروشمی قاسملوو، قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە دروشمی سەر زاری خەڵکی کوردستانە بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەڵام بۆ؟

مێژووی تێکۆشانی د.قاسملوو، هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی سیاسیی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و، هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بۆ خستنە بەرچاو و جێبەجێکردنی بەرنامە و پڕۆژە سیاسییەکانی حیزب لەلایەک و هەروەها توانایە زانستی و سیاسییەکانی ناوبراو، لەسەریەک د. قاسملوویان کردبوە کەسایەتییەکی دیار لە نێو حیزبی دێموکرات و دواتر لە نێو بزووتنەوەی کورددا.

ل٢




لە ساڵیادی تێرۆری ڕێبەری ئاشتیخوازی خەڵکی کوردستان و سکرتێری حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملووی شەهیددا، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، سەلماندیان کە «تێرۆری ڕێبەرەکانیان بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بیر ناکەن».

خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی سەر بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوخۆی وڵات، ئەمساڵیش بە شێوەیەکی بێوێنە و لە هەلومەرجێکی تایبەتیی سیاسی و ئەمنیەتیدا، ، تێکۆشانی سیاسی و تەبلیغییان بەڕێوە برد.

سەرەڕای کەشێکی ئەمنیەتی و میلیتاریستی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دامودەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانییەوە بە سەر شار و ناوچەکانی کوردستاندا زاڵی کردبوو، تێکۆشەرانی ئەرکوەخۆگری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات لە سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان، لە هەر چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ بە شێوەیەکی بەربڵاو، تێکۆشانی سیاسی _ تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ گوێدان بە جموجۆڵی هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و پووچەڵکردنەوەی وشیارانەی پیلانەکانی ڕێژیم بۆ بەرگرتن لە چالاکی و لە داوخستنیان، بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکتەکانی تایبەت بە یادی ٢٢ی پووشپەڕ و نووسینی درووشمی شۆڕشگێرانە لە زۆر لە شار و ئاواییەکانی کوردستان، وێڕای مەحکومکردنەوەی کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی، یادوبیرەوەریی قاسملووی هەردەم زیندوویان بەرزراگرت و هاوکات، بەڵێنی وەفادارییان لە گەڵ حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات کردەوە کە تا سەر درێژەدەری ڕێگای شەهیدان و ڕێبازی حیزبی دێموکرات دەبن.


هەر لەم پێوەندییەدا بۆ جارێکی دیکەیش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە وەجووڵەخستنی هەزاران کەس لە هێزە سەرکوتکەرەکانی لە شار و ناوچەکانی کوردستان و بەڕێوەبردنی مانۆڕی سەربازی، پێی وابوو دەتوانێ پێش بە چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات بگرێ، پێی سەلمێندرایەوە کە ناتوانێ پێش بە ئیرادەی ڕۆڵەکانی حیزب، کە نەتوانن یادی ڕێبەرە شەهیدکراوەکەیان بکەنەوە، بگرێ.



تاران، داعش و کورد
قادر وریا/ ل ٤


کوردستانی ئێران؛ قاسملوو و بۆسەی ڤییەن
کریس کۆچێرا ل ٥


سیستمی «ولایت مطلقه» و دەسەڵاتداریی خەڵک لە ئێرانی ئیستادا
عومەر باڵەکی/ ل ٦


کورد و ناتەبایی نەتەوەیی
د. کامران ئەمینئاوە/ ل٧


مەترسییەکانی سەر ژینگەی کوردستان
د. مەنسوور سوهرابی/ ل٧


کۆڵبەری و باڵادەستیی دەسەڵاتی ئەمنیەتی بەسەر ڕوانینی ئابووریدا
سەیران بایەزیدحوسێنی/ ل٨



ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان
حەسەن حاتەمی/ ل١٠


## سەردانی هەیئەتێکی بزاڤی ئاشتیی نێوخۆیی لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ی پووشپەڕ شاندێکی بزاڤی ئاشتیی نێوخۆیی بە سەرپەرستیی د. مووسا کاوال، سەرۆکی ئەو بزاڤە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا دوکتور مووسا کاوال بە ئاماژە مێژووی خەباتی دوور و درێژی کورد بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاریی نەتەوەیی باسی لە هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتیی کوردیی سەقامگیر و ،هەروەها چۆنیەتیی دروستبوونی ئەو کیانە سیاسییە سەربەخۆیە لە بارودۆخی ئێستادا کرد.

بەڕێزیان بە تیشکخستنە سەر بایەخی پەروەردە و بارهێنانی سەربەخۆ لەسەر پێگەیشتنی نەوەیەکی سەربەخۆییخواز و ئاشتیخواز باسی لە پێویستیی ڕێفۆرم لە ڕەفتاری سیاسی و مێتۆدی پەروەردەیی لە نێو کورددا کرد.



لەو دیدارەدا کاک مستەفا مەولوودی بە بایەخەوە باسی هەوڵ و تێکۆشان و بەرنامەی بزاڤی ئاشتیی نێوخۆیی بۆ ئەو ئامانجانە کرد و لەسەر گرینگی و بایەخی پەروەردە و مێژووی ئەو ڕوانگەیە لە حیزبی دێموکراتدا، ئاماژەی بە چەند بەڵگەیەک لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتی ئەم حیزبە وەک سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئیدارەی ناوچە ئازادکراوەکانی دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاوی‌دا کرد کە چۆن سەرەڕای ئاستەنگی زۆر خزمەتی سیستمی پەرورەدە و بارهێنانی سەردەمیانەی لە کۆمەڵگەی کوردستانی کردوە.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزب لە جەژنی نیشتمانیی فەڕانسە لە هەولێر



لەسەر بانگهێشتی کۆنسولخانەی فەڕانسە لە هەولێر، ئێوارەی ڕۆژی ١٤ی ژوئیەی ٢٠١٧ی زایینی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرەستیی د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداریی جێژنی نیشتمانیی فەڕانسەی کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەن و کۆنسولگەرییەکان بەڕێوە چوو، بەڕێز دۆمینیک ماس کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە وتەکەیدا وێڕای ڕێزدانان لە فیداکاری و قارەمانەتیی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش، باسی دۆستایەتی و هاوپێوەندیی نێوان دوو گەلی کورد و فەڕانسەی کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و هەیئەتی هاوڕێی چاویان بە ژمارەیەکی بەرچاو لە دیپلۆمات و کەسایەتی و نوێنەرانی حیزبی و حکومەتی کەوت و لەگەڵیان ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گفتگۆیان کرد.

درێژەی

## دوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی ڕێبەرێک

لە باری کار و بەڕێوەبەریی ئەرکی حیزبیدا، تواناییەکان و بەردەوامی قاسملوو لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا، زۆر زوو دەوری حاشاهەڵنەگری ئەویان وەک ڕێبەرێک سەلماند. لە باری سیاسیشەوە تێگەیشتنی سەردەمیانەی ئەو کە بەدووربوو لە هەرچەشنە دەمارگرژی و ئایدیۆلۆژی پەرەستییەک، وایکردبوو کە لەهەر زەمانێکدا کە حیزبەکەی و بزووتنەوەی کورد لەگەڵ پرسێکی تازەی سیاسی بەرەوڕوو دەبۆوە، هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەری قاسملوو دەبوونە سەرەتایەک بۆ گۆڕانێکی جیدی لە کاری فیکری و سیاسیدا. هەرچەند لەو سەروبەندەدا کە بە شێوەیەکی دەمارگرژانە شەڕی ئایدیۆلۆژییەکان لە ئارادابوو زۆرجار لە لایەن هێندێک تاقم و گرووپی دژبەریەوە هێرش دەکرایە سەر ئەو بۆچوون و هەڵوێستانە، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان هەموو تێدەگەیشتن کە د.قاسملوو بە پشتبەستن بە تێگەیشتنە زانستی و فیکریەکانی، سیاسەتەکانی دادەڕێژێ و ئەو بوو کە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات تێدەگەیی.

لە لایەکی دیکەشەوە، د.قاسملوو زۆر بە باشی ئاگاداری جێگەوپێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوو کە لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی تێکۆشەرانی دێموکراتدا، متمانەی تەواوی خەڵکی کوردستانی بەدەست هێنابوو. هەر بۆیە کاتێک کەسایەتییەکی مەزنی وەک قاسملوو پاش دوو دەیە، وەک ڕێبەری ئەو حیزبە دەگەڕێتەوە نێو باوەشی خەڵکەکەی، زۆر زوو متمانەی پێدەکرێ و پشتیوانی جەماوەری بۆ ساز دەبێ. ئەو بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو متمانەپێکردنەی خەڵکی کوردستان، ئەرکی حیزبەکەی قورستر کردوە و بەو پێوانە دەبێ سیاسەت بکا. لە خۆڕا نەبوو کە هەرکات پرسێکی گرینگی سیاسی دەهاتە پێش د.قاسملوو بە هەست پێکردن بە بەرپرسیاریەتیی حیزبەکەی لە ئاست بەرەوپێشبردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی بزووتنەوەی کورد و ئاگاداربوون لە پشتگیری خەڵکی کوردستان قسەی نەتەوەیەکی دەکرد.

دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی لە مەیداندا و بە کردەوە ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی لە بەرانبەر ڕێژیمێکی جینایەتکاردا دەکرد، وەک ڕێبەرێکیش هەوڵی دەدا دوژمنەکانی ڕازی بکا بەوەی کە کێشەی کوردستان بە شەڕ چارەسەر نابێ. خەڵکی کوردستان لەمە تێگەیشتبوون کە ڕێبەرەکەیان لەبەر دەستەوەستانی و بێدەسەڵاتی نیە کە بەردەوام پەیامی ئاشتی بڵاو دەکاتەوە بەڵکوو جیا لە باوەڕی قووڵی بە ئایدیاکانی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەشێکی لەبەر پاراستنی نیشتمان و خەڵکەکەی بوو لە ئاگری شەڕ، کە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی وتووێژەوە هەلێک بۆ دابینکردنی مافەکانیان بەدەست بێنێ. ئەگینا ئەو باش دەیزانی کە تێکۆشەرانی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هەرگیز لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی زۆرداری کۆماری ئیسلامیدا چۆک دانادەن و هەروەک ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر شەهیدبوونیدا، وەفادار بە فکر و ئەندیشەکانی قاسملووی ڕێبەریان، لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەردەوامن.

لایەنێکی بەرجەستەی دیکەی کەسایەتی دوکتور قاسملوو، دەوری ئەو بوو لە گەیاندنی پەیامی خەڵکی کوردستان بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. قاسملوو تاکە کەس بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە هۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزب و کەسایەتییەکانی ئوروپایی ببووە زمانحاڵی کوردستانی دێموکرات و ئازادیخواز. لە ماوەیەکی کورتدا خەڵکی کوردستان دیتیان کە بە هۆی قاسملووی ڕێبەریانەوە بێ پشتوپەنا نین و دەنگیان سنوورەکانی بەزاندوە و تەنانەت تیمەکانی ڕۆژنامەنووسی و یارمەتی تیمە پزیشکییەکانی دوورەوڵاتانیان لە نێو خۆیاندا دەدی. هەر ئەو بوو کە توانی هاوخەمی و سۆزی خەڵک لە ئوروپا بۆ خەڵک و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنێ کە بۆ هەتا ئێستاش ئیعتیبار و پشتیوانیەکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتە ڕەواکەی.

بەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکەش دوکتور قاسملوو لەدوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی، سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی، ڕێبەری و بەردەوامبوونی، فکر و ئەندیشەکانی و ئامادەبوونی بۆ فیداکردنی گیانی لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەیدا، ئێستاش ڕێبەرێکی زیندووە و خەڵکی کوردستان لەسەر درێژەدانی ڕێگەکەی سوورن.

# د.ئاسۆ حەسەنزادە: جەمسەربەندی و دابەشکردنی کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە بە سوودی ڕێژیم و بە زیانی سەرکەوتنی خەباتە

**(دەقی وتاری جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٢٢ی پوشپەڕ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک)**

**میوانە بەڕێزەکان!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

بیست و هەشت ساڵ لەمەوبەر ئەودەمانە بوو کە پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی کە بە پاسپۆرتی دیپلۆماسی و بۆ بەناو وتوویژ لەگەڵ د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی ئێمە نێردرابوونە ڤییەن، لە جیاتی گوێ گرتن لە پەیامی ئاشتی و لە جیاتی یادداشت هەڵگرتنەوە لەو دەرسەی د. قاسملوو سەبارەت بە دێموکڕاسی و چارەسەری پرسی نەتەوایەتی وەک مامۆستایەک خەریک بوو بۆی شی دەکردنەوە، لەپڕ دێوەزمەی ناخیان هارووژا، بۆ جێبەجێکردنی مەئموورییەتی نائینسانییان وە خۆ کەوتن و د. قاسملوو و هاوڕێی تەواوی ڕێگای د. قاسملوو، واتە کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر-یان، لە حیزبی دێموکڕات، لە گەلی کورد و لە مرۆڤایەتی ستاند.




لە ژیانی تایبەتیی هەموو ئێمەدا ڕەنگە زۆر ڕووداوی تاڵ و ناخۆش ڕوو بدا کە پاش ماوەیەک لەبیرمان دەچنەوە یا لانیکەم قبووڵیان دەکەین و لەگەڵیان ڕادێین، بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر کە تەمەنی لەبیرمانی ڕووداوی شەهید بوونی د. قاسملووی هەبێ، ئێستاش شۆک و ماتەمی ئەو کارەساتە و کاریگەریی ڕەوانی و سیاسیی ئەو جینایەتە بە ڕەگ و پێستەوە هەست پێ نەکا. تەنانەت بۆ منداڵەکانیشمان و بۆ ئەوانەش کە هەرگیز شانسی دیتن و ناسینی د. قاسملوویان نەبووە، د. قاسملوو بووە بە بەشێک لە سامانی ڕەمزی و عاتیفییان و د. قاسملوویان خۆش دەوێ و بۆ لەدەستدانی بەپەرۆشن. ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نیە کە تێرۆری د. قاسملوو و مامەڵەی سەوداچییانەی دەوڵەتی ئوتریش لەگەڵ ئەو جینایەتە غەدری دوو غەدر لە گەلی ئێمە بوو، بەڵکوو پێشدا لەبەر ئەوەیە کە د. قاسملوو ئەوساش و ئێستاش هێمای هەرە پڕشنگداری دۆزی ڕەوای میللەتێک و نوێنگەی بزوتنەوەیەکە کە هەروا بەردەوامە و هەر بەردەوامیش دەبێ. بەم چەشنە ساڵەکان ڕادەبرن و دەڕۆن، بەڵام د. قاسملوو هەر لێرەیە، هەر لەوێیە؛ هەتا لە مەرگی د. قاسملوو دوورتر دەبینەوە قاسملوو لە دڵی ڕێبوارانی ڕێگاکەیدا و لە یادەوەری بەکۆمەڵی گەلەکەماندا زیندووتر دەبێتەوە.

سەربردە و کەسایەتیی د. قاسملوو بۆ هەموو لایەک ئاشنایە. داستانی ژیانی وی چیرۆکی مەسەلەی کوردە، بە هەموو ئاڵۆزی و دوودڵی و کەوتنەکانییەوە، بە هەموو شانازی و سەرکێشی و خەونەکانییەوە. د. قاسملوو لە مەودایەکی کورتی ژیاندا شایەت و ئەکتەری زۆر ڕووداو و ئاڵوگۆڕی گرینگی جیهان و ناوچە و زۆر کەوتن و هەستانەوە لە ژیانی سیاسیی میللەتەکەیدا بوو. هەموو ئەو کێشە فیکری و پارامێترە سیاسییە بێڕوحمانەی سەت ساڵە مەسەلەی کورد لەگەڵیان دەرگیرە، د. قاسملووش بە چڕی لەگەڵیان دەرگیر بوو و هەوڵی دەدا بە قازانجی خەباتی گەلەکەی بیانگۆڕێ. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کەسایەتییەکی ئەوەندە دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی هەبوو کە زۆر لە جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری و هەموو پۆتانسیەل و پێویستییەکانی هێزی خەباتگێڕیی کوردی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە. ئەو لە بەرەبەیانی ژیانەوەی کورددا لە دایکێکی ئاسۆری لە دایک ببوو و ناسیۆنالیستێکی کوردی لێ دەرهاتبوو؛ کوڕی فیئۆدالێک بوو و مارکسیستێکی عەداڵەتخوازی لێ دەرچووبوو؛ لە سەردەمێکدا کە لە دنیادا کەم کەس کوردی دەناسی، هاوشان لەگەڵ بژاردە ڕووناکبیرییە کوردەکانی پاشماوەی عوسمانی لە زانکۆکانی بەغدا و پراگەوە بگرە تا قوتابخانەی زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس خزمەتی بە فەرهەنگی کورد و بە کوردۆلۆژی دەکرد؛ هاوکات بە داڵانە تەنگ و تاریکەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پاش شەڕی دووەمی جیهانیدا لە هاتوچۆدا بوو هەتا پردێک لەنێوان شاخەکانی کوردستان و پێتەختەکانی دنیا دروست بکا و دەرووەیەک بۆ کاری سیاسی و زیندووکردنەوەی خەباتی کورد لە ئێران بکاتەوە. ئەو ئەکادیمی و زمانزانە نازدار و بەفەرهەنگەی پەروەردەی ئوروپا بەڵام ئاشقی وڵات و خاک و خەڵکی خۆی بوو و لە بەرامبەر بەرپرسایەتیی سەرشانی خەبەردار ڕاوەستابوو. هەربۆیە کاتێک تاریخ فورسەتە گەورەکەی پێ بەخشی، وێڕای درێژەدان و پەرەپێدانی تێکۆشانی دیپلۆماسیی خۆی، دوا قۆناغی ژیانی سیاسیی خۆی پێشمەرگانە و لە چیاکانی کوردستان بردە سەر و سەرکردایەتیی شۆڕشێکی مەیدانیی کرد، شۆڕشێک کە خەڵکی ئێمە ئێستاش هەزار گوتەنی بە یادی وی دەژی دڵی.

د. قاسملوو لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێبەری بزوتنەوەی بەشێک لە گەلێکی بندەست بوو، بەڵام شەخسییەتێکی مەحەللی نەبوو. سکرتێرێکی پێشووتری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن دەڵێ : «قاسملوو هەیبەتی دەوڵەتمەردێکی نێونەتەوەیی هەبوو، کەسێک کە لە گەردوونی کورداندا جێگە و پێگەیەکی بێ هاوتای هەبوو و ڕێبەری پان کوردیسم بوو، بەڵام لە ململانێ و خەباتەکانی دیکەی ئەم دنیایە و پێوەندیی نێوانیان ئاگادار بوو و سیاسەتی وەک گشتێک چاو لێ دەکرد».

د. قاسملوو لە عەینی کوردپەروەریدا، ئاسۆی ڕوانینی زۆر فراوان بوو. ئەو وێڕای ئەوە کە پرسی گەلی ئێمە لە ئێرانی جارێک بۆ هەمیشە وەک پرسێکی سیاسی جێگیر کرد، خەباتی کورد لەو وڵاتەی بە بازنە فراوانترەکانی سیاسەتەوە بەستەوە. بۆ ئەوەش ناچار بوو بەردەوام لە هەوڵی ئاشتکردنەوەی تەزادەکاندا بێ: تەزاد لەنێوان سوننەت و مۆدێرنیتەدا، لەنێوان تیئۆری و کردەوەدا، لەنێوان مەیدانداری و ئەخلاقدا، لەنێوان خەون و واقیعییەتدا، لەنێوان کورد بوون و ئێرانی بووندا، لەنێوان شۆڕشگێڕ بوون و دێموکرات بووندا، لەنێوان سێکۆلار بوون و تەعامول لەگەڵ مەزهەبدا، لەنێوان خەباتخوازی و ئاشتیخوازیدا. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ئەودەمیش گرفتاری دابەشبوون و ناعەقلانیەت بوو، د. قاسملوو بە شوجاعەتەوە نوێنەرایەتیی جۆرێک لە عەقلانیەتی دەکرد کە دروست دژە مۆدێلی ئەو سیستەمە بوو کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتییان دەکرد. جا مادام د. قاسملوو هەر پیاوی فکر و گوتار نەبوو، بەڵکوو پیاوی عەمەلیش بوو، تێرۆریان کرد بەو هیوایە کە ئەو جەهانبینییە دێموکراتیک و بنیاتنەرەی د. قاسملوو ئاڵاهەڵگری بوو، لەبەین بەرن، غافڵ لەوە کە بیست و هەشت ساڵ دوای کوشتنی، تازە منداڵانی کورد وێنەی قاسملوو لە بەرۆکی خۆیان دەدەن و پیرەپیاوە ئیماندارەکانی کوردەواری سوێند بە گڵکۆکەی دەخۆن.

د. قاسملوو لەگەڵ ئەوەدا کە کاریگەریی کۆمەڵگا و فەزای سیاسی و ئیدئۆلۆژیی سەردەمی خۆی پێوە دیار بوو، بەڵام دووربین و ئایندەنگەر بوو و زۆر لە قەناعەت و پێشبینییەکانی سەبارەت بە ململانە سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکانی ئەو کاتەی دنیا و پرس و کێشەکانی وڵات و ناوچەی ئێمە لەپاش مەرگی وەدی هاتن. نزیک بە سێ دەهە پاش شەهید بوونی د. قاسملوو، بێگومان زۆر شت لە جیهان و ناوچە و لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەڵام جەوهەری وانە و باوەڕەکانی د. قاسملوو بۆ ئێستا و ئایندەی خەباتی ئێمە هەروا موعتەبەرە و پێویستە لەبەر ڕووناکایی وان هەنگاو هەڵێنینەوە :

یەکەمین دەرس کە ئێمە دەبێ لە قاسملوو فێری بووبین ئەوەیە کە سیاسەت بە مانا شەریفەکەی پێش هەموو شتێک باوەڕە بە ئیدەئالێک، وەفادارییە بە ڕێبازێک، پابەندییە بە کۆمەڵێک بەها. پاشان، خەبات بۆ ئەو ئیدئال و ئەرزشانە، جا ڕزگاریی کوردستانە، کەرامەتی ئینسانە، یا وەک دەبێ هەردووکیانە، دەبێ بە مێتۆدێکی زانستی بکرێ. مێتۆدی زانستی یانی هەوڵدان بۆ تێڕامان و تێگەیشتنی دروست و واقعی لە دیاردەکان و هەبوونی ئازایەتیی دووبارە خوێندنەوە و پێداچوونەوەیان. د. قاسملوو لە عەینی ئەوەدا کە باوەڕی قووڵ و چەسپاوی بە ڕێبازی ڕزگاریخوازانەی بزاڤی کورد بەتایبەتی بەو چەشنە کە پێشەوا قازی محەممەد دایڕشتبوو هەبوو، بەڵام قەت لە ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو نەدەترسا و هەردەم لە فکری ڕێکخستنەوە و گونجاندنەوەی ئاقار و ئامرازی خەباتدا بوو. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دنیای دەوروبەر و دەرەوەی خۆشمان، ئەو پێی وابوو مرۆڤی ئازادیخواز تەنیا کاتێک دەتوانێ ڕیسالەتی ئازادیخوازانەی خۆی بە دروستی جێبەجێ بکا کە بۆخۆی ئازادانە بیر بکاتەوە و بڕیای خۆی بۆخۆی بیدا. هەربۆیە، د. قاسملوو، ئەو باشترین پەنجەرەیە کە حیزبی دێموکڕات دەیتوانی لە کەلێنی ویەوە لە جیهان بڕوانێ، هەرگیز ڕازی نەبوو چەمکەکان و سیاسەتەکانی بەسەردا بسەپێنن و تێدەکۆشا بە سەرنجدان بە واقعیاتی کۆمەڵگا و پێویستییەکانی خەباتی میللەتەکەی، بۆخۆی و بە خوێندنەوەی خۆی هەگبەی پرەنسیپ و ئیدەئالە فیکری و سیاسییەکان

> [وانەیەکی د. قاسملوو کە بۆ ئەمڕۆی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستە سەرلەبەر فێری بینەوە، ئەوەیە کە د. قاسملوو بە شێوەی خەتی و تەک ڕەهەندی سیاسەتی نەدەکرد. ئەو هەموو کەناڵەکان، هەموو شێوەکانی خەباتی تاقی دەکردنەوە، و هەموو زەرفیەتەکانی نێو کۆمەڵگای دەدی و هەوڵی دەدا دەکاریان بخا]

دروست بکا. ئەوە لە ژیانی د. قاسملوودا زۆر جار دەرکران و دەربەدەری و سەرێشەی بۆ وی لێ کەوتەوە، بەڵام گرینگترین و چارەنووسسازترین تایبەتمەندیی کە بۆ خەباتی میللەتێک پێویستە، لێ پەیدا بوو.

ئەو تایبەتمەندییەش شتێک نیە جگە لە سەربەخۆیی سیاسی، پرەنسیپێک کە د. قاسملوو لە هەموو بەستێنەکاندا ڕەچاوی دەکرد. لە ئاستی نێونەتەوەییدا جیا لەوە کە ئەو تێهەڵکێشی خۆی لە بایەخەکانی ئیدەئالی سۆسیالیستی و لیبرالیزمی سیاسی دروست کردبوو، بۆ گەڕان بەدوای پشتیوانیی سیاسی لە خەباتی گەلەکەشی، بەدوور لە دۆگماتیزمی ئیدئۆلۆژی و بەستراوەیی تێدەکۆشا لە هەر جێیەک دەرەتانێک هەبێ، کەڵکی لێ وەربگرێ. هەر بە پێڕەوی لەو پرەنیسپەیە کە ئەمڕۆ حیزبی ئێمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو فشارانە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی چڕ بوونەتەوە، پێشوازی لە هەر پرۆسەیەکی نێودەوڵەتی دەکا کە مەیدانی مانۆڕی کۆماری ئیسلامی سنووردار بکا و بیخاتە بارودۆخێکەوە کە لە بەرامبەر ویستی خەڵکدا پاشەکشە بکا. هەر لەو کاتەدا بەڵام هەروەک د. قاسملووش باوەڕی وا بوو، پێمان وایە نابێ ئاجێندای خەباتمان تەنیا لەسەر بنەمای مشت و مڕی نێودەوڵەتی تەنزیم بکەین و دەبێ پێش هەموو شتێک پشت بە خۆمان و بە خەڵکی خۆمان ببەستین. لە ئاستی ئێرانیدا، د. قاسملوو لە زیمنی ئەوەدا کە پێویستیی هاوپێوەندیی نێوان بزوتنەوەی کورد و بزوتنەوەی سەراسەری لە ئێرانیدا (لێرەشدا بە دوور لە پاشکۆیەتی، بەدوور لە مەرزبەندیی ئیدئۆلۆژیی و تەنیا لەسەر بنەمای دەرک و دانپێدانانی سیاسی) بە باشی هەست پێ دەکرد و کاری بۆ دەکرد، لەو باوەڕەدا بوو کە مەسەلەی کورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەوە مافی هێزێکی وەک حیزبی دێموکراتە کە بەپێی هەلومەرج و بەرژەوەندیی گەلی کورد، ئیبتکاری عەمەل و دەستئاوەڵایی پێویست بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا بۆخۆی بپێڵێتەوە. ئەو خوێندنەوەیە، ئەمڕۆ کە بەداخەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ڕابردووش کەمتر دان بە شەرعیەتی مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێو ئێراندا دەنێ، هێندەی دیکەش لە جێی خۆیەتی. د. قاسملوو ئەسڵی سەربەخۆیی سیاسی و سروشتی قائم بە زاتی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتی تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا جێبەجێ دەکرد. هەموومان دەزانین کە بیری نەتەوایەتی هەر لە سەرەتاوە چ ڕووبەرێکی بەرفراوان لە پانتایی فکری د. قاسملووی داگیر کردبوو، بە چەشنێک کە زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستا ئەو یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچەی کوردستانی بە مافی سروشتیی نەتەوەی کورد دەزانی. هەر بە باوەڕ بەو پرەنسیپەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەمانە کە ئەمڕۆ کە خوشک و برا کوردەکانمان لە باشووری کوردستان خۆیان لە مەوقعیەتێکدا دەبینن کە باس لە بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بکەن، ئێمە ئەوە بە مافی بێ ئەملا و ئەولای ئەوان دەزانین

←

و ئارەزووەمانە ئەو هەنگاوە ئایندەیەکی باشتری هەم بۆ باشووری کوردستان هەم بۆ پێوەندیی نێوان پارچەکانی کوردستان و پرسی کورد بە گشتی بەدوادا بێ. بەڵام ئەگەر د. قاسملوو بەردەوام چاوی لە پرسی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا بوو و لە دنیای دەرەوەی کوردستاندا وەک سەفیری هەرە ئەمانەتداری هەموو کورد ڕەفتاری دەکرد، لەو کاردابەشکردنەدا کە پێی وابوو بزوتنەوەی کورد دەبێ لە دەروونی خۆیدا بیکا، ئەو بردنە پێشی پرسی کورد لە ئێرانی لە ئەولەویەتی کاری خۆی دانابوو. هاوکات بە عەمەل نیشانی دابوو کە پێویستە پارچەکانی کوردستان پشتیوان و خەمخۆری یەکتر بن و پرسی خۆیان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا لەسەر حیسابی پارچەکانی دیکەی کوردستان نەبەنە پێش.

لایەنێکی دیکەی میراتی مەعنەویی د. قاسملوو ئەوەیە کە ئەو هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوایەتیی کردبووە سەردێڕی کار و خەباتی خۆی و حیزبەکەی، بەڵام پێی وابوو حیزبێک کە بیهەوێ هەموو چین و توێژەکان دە خەبات وەبەر بدا و بیر لە ئایندەی کۆمەڵگا بکاتەوە، نابێ ئیدەئالەکانی دیکە پشتگوێ بخات. لەنێو ئەو ئیدەئالانەی دیکەدا بێگومان عەدالەت هەبوو، یەکسانیی ئینسانەکان هەبوو، بەڵام پێش هەموو شتێک دێموکڕاسی قەراری گرتوو. د. قاسملوو بە هۆی باوەڕی قووڵ و تەبیعەتی خۆشبینانەی دەیگوت ئێمە دەتوانین لە دیکتاتۆرییەکەوە بڕۆین بەرەو دێموکڕاسی، بەبێ ئەوەی ناچار بین لەنێوان ئەو دووانەدا نیمچە دیکتاتۆرییەک تەجروبە بکەین. سێ دەهە پاش ئەو قسانە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەنگە زۆر کەسی لە دێموکراتیزاسیۆنی ناوچە نائومێد کردبێ. بەڵام تاودان بۆ ئەو ئیدەئالە چ بۆ پێوەندیی نێوان کورد و گەلان و دەوڵەتانی ناوچە و چ بەتایبەتی بۆ پێوەندییە ناوخۆییەکانی کورد لە هەموو کاتێک پێویستترە و لە پرۆسە سیاسییەکانی ڕۆژ و لە دوورەدیمەنی خەباتماندا نابێ قەت پشتگوێی بخەین. لە

> [ د. قاسملوو لە عەینی ئەوەدا کە باوەڕی قووڵ و چەسپاوی بە ڕێبازی ڕزگاریخوازانەی بزاڤی کورد بەتایبەتی بەو چەشنە کە پێشەوا قازی محەممەد دایڕشتبوو هەبوو، بەڵام قەت لە ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو نەدەترسا و هەردەم لە فکری ڕێکخستنەوە و گونجاندنەوەی ئاقار و ئامرازی خەباتدا بوو]

ڕیزی ئەو ئیدەئالانەی دیکەدا کە بۆ د. قاسملوو عەزیز بوون، پێویستە ئاماژە بە خیسلەتی ئینسانیی خەباتی خۆشمان بکەین. د. قاسملوو زۆر جار باسی دوو شتی دەکرد کە کاری وی و حیزبەکەی سەخت کردبوو: یەکەم، ئەوە کە کێشەی کورد کێشەیەک نەبوو کە لە خانەی ململانەی زلهێزەکاندا قەراری گرتبێ، هەربۆیە زۆریان بۆ گرینگ نەبوو؛ دووهەم، ئەوە کە ئێمە لە خەباتی خۆماندا پەنا بۆ تێرۆر نابەین، خەڵک بە بارمتە ناگرین، فرۆکە نارفێنین، لە شوێنە گشتییەکاندا بۆمب دانانێینەوە، دیلەکانی شەڕ تیمار و ئازاد دەکەین. ئەگەر ئەوەی یەکەم واتە سەرنجنەدانی هیچ کام لە زلهێزەکانی ئەودەم بە بزوتنەوەی کورد ئینتخابی د. قاسملوو نەبوو و لێشی ڕازی نەبوو، ئەوەی دووەم واتە پابەندی بە ئەرزشە ئینسانییەکان ئینتخابی د. قاسملوو بوو و بە شانازییەوە باسی دەکرد. د. قاسملوو دەیزانی ئەو خیسلەتە ئینسانییە ڕەنگە زۆر جار ببێتە هۆی لاواز بوونی مەیدانداریی ئێمە، بەڵام پێی وابوو ئەوە ئیعتبار بۆ ئێمە دروست دەکا و لە درێژخایەندا هەر ئەوە دەیباتەوە. ئەمڕۆ کە پاش هێرشەکانی ئەم دواییانەی تاران، ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی، لە هەوڵدایە لە بیروڕای گشتیدا شۆڕشگێڕانی کورد و توندڕەوانی تێرۆریست بخاتە خانەیەکەوە، پابەندی بەو خیسلەتەی د. قاسملوو بە خەباتی ئێمەی بەخشیبوو و فاسیلە گرتن لەگەڵ مێتۆدە ناڕەوا و نائینسانییەکان لە هەموو کاتێک زیاتر مانا پەیدا دەکا.

سەرەنجام و لە هەمووی گرینگتر، وانەیەکی د. قاسملوو کە بۆ ئەمڕۆی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستە سەرلەبەر فێری بینەوە، ئەوەیە کە د. قاسملوو بە شێوەی خەتی و تەک ڕەهەندی سیاسەتی نەدەکرد. ئەو کە ئەسڵەکەی بیزمارک سەبارەت بە سیاسەت وەک هونەری مومکینی بە کردەوە

> [ جیا لەوە کە ئەو تێهەڵکێشی خۆی لە بایەخەکانی ئیدەئالی سۆسیالیستی و لیبرالیزمی سیاسی دروست کردبوو، بۆ گەڕان بەدوای پشتیوانیی سیاسی لە خەباتی گەلەکەشی، بەدوور لە دۆگماتیزمی ئیدئۆلۆژی و بەستراوەیی تێدەکۆشا لە هەر جێیەک دەرەتانێک هەبێ، کەڵکی لێ وەربگرێ]

ڕەچاو دەکرد، هەموو کەناڵەکان، هەموو شێوەکانی خەباتی تاقی دەکردنەوە، و هەموو زەرفیەتەکانی نێو کۆمەڵگای دەدی و هەوڵی دەدا دەکاریان بخا.

دەزانین کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیرۆدەی کۆمەڵێک نالێکی و دابەشبوونی نوێیە. بەداخەوە زۆر مەوعیدی سیاسی و تەنانەت زۆر پرسی مافی مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی هەموو لایەنەکان و هەموو تێکۆشەرانی گەلەکەمان ڕووبەڕووی دەسەڵاتێک بکاتەوە کە گەلی ئێمە لە تەواوەتیی خۆیدا دەچەوسێنێتەوە و سەرکوتی دەکا، دەبنە هۆی ئەوەی بژاردەکانی گەلەکەمان دابەش بن، دابەش بکرێن و لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستن. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە جەمسەربەندییانە کە تەنیا بە قازانجی ڕێژیم و بە زیانی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان دەشکێنەوە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە بە هەموو جیاوازییەکانییەوە تەنیا دەبێ ڕێژیم بە ئامانج بگرێ و لە دەروونی خۆیشیدا وێڕای ڕێزدانان بۆ بۆچوون و ئاقارە جیاوازەکان، دەبێ بە ڕێگای شارستانی و دیالۆگەوە بۆ دروستکردنی سەنتێز و لێک نزیککردنەوەی ڕوانگەکان و هەماهەنگکردنی ستراتژیی هەنگاوەکان تێ بکۆشێ. ئێمە دەبێ قبووڵی ئەو ڕاستییە بکەین کە کایەی سیاسیی ئێمە ئەوڕۆ لە ڕابردوو فرەچەشنترە و لە جیاتی هەوڵدان بۆ یەک ئاقاری و یەکدەست سازیی ئەم کایە سیاسییە، دەبێ بەدوور لە دڕدۆنگی و زێهنیەتی ڕکابەری تێ بکۆشین بە گوتارێکی هەمەلاگیر هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕی پێکەوە گرێ بدەینەوە. ئەگەر بەستێنی شۆڕشگێڕی لە ڕێگای بەستێنی مەدەنییەوە باشتر بە کۆمەڵگا وەسڵ دەبێتەوە، بەستێنی مەدەنییش لە ڕێگای بەستێنی شۆڕشگێڕییەوە بە مێژوو و جەوهەری واقیعیی مەسەلەی کورد وەسڵ دەبێتەوە. ئێمە دەبێ کارێک بکەین کە نە بەستێنی مەدەنی لە ئەرکەکانی خۆی لە بەرامبەری بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا غافڵ بێ و نە بەستێنی شۆڕشگێڕییش پێی وابێ مۆنۆپۆلی کاری سیاسیی کورد لە ئێرانی لەدەستدایە. لەو ڕێگایەدا هەمووومان بەسەریەکەوە پێویستیمان بە خانەتەکانییەکی مێژوویی و سیاسی هەیە کە لەودا هەم شکۆی ڕابردووی خۆڕاگری و فیداکاریی میللەتەکەمان بپارێزرێ و هەم زەرفیەتی نوێ بۆ ئێستا و ئایندەی خەبات دروست بکرێ. هەر لەو سۆنگەیەوە، حیزبی ئێمە بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانێتە چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات و گەلەکەمان بەگشتی لە ناوخۆ کە سەرباری کەشێک کە بەدوای ڕووداوەکانی تاران ڕێژیم لە کو ردستاندا دروستی کردوە، لە بەرە بەری ٢٢ی پوشپەڕدا وەک پێشوو لە مەیداندا بوون و نیشانیان دا کە ئەو بەستێنە گرینگەی خەبات کە بۆ د. قاسملووش زۆر گرینگ بوو، هەروا ئاوەدان و زیندوویە.

هاوڕێیانی خۆشەویست! دۆستانی ئازیز!

ژیان و خەباتی د. قاسملوو بێگومان بەرهەم و دەسکەوتی زۆری لەبواری ناساندن و بەنێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد، لەبواری ڕێکخستن و پوخت کردنەوەی هۆشیاریی نەتەوایەتیی کورد و لەبواری جێ خستنی ڕووحیەی شۆڕشگێڕی و ئیمان بە خەبات و خۆڕاگریی ئەو گەلەدا هەبووە. بەڵام ئەو ئاوات و ئامانجانەی د. قاسملوو هەموو ژیانی خۆی بۆ سەرف کردن، هێشتا وەدی نەهاتووون. یەکێک لە وانەکانی د. قاسملوو ئەوە بوو کە خەباتی ئێمە ڕەنگە بە نەسلێک و دوو نەسل بە ئەنجام نەگا و ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرینگە ئەوەیە کە شەرمەزاری ویژدانی خۆی نەبێ و هەرچی بۆ گەلەکەی لە دەستی دێ، بیکا. لەو خەباتەدا کە گەلی ئێمە لە دە ساڵی ئاخیری ژیانی د. قاسملوودا بەڕێوەی دەبرد، د. قاسملوو ئەکتەر و عونسوری هەرە درەوشاوە و کاریگەر بوو. بەڵام بە هەموو گەورەیی خۆیەوە، د. قاسملوو کۆنتڕۆڵی تەواوی ئەو کایە سیاسییەی لەدەستدا نەبوو و ئەودەمیش گەلی ئێمە لەو یەکێتی و یەکڕیزییەی بۆ سەرکەوتنی خەبات پێویستە، بێبەش بوو. ئەمڕۆ کە د. قاسملوو بووە بە هێمای هاوبەش و خۆشەویستی هەموو کوردی ڕۆژهەڵات، دەبێ ناو و یاد و وانەکانی ئەو ڕێبەرە بێ وێنەیەی کورد بکەین بە هاندەری یەکگرتنی گەلەکەمان، بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکڕات کە زیاتر لە دە ساڵە لە چوارچێوەی دوو حیزبدا درێژە بە ڕێبازی قاسملوو دەدەن. ئێستا کە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە خۆشییەوە زیندوو بۆتەوە، با ئەو گەورە هێما هاوبەشەی نێوانمان بکەینە باشترین هەوێنی سەرخستنی ئەو کارە پیرۆزە. د. قاسملوو لەبەر ئەوەی هەم خاوەنی ئیرادەی شۆڕشگێڕی و هەم پیاوی سیاسەت لە ئێستادا بە پشت بەستن بە هێزی خەڵک بوو؛ د. قاسملوو کە تێزی دوکتوڕاکەی بۆ سووک کردنی باری سەر شانی وەرزێرانی کورد تەرخان کردبوو و بە چارەسەری سیاسیی پرسی کورد ئاکامگیریی لێ وەرگرت؛ د. قاسملوو کە هەم ڕووناکبیر بوو، هەم پێشمەرگە؛ هەم سیاسی بوو هەم خەباتگێڕ، باشترین سەرمەشقی سەنتێز بۆ درێژەدانی ئەو ڕێگایەیە کە دێموکراتەکان دەبێ ئەمڕۆ و سبەینێی بەیەکەوە درێژەی بدەن. بەڵام هەموو ئاشتییەک بە ژنان و پیاوانی گەورە و لەخۆبوردوو سەر دەگرێ و پایەدار دەبێ. یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕاتیش ئازایەتی و تەوازووعی هەموو لایەکی پێویستە.

دۆستی گەورەی د. قاسملوو و گەلی کورد، بێرنارد کوشنێر، لەبارەی د. قاسملووەوە دەیگوت هەر جار کە دەمان دی کە تا ئەو ڕادەیە بۆ باوەڕەکانی خۆی و لەپێناو مافی کەسانی دیکەدا خەبات دەکا، بۆمان پرسیار بوو داخوا ئەو پیاوە ئاخیرەکەی دەبێتە ڕەئیسی دەوڵەت یا دەکوژرێ؟ کوشنێر هەروەها دەیگوت ئەگەر هەموو ڕێبەرانی جیهانی سێهەم وەک قاسملوو دێموکرات بان، پێش بە مەرگی سەدان هەزار ئینسان دەگیرا. بەداخەوە پێش ئەوەی د. قاسملوو ببێ بە ڕەئیس دەوڵەت، د. قاسملوویان

> [ لە کەناری ئەو دەریا تاریکە لە فرمێسک و خوێن کە بەهۆی کەم بوونی قاسملووەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەستاوە، فانۆسێک هەیە. ئەو فانۆسە بورجی ئەسکەندەریە نیە، بیروباوەڕی ڕوونی قاسملوویە کە هەتا هەتایە لەنێو دڵی ئازادیخوازانی ڕاستەقینە بەتایبەتی ڕێبوارانی ڕێگاکەیدا تیشکان داوێ]

کوشت. دەشزانین کە پاش مەرگی قاسملوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێندەی دیکەی لە مەرگ وماڵوێرانیدا نقووم بوو. بەڵام لە کەناری ئەو دەریا تاریکە لە فرمێسک و خوێن کە بەهۆی کەم بوونی قاسملووەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەستاوە، فانۆسێک هەیە، ئەو فانۆسە بورجی ئەسکەندەریە نیە، بیروباوەڕی ڕوونی قاسملوویە کە هەتا هەتایە لەنێو دڵی ئازادیخوازانی ڕاستەقینە بەتایبەتی ڕێبوارانی ڕێگاکەیدا تیشکان داوێ.

سڵاو لە یادی د. قاسملوو. بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ڕێبازەکەی. سوپاستان دەکەم و هەر بژین.

**هەواڵی چالاکی و تێکۆشانی حیزبی**

## سەردانی هەیئەتێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە لە سکرتاریای حیزبی دێموکرات

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ی پووشپەڕ هەیئەتێکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە بە سەرپەرسیی ئەحمەد چەتۆ، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی پێوەندییە سیاسییەکانی ئەم حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خرانە بەرباس و هەیئەتی حیزبی دێموکرات خۆشحاڵیی خۆی لەوە دەربڕی کە ئێستا کورد لە سووریە فاکتەرێکی بەهێزی گۆڕانکارییەکانە و ئەوەش دەخوازێ لە پێناو دەسکەوتی زیاتردا پتر یەکگرتوو بن.

شاندی میوانیش بەبایەخەوە باسیان لە مێژووی پتر لە ٧ دەیە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕزگاریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و مانەوەی ئەم حیزبە لە مەیدانی خەبات دوای شەهیدبوونی سێ کەسی یەکەمی ئەم حیزبەیان بە نیشانەی پێبەندبوونی ئەم حیزبە بە خەباتە ڕەواکەی ناوبرد.

لەو دیدارەدا دوولایەن پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە کورد چ لەو بەشانەی ئیدارەی کوردستان دەکا و چ لەو بەشانەدا کە خەبات بۆ ڕزگاری دەکا دەبێ نموونە و نوسخەیەکی باش لە فۆرمی حکومەتی و ئیداری و هەروەها خەباتی بەپرەنسیپ پیشانی دنیا و کۆمەڵگای جیهانی بدا.

---

## سەردانی ڕێزدار عەلی قازی لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە، ١٩ی پووشپەڕ ڕێزدار عەلی قازی، کەسایەتیی سیاسی و کوڕی پێشەوا قازی محەمەد سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

لەو دانیشتنەدا کە بەبەشداریی بەڕێز جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا، کۆمەڵە باسێکی پێوەندیدار بە دۆخی سیاسیی کوردستانی ئێران و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات قسە و باسیان لەسەر کرا.

لەو دیدارەدا کاک عەلی قازی خۆشحاڵیی خۆی لەوە دەربڕی کە خۆی لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەبینێتەوە، حیزبێک کە پێشەوا قازی محەممەدی باوکی دامەزرێنەری بووە و لە مێژووی زیاتر لە ٧ دەیە خەبات و تێکۆشانیدا دەسکەوتی زۆر و پڕ بایەخی بۆ بزووتنەوەی کورد و مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیە دەستەبەر کردوە.

---

## پەیمان نوێکردنەوەی ئەندامانی حیزب لە سویس لەسەر مەزاری دوکتور قاسملوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئیس بۆ نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ، شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەر سەردانی گۆرستانی پیرلاشێز لە شاری پاریس‌یان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەبەشداریی دوکتور فرێدریک تیسۆ، دۆستی لە مێژینەی حیزب و یاری بەوەفای دوکتور قاسملوو کرا، .پەیامی کۆمیتەی حیزب لە سوئیس لە لایەن زاهید شاعیری، پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە سوئیس لە لایەن ئازاد حوسێن‌زادە خوێندرایەوە و دوکتور فرێدریک تیسۆ لە سەر مەزاری لە وتەیەکی کورتدا بۆ بەشداران باسی لە چەند ڕەهەندێکی تایبەتیی ژیانی دوکتور قاسملوو کرد.

لەو کۆڕیادەدا پارچە شێعرێک لە لایەن هێمن بێتووشی پێشکەش بە رووحی شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی کرا.

---

## بەرزڕاگرتنی یادی د.قاسملوو لە ئەمریکا

کومیتەی واشنگتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٦ی جولای ٢٠١٧ی زایینی، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و ناوی ڕێبەری شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لەو دەڤەرە بەڕێوە برد.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو نەسرین کەریمی وتارێکی کورتی لە سەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو، پێشکەشی ئامادەبووان کرد و خەبات ئیبراهیم‌پوور، بەرپرسی کومیتەی واشنگتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بانگەوازی کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٨ساڵەی تیرۆری شەهیدانی ڤییەنی خوێندەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا کامران باڵنوور، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا وتارێکی پێشکێش کرد کە لە گۆشەنیگایەکی یاسایی و حقووقییەوە باسی لە پەروەندەی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو دەکرد.

خوێندنەوەی پەیامی یۆنس حاجی، ئەندامی کومیتەی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ئەمریکا، پیشاندانی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کوردکاناڵ بە ناوی»نامەیەک بۆ شەهید دوکتور قاسملوو» لە نووسینی ناسر باباخانی و خوێندنەوەی برووسکەی لقی ٧ی پارتی دێموکراتی کوردستان و ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەمریکا چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون.

لە درێژەی ئەو کۆڕیادەدا ناسر باباخانی نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی، بابەتێکی لە ژێر سەردێڕی: «تاک، لە ئەندیشەی سیاسیی دوکتور قاسملوودا“ پێشکەش کرد و لە دوا بڕگەی بەرنامەکەدا بەڕێز کاک جەعفەر فەقێ نەبی شیعرێکی خاڵە قازی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

---

## ئاکسیۆنێک لە سویس بۆ مەحکومکردنەوەی تێرۆری دوکتور قاسملوو

لە ڕۆژی ١٣ی ژوئیە ی ٢٠١٧ هاوکات لە گەڵ ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری ناوداری کورد د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی، کۆمەلێک بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات لە شاری بێرن پێتەختی وڵاتی سوئیس خۆپیشاندانێکی بەربڵاویان لە یەکێک لە مەیدانە سەرەکییەکانی ئەو شارە وەرێخست. لەو ئاکسیۆنەدا سەرەتا کاک ساڵح محەممەدپوور، بە نوێنەرایەتیی خۆپیشاندەران چاوی بە دکتور ڕۆبێرت موولێر، بەرپرسی بەشی سیاسیی باڵوێزخانەی ئوتریش لە سویس کەوت و داوای خۆپیشاندەرانی گەیاندە ئەوێ. لەو داواکارییەدا هاتبوو کە ئەوەی جەرگبڕە جیا لە تێرۆری ڕێبەری هەڵکەوتوومان لەسەر مێزی وتووێژ دەوڵەتی ئوتریش دیپلۆمات تێرۆریستەکانی نێردراوی کۆماری ئیسلامیی ڕادەستی قانوون نەکرد نەکرد و بەرەو تاران ئێسکۆرتی کردن. خوێندنەوەی چەند بەیاننامە و پەیام و شێعر و درووشم، بڕیارنامەی خۆپیشاندەران، پەیامی کۆمیتەی حیزب و پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان، وتاری دوکتور جەمشید مووشەیەدی، بەرپرسی کانوونی پەنابەران چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ئاکسیۆنە بوون.

کوردستان
• ژمارە: ٧٠٦
٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٦ _ ٢٢ی جولای ٢٠١٧

# ٣٣٠ حاڵەتی پێشێلکرانی زبری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٧دا

کوردستانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٧ و لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵەشدا بەشی شێری لە سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بەستێنەکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابووری‌دا پێبرا.

بەپێی ئەو داتا و زانیاری‌یانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای خۆی تۆماری کردوون، لە ماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا زیاتر لە ٣٢٧ حاڵەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٧٩ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەوەندە کەسە ٣٧ کاسبکار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژراون و ٤٢ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار بوون و دەیان سەر ئەسپ و ئێستری ئەو کاسبکارانەش بە کوشت چوون و دەست بەسەر چەندین میلیارد تمەن بار و کەلوپەلیان داگیراوە.



هەر لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا ١٥٥ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگایی‌کرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ١٦ کەس لەوان حوکمی ساڵێک تا ١٥ ساڵ (سەرجەم ٧٧٩ مانگ) زیندان‌یان بەسەردا سەپاوە و بەندکراوێکی کوردیش سزای ئیعدامی بۆ بڕاوەتەوە. هەر لەو ماوەیەدا بەندکراوێکی کورد کە لە وڵاتی فینلاند ڕا سەردانی ئێرانی کردبۆوە و لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانەوە گیرابوو، بە شێوەی گوماناوی لە زیندان‌دا گیانی لە دەست داوە.

لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی ٢٠١٧ی زایینیدا ٣٨ بەندکراوی کورد کە بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی سڕکەر حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێران‌دا لەدار دراون؛ ئەوەش لە حاڵێک‌دا کە مەجلیس دەیەوێ بە پەسندکردنی قانوونێک سزای ئێعدام لەسەر ئەو تاوانانە هەڵبگرێ و سزای زیندان و جێگرەوەی دیکەیان لە بری ئەوە بۆ لەبەرچاو بگرێ. مەجلیسی شورای ئیسلامی بە ڕەسمی داوای لە دەزگای قەزایی کردوە هەتا یەکلابوونەوەی ئەو قانوونە دەست لە ئێعدامکردنی زیاتر لەو ٥ هەزار کەسە بپارێزێ کە لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە؛ بەڵام دەزگای قەزایی بێ‌گوێدانە ئەو داوایە لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدامەکان بەردەوامە.

لە ماوەی ئەم شەش مانگەی ساڵدا تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستان زیاتر لە ٤٥ قوربانیی وەرگرتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ١٧ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە.ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ



ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشتر بڵاوی کردبۆوە لە لە ماوەی ئەم سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵی هەتاویدا ٣٧ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ١٨ کاسبکاریان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژراون و ١٩ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار بوون.

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگە بەهارە دا ١٠٦ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون و کە ٩ کەس لەوان حوکمی ساڵێک تا ١٥ ساڵ (سەرجەم ٤٩٧ مانگ) زیندان‌یان بەسەردا سەپاوە.

لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا ١٥ بەندکراوی کوردیش کە بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی سڕکەر حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێران‌دا لەدار دراون و زیاتر لە ٢٢ کەسیش بوونەتە تەقینەوەی مین لە کوردستان.

ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو بەشەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە ڕاگەیەندراوە.

بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر و خشتەی ئەو پێشێلکارییە سەردانی چاونیوز، ماڵپەڕی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن:

www.chawnews.com

# تاران، داعش، کورد (بەشی سێهەم و کۆتایی)

## ڕەهەندی سێهەم: تێرۆریزم، ئاوەڵدوانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران



قادر وریا

ئەگەرچی تێرۆریزم وەک شێوازێکی نەرێنی بۆ بردنە پێشێی ئامانجی سیاسی، تەمەنێکی درێژی هەیە و زۆر بەر لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش لەشوێنە جیاوازەکانی جیهان لە لایەن دەوڵەتان و ڕێکخراو و گرووپی جۆراوجۆرەوە بە کار هاتوە، بەڵام لە ئێران لە گەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌دا، لە دیاردەیەکی بەکارهاتوو لە لایەن گرووپ و ڕێکخراوێکەوە، چووە ئاستێکی دەوڵەتی و لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا لە دایک بوو.

### گونجاویی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە گەڵ تیرۆر لە ڕووی باوەڕەوە

بە پێچەوانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کە خاوەنی ڕۆحێکی سەردەمیانەیە و، نێوەڕۆکێکی ڕزگاریخوازانە و دێموکراتیک و مرۆڤدۆستانەی هەیە و خوازیاری هاوژیانی لە گەڵ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ناوچە لە سەر بناغەی ڕێزگرتنی دوو لایەنەیە؛ ئایدۆلۆژیایەک کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەرهەم هێناوە، جگە لەوەی باوەڕی بە یەکسانیی نەتەوە و ئایینەکان و ئەم چەشنە هاوژیانییە نیە، لە نێوبردنی نەیار و بەرهەڵستکاری خۆی و حکوومەتی هەڵگری ئەم ئایدۆلۆژیایەش، بە ڕەوا دەزانێ. تەنانەت ڕەنگێکی پیرۆزی داوە بە هەر چەشنە توند و تیژی و لە نێوبردنێک کە خزمەتی مانەوەی ڕێژیمی هەڵگر و پەرەپیدەری ئەو ئایدۆلۆژیایە دەکا. بەم پێیە لە ڕووی باوەڕ و ڕوانینەوە، ئەم ڕێژیمە نەک هەر ناتەباییەکی لە گەڵ تێرۆریزم نیە بەڵکوو لە پێناوی مانەوەی خۆیدا بە ڕەواشی دەزانێ. دیارە لێرە دا باسەکەی ئێمە لە سەر تیرۆریزمە هەر بۆیە تەنیا باس لە ناوەرۆک و کارنامەی تیرۆریستیی ئەو ڕێژیمە دەکەین، ئەگینا شێوە نەرێنییەکانی دیکەی لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکاران و جیابیرانیش، لە گەڵ باوەڕ و ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمە، هەر گونجاو بوون و بە ڕەوا زانراون. بۆیەش لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا، بە شێوەیەکی ئاسایی و بێ دوودڵی بەکار هێنراون کە کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتوانی دەیان گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە کۆمەڵکوشتنی هەزاران بەندیی سیاسیی ئێران، نموونەی هەرە دیاریانن.

### بەکارهێنانی تیرۆر لە دوو بیاڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی‌دا

مێژووی پەنابردنی پێشەنگان و دامەزرێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ تیرۆر، دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنیان. دوای ئەوەش کە دەسەڵاتی وڵاتی ئێرانیان گرتە دەست، شانبەشانی کەلکوەرگرتن لە شەڕ و سەرکوت بۆ لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆیان، بە کارهێنانی»تیرۆر»یشیان کرد بە بەشێکی هەمیشەیی و دانەبڕاو لە سیاسەت و دەسەڵاتدارەتییەکەیان. دیارە هەر بەوەش نەوێستان کە لە نێوخۆی وڵاتدا ئەم ئامرازە بۆ لە نێوبردنی نەیاران بە کار بێنن بەڵکوو لە دەرەوەی وڵات، چ بۆ لە نێوبردنی پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشوو(پەهلەوی) یا کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و چ بۆ زەبر وەشاندن لە بنکە و هێزی نیزامیی هێندێک وڵات، کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام دا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر وا کە ڕاشکاوانە بانگەشەی سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی دەکرد و داوای لە خەڵکی هێندێک وڵات دەکرد ڕێژیمی وڵاتەکەیان بڕووخێنن و شتێکی لە چەشنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوێ دامەزرێنن، لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەشی‌دا، هەوڵی دروستکردنی گرووپ و تاقمی بەرهەڵستکار لەو وڵاتانەی دەدا و سەخاوەتمەندانە یارمەتیی ماڵی و چەک و تەقەمەنیی پێ دەدان. بەشێک لە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆشی لە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا و هێندێک وڵاتی دیکە، بە هۆی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە جێبەجێ دەکرد. ئەم سیاسەتە، هەتا ئێستاش بەردەوامە و ئەگەر لە ڕواڵەت و شێوەی بردنە پێشیشی‌دا جیاوازییەکی بە سەر هاتبێ، لە ئامانج و جەوهەرەکەی‌دا، گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە.

بە گەشتێکی خێرا بە نێو ڕۆژژمێری کردەوە تیرۆریستییەکانی جیهان لە ماوەی ٤ دەیەی رابردوودا، تووشی دەیان کەیس دەبین کە لە سەرێکەوە یا لە چەند سەرەوە، دەگەنەوە ڕێژیمی ئێران و کۆماری ئیسلامی بە دەست تێداهەبوونیان تاوانبارە. زۆر لەو کەیسانە، دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تێر و تەسەلی وڵاتان و وەدەستخستنی بەڵگەی حاشالێنەکراو و تەنانەت گرتنی ئەنجامدەران و دانپیدانانی ئەوان، مەحکوومیەتی ڕێژیمی ئێرانیان لێ کەوتووەتەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دژی وڵاتانی دیکەدا، پەنای دەبردە بەر شوێنەونکە و پارێزی پێویست. ئەگینا لە ڕەوتی تیرۆر و لە نێوبردنی نەیارانی ئێرانیی خۆیدا (لە هەر جێیەکی دنیا بووبێ) ئەوەندەی پارێز و شاردنەوە بە پێویست نەزانیوە. هەر بۆیەش لە یەکەم بەدواداچوونەکانی پۆلیس و دەزگای قەزایی وڵاتانی ئورووپایی لە زۆر کردەوەی تیرۆریستیی دژ بە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک شاپوور بەختیار، د.کازم ڕەجەوی، د.عەبدولڕەحمان برووومەند، د.قاسملوو و هاوڕێیانی، د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی، بە هاسانی شوێنپێی ئێران هەڵگیراوە و ئەنجامدەرانیان ناسراون و تەنانەت هێندێکیشیان گیراون.

### شەڕی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ داعش لە سەر چی؟

سەردەمانێک کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە وەک گەورەترین و پڕمەترسیترین ڕێکخراوی تیرۆریستی، لە گەڵ ڕۆژاوا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژاوا لە شوێنەجۆراوجۆرەکانی جیهان لە شەڕدا بوو، پرسیاری هەرە گرنگ ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە بەرەی شەڕی جیهانی دژی ئەلقاعیدە دایە یا لە ژێرەوە لە گەڵ ئەو ڕێکخراوە، ساتوسەودا و هاوکاریی هەیە؟ لە دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١ دا، بە تایبەتی ئەو کاتەی ئەلقاعیدە هێشتا لە ئەفغانستان وەدەرنەنرابوو، زۆر هاتوچۆی فەرماندەران و ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ئەفغانستان و هەروەها زۆر لەو هێزە مرۆییەی لە سووریە و عێراقەوە بۆ هەڵگرتنی چەکی داعش دەچوونە ئەفغانستان، لە ڕێگای ئێرانەوە بوو. میدیاکانی جیهان هەر ئەو کات زۆر زانیاریی سەرنجڕاکێشیان لە بارەی جموجۆڵ و پووڵ ڕاگواستنی ئەلقاعیدە لە ڕێگای وڵاتی ئێرانەوە بڵاو دەکردەوە. هیچ شارەزا وخاوەنڕایەکیش پێی وا نەبوو، ئێران لەو جموجۆڵ و هاتوچۆیانە لە نیو خاکی خۆیدا غافڵە، بەڵکوو پێیان وابوو جۆرێک ڕێککەوتن هەیە لە نیوان ئەلقاعیدە و ڕێژیمی ئێران‌دا. تێگەیشتن لە هۆی سازانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەلقاعیدەش زەحمەت نەبوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چی دژی ڕێکخراوێک بێ کە لە گەڵ ئەمریکا لە شەڕ دایە؟ مەگەر ئەو ڕێژیمە هەموو کات ئەمریکای بە گەورەترین دوژمنی خۆی نەزانیوە؟ ئێستا بۆ چی دەبێ دژایەتیی ئەم بەرهەڵستکارەی ئەمریکا بکا؟ ئەو گرووپە توندڕەوانەی هەر لەو ساڵانەدا، لە ئەفغانستانەوە هاتنەوە سنووری هاوبەشی ئێران و باشووری کوردستان و کەوتنە زەبر وەشاندن لە خەڵکی سڤیل و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمینترین دراوسێیان، کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی سەرەکیشییان لە شەڕفرۆشتن بە حکوومەتی هەرێم، هەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. جگە لەوەی هاتوچۆیان بۆ ئەفغانستان لە ڕێگای ئێرانەوە بوو، کاتێکیش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ٢٠٠٣ هێرشیان کردە سەر عێراق و ڕێژیمی سەددام حوسێنیان ڕووخاند و لە کوردستانیش بنکەکانی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانەیان دایە بەر هێرشی بۆمب ومووشەکانی خۆیان، بۆ نێو خاکی ئێران پاشەکشەکەیان کرد و لەوێ گیرسانەوە.

ئەگەر داعشیش وەک ئەلقاعیدە هەر لە گەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕ دابایە و ناوچەی دەسەڵاتدارەتیی دەوڵەتان و وڵاتانی هاوپەیمانی شیعەمەزهەبی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نەخستبایە ژێر دەستی خۆی و هیلالە شیعییەکەی باریکتر نەکردبایەوە، ڕێژیمی ئێران شەڕێکی لە گەڵ داعش نەبوو. بەڵام کاتێک داعش و بە گشتی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییە سوونەکان لە سووریە تەنگیان بە ڕێژیمی ئەسەد، هاوپەیمانە لەمێژینە شیعەکەی ئێران هەڵچنی و لە عێراق، موسڵ و تکریت و ڕۆمادییان لە دەست دەوڵەتی مالیکی و ئەرتەشەکەی دەرهێنا و لە بەغدا نزیک بوونەوە، کۆماری ئیسلامی کێچی کەوتە کەوڵی. ئەم جار ئەو نیگەرانییە دایگرت کە نەک هەر لە وڵاتانی دراوسێ و هاوپەیمان‌دا، بەڵکوو لە نێوخۆی ئێرانیش دا لەگەڵ شەڕی داعش_ یا چالاکی و بەرهەڵستی خوازیاران و پشتیوانانی داعش لە دژی خۆی_ بەرەوڕوو بێ.

### بەرپرسیار و تاوانباری یەکەم لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی گرووپە توندڕەوەکان لە ناوچەدا

ڕێژیمی ئێران، ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ، کاریگەریی هەبووە لە سەر سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەو گرووپانەی بە تەکفیری و تیرۆریستی ناویان دەبا، ئەمەش نەک هەر لە ئاستی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەش دا وایە. ئەو کاتانەی ئەو گرووپانە، ڕووی کردەوە و چالاکییەکانیان لە ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان دابووە و کاریان بە سەر ڕێژیمەکان و گرووپەکانی هاوپەیمانی ڕێژیمی ئێرانەوە نەبووە، کۆماری ئیسلامی لە گەڵیان لە ساتوسەودا دا بووە، هەوڵی داوە لە دژی ئەمریکا و ڕۆژاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان بە کاریان بێنێ و، لە ڕێگای هاوکاری و پشتگیریی کردنیان، باڵانسەکە بە زیانی حزوورو نفووزی وڵاتانی ڕۆژاوایی و هاوپەیمانەکانیان لەو ناوچەیە و بە زیانی بەرەی دیموکرات و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و پێشکەوتوو، بگۆڕێ و بەم جۆرە لە مانەوە و جێ پێ قاییمکردنیان دا یارمەتیدەریان بووە .

کاریگەرییەکی دیکەی ڕێژیمی ئێران لە سەر سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەو گرووپە توندڕەوە سوننیانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی خەڵک و هێزە سوننە مەزهەبەکان، لە ئاستی ئێران و ناوچە دا، بەڕێوەی بردوە و بەڕێوەی دەبا. ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی ئێران‌دا بە باڵادەستکردنی مەزهەبی شیعە و شیعە مەزهەبەکان لە هەموو بوارێک دا و بە گرتنەبەری زەقترین هەڵاواردنی ئایینی، بووە بە هۆی پەراوێزخستنی سوننە مەزهەبەکان و بێزارییان لە دەسەڵاتی حاکم. هەر بەم جۆرە لە عێراق و سووریە و لوبنان وهتدیش لە لایەک بە پشتگیریی هەمە لایەنە و بێ ئەم لاو ئەو لا لە دەسەڵات و گرووپە شیعییەکان و چاوپۆشی لەتاوانەکانیان دەرحەق بە هاونیشتمانانی خۆیان، لە لایەکی دیکەش بە پشتیوانی لە سیاسەتی لە پەراوێزخستنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە غەیرە شیعییەکان، ڕێخۆشکەر بووە بۆ سەر هەڵدانی توندڕەوی و گەشانەوەی ئاگری ناکۆکیی مەزهەبی و پێکهاتنی گرووپ و ڕێکخراوی توندڕەو لە نیو سوننی مەزهەبەکان دا.

### ئەنجام:

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە، بە تایبەتی لە قبووڵنەکردنی ئایین و مەزهەبی دیکە و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ نەیارانی‌دا، جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ ئەو ئایدۆلۆژیایە نیە کە ئەلقاعیدە و داعشی بەرهەم هێناوە. ئەو شێوازە توند و تیژانەش _یەک لەوان تێرۆر و تۆقاندن_ کە ئەو گرووپە توندڕەوانە بۆ سڕینەوە و لە نیوبردنی نەیارانی خۆیان بە کاری دەهێنن، لە کۆماری ئیسلامی‌دا لە مێژە بە کار هاتوون. جیاوازییەکە تەنیا لە پلە و فۆڕمی جێبەجێکردنی ئەو شێوازانە دایە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی شێوازێکی شاراوە و تا ڕادەیەک نەرمترلە ئەلقاعیدە و داعشی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ دەوڵەتان و وڵاتانی جیهان و خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا گرتووەتە بەر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ستاتووسەی وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی هەیەتی و ناچارە تا ڕادەیەک ڕەچاوی بکا. ئەمەش تەواو جیاوازە لەو باوەڕ و بایەخانەی کە ڕێنوێنی نەتەوەی کوردن. هەم لەو شوێنانەی نەتەوەی کورد خاوەن حکوومەت و دەسەڵاتدارەتییە، هەم لەو جێگایانە کە ئیرادەی ئەو نەتەوەیە لە شێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازدا خۆی دەنوێنێ، بە کردەوە سەلماندوویە کە شتێکی بە تەواوی جیاواز لە دوو جەمسەرەکەی دیکە(تاران و داعش)ە. ئەوەش کە لەو نێوەدا تەنیا نەتەوەی کوردە کە لە نیو هاوپەیمانیی جیهانیی دژە تیرۆر دا، خۆی دیوەتەوە و دنیای شارستانی و مرۆڤایەتی وەک بەشێک لە خۆی سەیری دەکاو، دوو جەمسەرەکەی دیکە، هەر وەک سەرچاوەی تیرۆریزم لە ئاستی جیهان دا سەیر دەکرێن، دەیسەلمێنێ کە داعش و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە یەک قوماشن و کورد، شتێکی دیکەیە.

# کوردستانی ئێران؛ قاسملوو و بۆسەی ڤییەن


کریس کۆچێرا

ڕۆژی ١٣ی ژووئیە، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردی ئێرانیی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە دوو گولله کە لەسەری دران، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی لە باڵەخانەیەکی ڤییەن کوژرا.

قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی دەکرد. دە ساڵە سوپای ئێران شەڕی بەسەر «پێشمەرگە»کاندا سەپاندوە.

دوای زنجیرە پێوەندییەک لەنێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و بەرپرسانی ئێتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە دیسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩دا، قاسملوو پێوەندیی بە مەئموورانی ئێرانەوە دەگری، یەکێک لەوان محەممەد جەعفەر سەحرارودی، جێگری ئێتتیلاعاتی بەشی دەرەوەی سوپای پاسداران لە کوردستانی ئێرانە کە لەوەختی تەقەکردنەکەدا بریندار دەبێ و لە نەخۆشخانە دەخەوێندرێ، پۆلیسی ئوتریش ڕێگای دەدا لە نەخۆشخانە بچێتە دەرێ و پەنا بەرێتە بەر باڵیۆزخانەی ئێران لە ئوتریش و دوایە ڕۆژی ٢٢ی ژووئیە خاکی ئوتریش بەرەو ئێران بەجێ بێڵێ. کەسی دووەم، بوزورگنیا [ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگنیا] لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێ و بۆماوەیەک لە گرتووخانەی پۆلیس دەبێ و دوایە حوکمەکەی هەڵدەوەشێ و دەگەڕێتەوە تاران. سێیەمین کەس، حاجی مستەفا لاجیوەردی، سەرۆکی سرویسی ئێتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێرانە کە توانی بێ گیروگرفت ئوتریش بەجێبێڵێ.

**بەڵگەیەکی ناوازە**

وتوویژ لەنێوان نێردراوانی تاران و ڕێبەرانی کورددا لەلایەن بەشدارانەوە تۆمار کرابوو. پۆلیس کاسێتەکانی لەدەستدا بوو،و دوایە دابوونی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆخۆی ڕێگای پێداین گوێیان لێبگرین. ئەمە بەڵگەیەکی ناوازەیە. بەبێگومان عەبدوڕڕەحمان قاسملوو هەرگیز ئاوا بە دڵسۆزییەکی وەستایانە تێگەیشتنی خۆی لە خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردۆتەوە.

پرسیار و وەڵامەکانی لایەنی ئێرانی کە بەدڵنیایی پێیان وا بوو هەرگیز ئاشکرا نابن، بەجۆرێک شێوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی مێشکی ئەوان نیشان دەدا و دەریدەخا کە چەندە لەنێوان تێگەیشتنی سیاسیی مۆدێڕن و بیروباوەڕی خەلیفە عەلیدا لە هاتوچۆدان.

پرسیار ئەوەیە داخوا پیاوکوژەکان پاش ئەوەی قسەی کوردەکانیان بیستوە بڕیاریان داوە بیانکوژن، یان لەجێدا بڕیاری کوشتنەکە پێشتر دراوە؟ تەنیا پرۆسەی دادگاییکردنی پیاوکوژەکان دەتوانێ وەڵامی ئەم بابەتە بداتەوە.

بەخوێندنەوەی دووبارەی ئەم بەڵگە ناوازەیە، دەکرێ ئەم سیناریۆیە پێشبینی بکرێ: کاربەدەستە ئێرانییەکان نەک هەر دەیانزانی کە حیزبی قاسملوو و بزووتنەوەی کوردی ئێران بە زەبرەکانی سوپای ئێران و لەتبوونی تازە لە ساڵی ١٩٨٨دا زۆر لاواز بووە، بەڵکوو دەیانزانی کە ویستی قاسملوو گەیشتن بە چارەسەرێک لە ڕێگای وتووێژەوە بوو، ڕەنگە ئەوان هیوادار بووبن کە قاسملوو بە هەنگاوێکی نیوەچڵ ڕازی بێ: قانوونیکردنی حیزبەکەی. بەڵام قاسملوو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە خودموختاریی کوردستانی ئێران بەرەسمی لەلایەن ڕێبەرانی تازەی ئێرانەوە (خومەینی ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کرد)، ڕابگەیەندرێ. شەوی ١٢ی ژووئیەی ١٩٨٩ مەئموورانی ئێران دوای یەکەم وتووێژ دەگەڵ قاسملوو، لەکاتی پێوەندی لەگەڵ بەرپرسەکانیان لە تاراندا فەرمان وەردەگرن کە «بیانکوژن».

«سلام علیکم»، سەحرارودی ڕادەگەیەنێ: «ئێمە پێکەوە بڕیارمان دا کە ئەم دیدارە دەبێ بەتەواوی نهێنی بمێنێتەوە، چونکە دوژمنان نایانەوێ ئەم مەسەلانە چارەسەر بکرێن». لەدرێژەدا سەحرارودی بەڕاشکاوی دەڵێ: تەنانەت لەنێو دەوڵەتی ئێرانیشدا کەسانی وا هەن کە نایانەوێ ئەم جۆرە دیدارانە هەبن و لەنێو دەزگای بەڕێوەبردنی حکوومەتیشدا مومکین نیە بەئاشکرا لەوبارەیەوە قسە بکرێ.

عەبدوڕڕحمان قاسملوو ڕاستەڕێ باسی ئەسڵی بابەتەکە دەکا: «لە دیدارەکەی پێشوودا ئێمە قامکمان خستە سەر دوو خاڵی بنەڕەتی یەکیان قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری و دووەمیش ئیجازەی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لە وڵاتدا. ئێوە وەڵامتان دایەوە کە ئێستا ڕێبەرانی دەوڵەت موافیقی ئەسڵی خودموختاری نین، لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی بە درێژی لەوبارەیەوە باسمان کردوە کە داخوا پێشمەرگە دەبێ چەک بکرێ یان نا؟ دەفتەری سیاسی بەو ئاکامە گەیشت کە مومکین نیە پێشمەرگە چەک بکرێ. ئێوە باش دەزانن کە پاش دەساڵ شەڕ و ئەو هەموو قوربانییە، ئەسڵی خودموختاری بۆ ئێمە گەڕانەوەی بۆ نیە. بە زمانێکی دیکە، ئەگەر ئێوە نێوەرۆکی ئەسڵی خودموختاریتان قبووڵە چ ترسێکتان لە بەکاربردنی ئەم وشەیە هەیە؟» (قاسملوو هەروا پێ لەسەر ئەسڵی ئۆتۆنۆمی دادەگرێ و نیشان دەدا کە پیاوێکە هەرگیز ئامادە نیە دەست لە ئەسڵی خودموختاری هەڵبگرێ). «بەرەی من بەرەی دێموکڕاسی و خودموختارییە» هەرلەوکاتەدا قاسملوو بەردەنگەکانی بۆ وتوویژ لەگەڵ خۆی بانگ دەکا و هۆشدار دەدا کە: «بەدڵنیایی ئەگەر مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ دەبێتە هۆی برەوپەیداکردنی دروشمی سەربەخۆیی». لێرەدا سەحرارودی دەست بە قسە دەکا: «یەکەمین جارە کە لەنێو خۆماندا لەبارەی بۆچوونی ئیسلام بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی قسە دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەری مەسەلەکانمان نە چاو لە خۆرئاوا دەکەین نە لە خۆرهەڵات بەڵکە حیساب لەسەر خۆمان دەکەین و لەو بارەیەوە ئامادەین بۆ گەیشتن بەدڵخوازەکانمان خۆمان بکەینە قوربانی.

لێرەدا قاسملوو دێتە نێو قسەکانی و دەڵێ : «ئەوکۆسپانەی بۆ ڕانەگەیاندنی ڕەسمیی خودموختاری ژماردتن منیان قانیع نەکرد» و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «ئێستا وەختی ئەوە هاتوە کە خامەنەیی و ڕەفسەنجانی کە نوێژی هەینی بەڕێوە دەبەن، مەسەلەی خودموختاری لە نوێژی هەینیدا ڕابگەیەنن». قاسملوو لێرەدا بەدرێژی تێگەیشتنی خۆی لە خودموختاری شی دەکاتەوە: « بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی هەن: یەکەم خودموختاری کە بەمانای لابردنی دەسەڵاتی مەرکەزی [واتە دابەشکردنی دەسەڵات]ـە، دووەمین مەسەلەی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردییە، زمانی کوردی دەبێ زمانی ڕەسمیی ناوچەی کوردنشین بێ، سێیەمین مەسەلە دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە، لەم بارەیەوە دەبێ هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و بەتایبەتی ویستی خەڵکی ناوچەکە لەبەر چاو بگیرێ، و چوارەمین مەسەلەش، ئەسڵی دابینکردنی ئەمنیەتی ناوچەی کوردنشینە کە دەبێ بەدەست کوردەکانەوە بێ. ئەمانە ئەو چوار ئەسڵە گرنگەن کە ئێمە پێیانەوە پابەندین و شتێکی لەوە زیاترمان ناوێ. ئێمە لەبارەی جێبەجێکردنی ئەمانەوە زۆر واقیعبینین و بۆنموونە، دەزانین کە لە دیاریکردنی سنوورەکاندا، حەتمەن هێندێ ناکۆکی پەیدا دەبێ، بەڵام ئەگەر بناخەکە چارەسەر بکرێ کورد لەسەر وردەکارییەکان ئامادە نین شەڕ بکەن.

پاشان قاسملوو ئاکام وەردەگرێ کە: «گۆڕینی وشەی خودموختاری مومکین نیە. ئەم وشەیە بۆ گەلی کورد بارێکی ئیحساسی، مێژوویی هەیە. ئەمە سیمبولێکە. ئەگەر ئێوە نێوەرۆکی ئەم خودموختارییە قبووڵ دەکەن بۆچی پێ لەسەر گۆڕینی ئەم وشەیە دادەگرن؟ کاتێک ئێوە دەقێکی پیرۆز لە ئیسلامدا دەخوێننەوە بە «بسم الله الرحمان الرحیم» دەست پێدەکەن و وشەی خودموختاری بۆ ئێمە وەک «بسم الله الرحمان الرحیم» بۆ ئێوەیە. ئێوە خودموختاریتان قبووڵە بەڵام «بسم الله الرحمان الرحیم» نا».

لێرەدا وتووێژکەرە ئێرانییەکان دەڵێن کە لەوبارەیەوە دەبێ پێوەندی دەگەڵ تاران بگرن و بۆکاتی دیداری دواتریش سبەینێ بە تەلەفون خەبەر دەدەنەوە، ئەمە لەحاڵێکدا بەم قسانە هیوایەکی زۆر لەلای کوردەکان دروست دەکەن.

لە دیداری دواتردا ڕۆژی ١٣ی ژووئیە، سەحرارودی دەڵێ پێوەندیی دەگەڵ «برادەران»ی تارانی گرتوە. «دوێنێ ئێوە گوتتان ئیمامانی نوێژی هەینی لە نوێژی جومعەی تاراندا لەبارەی خودموختارییەوە قسە بکەن، لێرەدا هێندێ گیروگرفت هەن، پێشنوێژ دەتوانێ قسە لەگەڵ خەڵک بکا بەڵام دەبێ بڵێم کە لەبارەی هێندێ مەسەلەوە ئێمە بۆچوونی جیاوازمان هەیە».

سەحرارودی لەبارەی ئەوەی لەنێو حکوومەتدا مەسەلەکان چۆن ڕایی دەکرێن دەست دەکا بە درێژدادڕی و دەڵێ: «دیارە ئێمە هێندێ گیروگرفتمان هەن، بۆ وێنە لەبارەی نەخشی بازاڕەوە دەیان ساڵە تووشی ئەو باسەین کە هێندێک پێیان وایە نابێ دەستی بازاڕ لە کۆنترۆڵی ئابووریدا ئاوەڵا بکرێ، و دەبێ هەژاران وەک چینێکی ژێردەست ببینرێن. ئەمەش ڕۆژگارێک بوو کە هێشتا ئیمام مابوو و بەوە کە گوتی ئیسلام لایەنگری سەرمایە نیە، مەسەلەکەی چارەسەر کرد. هەروا ئەوە کە نەخشی ئیسلام کۆنترۆڵی دەوڵەت نیە، بەڵکوو نێوبژیوانە. ئەم سێیەمین بۆچوونەش نەزمی خۆی هەیە، لێرەدا دەمەوێ نموونەی بازرگانیی دەرەوەتان بۆ بێنمەوە کە سێ جار مەجلیس ڕەتی کردەوە و بەناچار مەسەلەکە درا بە ئەنجومەنی بەرژەوەندی [کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام].

ئێستا بێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری.. ئەمەش ڕاست وەک مەسەلەی ئابوورییە کە دوو بۆچوونی لەبارەوە هەیە: یەکێک پێیوایە کە ڕاست وەک سەردەمی حەزرەتی عەلی (زاوای پێغەمبەر، خەلیفەی چوارەم)... کە وەک خەلیفەی موسوڵمانان حکوومەتی دەکرد بەڵام هێندێ ناوچە هەبوون کە ناویان ویلایەت (پارێزگا) بوو، کە «والی» (فەرمانڕەوا) کان دەسەڵاتێکی پتر لە خودموختارییان هەبوو. بەڵام ڕایەکی دیکە هەیە کە دەڵێ ئەمە پێوەندیی بە سەردەمی حەزرەتی عەلییەوە هەیە و ئەمڕۆ هەلومەرج گۆڕاوە. ئێمە لە گەمارۆی دوژمنان داین، وڵاتانی ئەندامی ناتۆ، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری بە ناوچەیەکی دیاریکراو ببرێتەوە و هەوڵ دەدەن پەل بۆ هەموو جێیەک باوێژن و سەرەنجام بگاتە جیابوونەوە. کەوایە خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە بتوانی بە ڕاگەیاندنی لە نوێژی هەینیدا چارەسەری بکەی. مەسەلەی دووەم ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕات لەحاڵێکدا دەیەوێ مەوقیعییەتی ئێستا بپارێزێ، هەر لەوحاڵەدا داخوازی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە، بەڵام ئەمە شتێکە کە بەباوەڕی من بۆ قبووڵکردن نابێ». لێرەدا سەحرارودی دووبارە میکانیزم و کارکردی کۆماری ئیسلامی بە درێژی شی دەکاتەوە: «بۆنموونە لەبارەی پێوەندییەکانی دەرەوە، پێش بڕیاردان چەند ساڵ قسەی لەبارەوە کرا. بۆ وێنە بۆ پچڕاندنی پێوەندی دەگەڵ ئەمریکا، یان دامەزراندنی پێوەندی دەگەڵ شووروەوی تەنیا بڕیاری تاقەکەسێک نەبوو، بەڵکوو دوو یان سێ و تەنانەت دەساڵی پێچوو کە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تازە لە شووروەوی بڕیارمان دا پێوەندیی لەگەڵ دامەزرێنین. بۆ وای لێهات؟ چونکە دەگەڵ ئەفغانستان، پاکستان، وڵاتانی خەلیج و دەگەڵ خۆرئاوا گیروگرفتمان هەبوو. بەمجۆرە لە مەسەلەی خودموختارییشدا دەبێ ساڵانێکی دوورودرێژ قسە بکرێ و دڵنیام کە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەو خودموختارییەی ئێوە دەتانەوێ قبووڵ ناکرێ». ئەو نۆرەقسە دەداتە حاجی مستەفەوی.

حاجی مستەفەوی: «بسم الله الرحمان الرحیم..... حیزبە کۆمۆنیستەکان تیۆریی خۆیان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیی ستالین دادەنێن. عەرەبەکان دەڵێن: ئەمەش ڕوانگەی ئێمە. حیزبە سۆسیال دێموکڕاتەکان ڕێگای خۆیان هەیە بەڵام حکوومەتی ئیسلامی هەتا ئێستا لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتییەوە هیچ لێکدانەوەیەکی نەبووە. ئەگەر بتوانین کۆماری ئیسلامی بێنینە سەر لێکدانەوە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێ. لە ئیسلامدا لەلای پێغەمبەر و جێنشینەکانی سوننەتێک هەیە، هیوادارم لەسەر ئەم مەسەلەیە ساغ بنەوە و بگەنە ڕێگاچارەیەک لەنێوان سوننەت و ئەو شتەدا کە ئێوە داوای دەکەن...» لێرەدا قاسملوو دەست بە قسە دەکا و موخالەفەتی خۆی دەگەڵ بیروڕای بەردەنگەکانی ڕادەگەیەنێ.

«ئێوە دەڵێن مەسەلەی بنەڕەتی نەک مەسەلەی خودموختاری بەڵکوو پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکڕات و کۆماری ئیسلامییە. ئێمە بۆ چارەسەری مەسەلەی خودموختاری هاتووینە ئێرە». قاسملوو بە درێژی ڕوونی دەکاتەوە کە مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانێ شێوەی جۆراوجۆر بۆ وێنە سەربەخۆیی، فیدراڵیزم و خودموختاریی هەبێ. مەسەلەی ئێمە ئەوەیە بزانین کە بە هەرحاڵ کۆماری ئیسلامی نیازی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی هەیە یان نا و ئەگەر هەیەتی دەیەوێ بە چ شێوەیەک جێبەجێی بکا. داخوا دەیەوێ خودموختاری بدا یان فیدراڵیزم بەرقەرار بکا و یان سەربەخۆیی قبووڵە؟ ئێمەی کورد چارەسەری مەسەلەکەمان لەسەر لانیکەم واتە خودموختاری داناوە. دەتوانین فیدراڵیزمیش قبووڵ بکەین. دیارە بەباوەڕی من لە سەرەتای ئیسلامدا جۆرێک فیدراڵیزم هەبوو. باشترە فیدراڵیزم هەڵبژێرین و بۆ نموونە یەکیەتیی کۆماری فیدراڵی ئێران پێک بێنین. ئێستا کە ئێوە نە سەربەخۆییتان قبووڵە، نە فیدراڵیزم و نە ئۆتۆنۆمی مانای ئەوەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکەن».

پاشان ئاکام وەردەگرێ کە لەوانەیە «سبەینێ ناوچەیەکی دیکە لە ئێران داوای خودموختاری بکا، کەوایە دەبێ ئازایانە مەسەلە نێوخۆیییەکان بەپێی «اصول» چارەسەر بکرێن و قانوون لەبارەی هەمووانەوە بەڕێوە بچێ. ئەگەر ئەمڕۆ نەمانەوێ ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین سبەینێ لە وڵاتدا بێسەرەوبەرەیی دروست دەبێ». دوای باسێکی کورت هەردوو لا وادەی دیدارێک بۆ ڕۆژی دواتر دیاری دەکەن. فازیل ڕەسووڵ نێوبژیوانی کوردی عێراقی ئاکام لە وتووێژەکان وەردەگرێ و دەڵێ: «یان هەر ئێستا ڕێکدەکەون و باس و وتوویژ بێشەڕ درێژەی دەبێ، یان بە درێژەدانی شەڕ وتوویژ بەرەوپێش دەبەن. بەباوەڕی من باشترە هەر ئێستا ڕێکبکەون. ئێستا بۆ ئەم کارە وەختێکی باشە، لەحاڵێکدا سێ ساڵ دواتر بارودۆخ دەگۆڕێ و پارسەنگی هێزەکان تێکدەچێ و ئیدی هەلومەرج دەگۆڕێ».

ئەمانە دوا وشەن کە دەبیسترێن، و هەرلەوکاتەدا دەنگی وێککەوتنی مێز و کورسییەکان دێتە بەر گوێ و دەنگی کپی هاوێژرانی چوار گولله و ئیدی هیچ...

لەحاڵێکدا دراوسێیەکان بە ئاگاداریی سەحرارودی کە بۆخۆشی بریندار ببوو، پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکەن، پۆلیس دێتە ئاپارتمانەکە و سێ تەرم دەدۆزێتەوە.

***


(لۆمۆند، یەکەمی ژانویەی ١٩٩٨)

(فرانکفۆرتێر- ئالگمانیە. ١٩ی ژانویەی ١٩٩٨)

(دێر ستاندارد، ٣٠ی ژانویەی ١٩٩٨)

وەرگێڕان [بۆ فارسی] سوهەیلا قاسملوو ١١ی ژوئەنی ٢٠١٧

وەرگێڕان بۆ کوردی «کوردستان»



## کوردستان لە یادی ڕێبەریی شەهیدی، نەمر قاسملوودا

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کوردستان لە ٢٨ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملووی ڕێبەر بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، چالاکیی تەبلیغییان کرد و بەو چالاکییانە لەگەڵ یادی هەرمان و باوەڕە مەزنەکانی قاسملووی ڕێبەر پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.

**سەردەشت و ڕەبەت**

پشت مەیدانی فوتباڵی گردەسوور، دەورووبەری گەڕەکی ئاشان و شەقامی پادگان، ڕەبەت، گوندەکانی سیسێر، نستان، بنوخەڵەف و جادەی بنوخەڵەف، هەروەها دەبیرستانی «شبانە روزی» و دەوروبەری هونەرستان فەننی حرفەیی و چەندین شوێنی بەرچاو لە ڕەبەت.

**دیواندەرە**

شەهرەکی بێهداشت، جادەی سەرقەڵا، پارکی میللەت، سەرەوەی پاری میللەت، مزگەوتی خومەینی، سەرەوەی پارکی میللەت، شەقامی ١٦ میتری، شەهرەک و باشگای ئەندیشە، مەسکەنەکانی فازو ئەندیشە، گەڕەکی زۆراوا، شەقامی ساحلی، مەیدانی بەسیج، دەروازەی هاتنە نێو شار، دەورووبەری مزگەوتی سەلاحەدینی ئەیووبی، شارەکی ئەندێشە، تەپەی شێر عەلی و زۆرێک لە کۆڵان و بازار و ماڵان

**شنۆ**

گوندی شێخان و سەر جادەی ئاوایی، شێخان و گوندی دوڕوو، گوندی پووشاوێ، سەدی چەپەڕاوێ، گوندی باب خالاوێ

**پیرانشار**

شەقامی کاسکەران، خوارووی دادگا، کەمەربەندی، فەلەکەی سەردەشت، شەهرەک و کۆنەخانێ، گەڕەکی زرگتن، دەوروبەری مزگەوتی جامیعەی قەدیم، شەقامی مەلا ڕەزا، دەوروبەری کانیی کۆنەخانی، مزگەوتی کەهەف، دەوروبەری شەقامی محەممەد هەوراز، دەوروبەری مەدرەسەی کارو دانش، مزگەوتی مام خەلیل، شەقامی کەمەربەندی، کانی جۆ، مەدرەسەی موتەهەری، شەقامی ساحلی، پارکی شارەداری و ئاواییەکانی کاسوورەدێ، زێوێیە، کۆنەلاجان، گەزگەسک، ئیمانابات، جەڕان

**تاران**

شارەکی قوودس، شەهریار، مەیدانی ئازادی، بورجی میلاد، فرۆکەخانەی مێهراباد، حەوزەی بەسیجی ٦٧ی خاوەران، بەسیجی کەرەج و مەنتەقەی زرنان کە زۆربەیان کوردانی سەر بە ئاینی «ئەلحەق»ن

**مهاباد**

پشتی ئیدارەی پۆست، سەداو سیما، سەر ڕێگای کەرێزەی شێخان و شیلانئاوێ، پارکی پەرەستار، وەفایی، کۆڵانەکانی هەشت میتری، گومرۆگی سەرێ و خوارێ، باغی مکاییل، فەرهەنگیان، موکریان، شەقامەکانی سلامەت و ئۆفۆق و جانبازان، گەڕەکی جامی جەم، گەڕەکی هەرمەنییان، ئێرانپەیما، گردی شاعیران، گلکۆی پێشەوا قازی محەممەد، مەیدانی سیمورغ، گوندی سەهۆڵان

**مەریوان**

نەوبەهار، بەهاران، مەردووخ و مەیدانی نەورۆز

**ئەیوان**

شارۆچکەی زەڕنە لە شەقامی ئیمام، بەخشداری زەڕنە، حەوزەی مقاوەمەتی بەسیجی زەڕنە و چەند گەڕەک و شەقامی دیکە لەو شارۆچکە

**بیجار**

زانکۆی پەیام نوور، گەڕەک و مزگەوتی ڕیخسییە، زانکۆی فەنن موهەندسیی گەڕووس، کەمەربەندی، شەقامەکانی سەدیق سلێمانی، پەرویز مرادی و فازل، مزگەوتی ئەمیرولموئمینین و جادە تیکاب.

**ڕوانسەر**

گەڕەکەکانی، مهاجرین، فەرهەنگیان، شەهرەکی وەیسی قەرەنی، زەمینی شاری و، شەقامەکانی کامران و بەهار.

**جوانڕۆ**

ئیدارەی ئاو، ئیدارەی تەعاون، دووڕییانی سەلاسی باوەجانی و شروێنە، دووڕییانی ڕوانسەر و پاوە، بازارچەی شوشمێ و چەند گوند و ئاوایی سەر بە شاری جوانڕۆ.

**سنە**

گەڕەکەکانی شارەکی ئەندیشە، نایسەر، حەسەنئاوا، شەریفاوای سەرێ و خوارێ، شارەکی سەعدی، غەفوور، جامی جەم، شارەکی زاگرۆس، ویلاشار، شارۆچکەی بەهاران و شارەکی ئاویەر. هەروەها گوندەکانی: کەڕەسی، تەختە، پەتیلەر، بەرزاو، شیان، تەوریوەر، هەشەمێز، گەنمان، کانی مشکان، کێڵانە و کەرجۆ، هەروەها گوندەکانی: کەڕەسی، تەختە، پەتیلەر، بەرزاو، شیان، تەوریوەر، هەشەمێز، گەنمان، کانی مشکان، کێڵانە، کەرجۆ.

# فشاری بێ ئامانی سیاسیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە ماوەی حەوتوویەکدا

«کوردستان»

هێشتا چەند ڕۆژێک لە بڕیاری کۆشکی سپی بۆ گەمارۆی خستە سەر چەند کاربەدەستی ئێرانی و ڕێکخراو و داموەزگای ئەو وڵاتە کە لە سوپای پاسداران نیزیکن نەگوزەرابوو کە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا تایبەت بە تیرۆریزمی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٦ بڵاو کرایەوە، ڕاپۆرتێک کە تێیدا هەوڵە تێکدەرانەکانی ئێران بەهۆی پاڵپشتیکردنی تاقمە تیرۆریستەکان بە توندی مەحکووم کراوە.

لەو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئێران پشتی ئەو تاقمە توندئاژۆ و تیرۆریستانەی گرتوە کە دژی ئیسرائیلن و لە لایەکی دیکەیشەوە بە ڕۆژی ڕوون و ئاشکرا هاوشانی تاقمە شیعە توندڕۆکانی عێراق و سووریە و یەمەنە و بە چەک و تەقەمەنی پشتیان دەگرێ و بە بیانووی ڕاوێژکاری سەربازی هێزێکی زۆری خزاندووەتە نێو ئەو وڵاتانەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێ ئێران لە ئەفغانستان و پاکستان چەکدار بەکرێ دەگرێ بۆ ئەوەی بچنە پاڵ تاقمە شیعەمەزەبەکانی نێو سووریە و عێراق و بە هەموو هێزییەوە پشتی بزووتنەوەی حیزبوڵڵای لوبنانی گرتوە.



ئەمریکا کە تەنیا دوو ڕۆژ پێش بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە، پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنی ناوکیی ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا گەماری نوێی خستە سەر ئێران و هەڕەشەی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد چیتر بە خۆتێوەگلاندن لە کاروباری وڵاتان، ناوچەکە نەشێوێنێ.

لەو ڕاپۆرتەدا باس لە هێزی قودسی سوپای پاسداران کراوە کە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی چەوت و تێکدەرانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و بە چەک و تەقەمەنی هاوکاری حوسیە شیعەکانی یەمەن دەکا و تەنانەت بۆ بەروپێدانی هەوڵی تیرۆریستی هاوکاری فەرماندەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە دەکا.

[وەزیری بەرگریی ئەمریکا: پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا بەو مەرجە جێبەجێ دەبێ، کە ئەو ڕێژیمەی ئێستای ئێران نەمێنێ، چونکە ئەو ڕێژیمە هەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕۆڵی ئاژاوەگێڕی دەبینێ و هەم لە نێوخۆی ئێرانیشدا ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە]

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گەورەترین و مەترسیدارترین هەڕەشەکانی دژ بە ئەمەریکا دەزانێ. هیتر نۆئرت دەڵێ ئێران ڕۆحی ڕێککەوتننامە ناوکییەکەی ١+٥ی پێشێل کردوە و ئەمەریکا باش لە هەوڵە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاگادارە. ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئێمە و ئێمەش بەڵێنمان بە ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی دیکەمان داوە کە بیانپارێزین.

جێیمز ماتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکاش ڕایگەیاندوە، گرفتی سەرەکیی ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێژیمی ئێرانە و، پێی وایە هەتا ڕێژیمی ئێران نەگۆڕێ، پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا مومکین نابێ.

[جێیمز ماتیس: ساڵی ٢٠١١ و ئەو کاتەی ئێران مووشەکی دەنارد بۆ هێزە عێراقییەکانی دژبەری ئەمریکا و بە هۆی هێرشی ئەو هێزانەوە و بەو مووشەکە ئێرانییانە بەشێک لە سەربازە ئەمریکاییەکان کوژران، ئەمن بەبێ تۆسقاڵێک شک و گومان داوام کرد بەرەنگاری ئێران ببینەوە، کەچی دەوڵەتی ئۆباما ڕێی لەو کارە گرت]

لە وتارەکەی وەزیری بەرگریی ئەمریکادا، کە لە ماڵپەڕی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ‹‹دەیلی کالەر››دا بڵاو بووەتەوە، بە ئاشکرا داوای گۆڕینی ڕێژیمی ئێران دەکا و دەڵێ: ‹‹پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا بەو مەرجە جێبەجێ دەبێ، کە ئەو ڕێژیمەی ئێستای ئێران نەمێنێ، چونکە ئەو ڕێژیمە هەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕۆڵی ئاژاوەگێڕی دەبینێ و هەم لە نێوخۆی ئێرانیشدا ڕێژیمێکی دیکتاتۆر ئەو دەڵێ لە ئێران هەڵبژاردن دەکرێ، بەڵام ئەوە ڕێبەری وڵاتە کە هەموو بڕیارەکانی بە دەستە و تەنانەت بە ڕوونی دەسنیشانی دەکا کە چ کەسانێک خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید بکەن و ئیجازە نادا خەڵکانێک بە بۆچوونی جیاوازەوە ببنە کاندیدی هەڵبژاردنەکان. ئەوەش وەک ئەوە وایە، کە سەرۆکی ئێستای ئەمریکا بڕیار بدا چ کەسانێک ببنە کاندیدی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا و دوای هەڵبژاردنەکانیش، خۆی هەر لە کۆشکی سپیدا بمێنێتەوە و جێگۆڕکێ بە کەسانی هەڵبژێردراوی خۆی بکا.››


جێیمز ماتیس لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران دەڵێ: ‹‹ساڵی ٢٠١١، ئەو کاتەی ئێران مووشەکی نارد بۆ هێزە عێراقییەکانی دژبەری ئەمریکا و بە هۆی هێرشی ئەو هێزانەوە و بەو مووشەکە ئێرانییانە بەشێک لە سەربازە ئەمریکاییەکان کوژران، من بەبێ تۆسقاڵێک شک و گومان داوام کرد، بەرەنگاری ئێران ببینەوە، کەچی دەوڵەتی ئۆباما ڕێی لەو کارە گرت.››

ماتیس دەڵێ: ‹‹بۆ هەر شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چووبێتم، لە تیلاڤیڤەوە تاکو قاهیرە، هەمووان ئێران بە گرفتی سەرەکیی ئاژاوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانن.››

وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە درێژەدا باسی دەستوەردانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکا و دەڵێ: ‹‹ئێران نەبوایە ساڵی ٢٠١١ خەڵکی سووریە ڕێژیمی بەشار ئەسەدیان دەگۆڕی و ئەو شەش ساڵ شەڕ و وێرانییە نەدەبوو، هەروەها ئێران مووشەکی بالستیک بۆ شەڕخوازە حوسییەکان دەنێرێ و پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنانیش دەکات.››

ماتیس لەو وتارەدا باس لەوە دەکا کە ئەمریکا کێشەی لەگەڵ خەڵکی ئێران نییە، ئەو دەڵێ گەلانی ئێران ئاژاوەگێڕ نین، ڕێژیمی ئێرانە کە خەڵک بەکرێ دەگرێ و دەیاننێرێ تا لە پایەختەکانی پاکستان و ئەمریکا باڵوێزی وڵاتان تیرۆر بکەن. ڕێژیمی ئێرانە چەک بە گرووپە شیعەکانی ناوچەکە، وەکو حیزبوڵڵا و حوسییەکان دەدا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە شەڕی مەزهەبی وەرداوە.

# سیستمی «ولایت مطلقه» و دەسەڵاتداریی خەڵک لە ئێرانی ئێستادا



عومەر باڵەکی

لە دوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە ئێران، نیزامێکی نوێ دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت کە هەم بۆ گەلانی ئێران وهەم بۆ گەلانی دنیا نامۆ بوو. ئەو سیستمە لە ژێر ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتە مەیدان ولە سەرەتادا وا بە خەڵک ناسێندرا کە لەودا خەلک خاوەنی دەسەڵات دەبن چونکە گەلانی ئێران لە سیستمی پاشایەتیی ڕاپەڕیبوون و وچیدیکە نەیاندەویست کەسێکی دی لە ژێر ناوی پاشا وسێبەری خوا لە سەر زەوی حوکمیان بکا و یەکیک لەو هۆکارەکانەی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە ریفراندۆمی سالی ٥٨ دەنگی هێناوە، هەر ئەوە بوو.

دوای ئەوە کە قانوونی بنەڕەتی ئێران نووسرا، دەرکەوت کە پایەکانی ئەو نیزامە نوێیە لە سەر حکومەتێکی دینی باوەڕمەند بە مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی و «ولایت فقیە» دامەزراوە ودوای تێپەربوونی دە ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٨هەتاوی لە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی لە ئەسلی ٥٧دا وشەی (مطلقە) ش بە ولایەتکە زیاد کرا وهەر لەو ئەسلەدا چاوەدێری بە سەر سێ دەزگای (قانوون دانان وبەڕێوەبەری و دادوەری) کرا بە ئەرکی ڕێبەر و ئەوە خۆی نیشاندەری ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە کە سیستمێکی ئیدۆلۆژیکە و یەک کەس لە ژێرناوی (ولایت مطلقە فقیە) بە نوێنەرایەتی ئیمامی زمان حوکمی ئێران دەکا.

بە چاوخشاندنێکی خێراش دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم لە ڕووی ناو وهەم لە نێوەرۆکدا سیستمێکی چەندە لەگەڵ یەکتر ناتەبایە. کۆماری (جمهورییەت) جۆرێک لە دەسەڵاتە کە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ واتا خەڵک ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی خۆیان دەگوازنەوە بۆ کەسێک کە لەژێر ناوی سەرکۆماردا دەسەڵاتی بەڕێوەبەری وڵات وەئەستۆ دەگرێ و لەو سیستمە دیموکراتیکەدا سەرکۆمار بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو و بە دەنگی متمانەی زۆرینەی خەڵک ئەو پۆستە وەردەگرێ. سەرکۆمار هەم لە بەرامبەر خەڵک وهەم لە بەرامبەر نوێنەرانیان لە پارلمان بەرپرسیارە. بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا سەرکۆمار لە لایەن خەڵک و بە شێوەی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ، بەڵام لەنێوەرۆکدا ئەوەی سەرکۆمار ڕادەسپێری بۆ وەرگرتنی پۆستەکەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە و بە پێ ئەسڵەکانی ٥٧ و١١٠ لە قانوونی ئەساسیدا سەرکۆمار لە بەرامبەر ڕێبەردا بەرپرسیارە نەک خەڵک یا نوێنەرانی خەڵک.

کە باس لە وشەی ئیسلامیی پاشگری کۆماری لە سیستمی سیاسی ئێراندا دەکرێ دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو دووانە لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات و ویست وداخوازی کۆمەڵگا بۆ خۆ گونجاندن لە هەموو بوارەکانی ژیان لەگەل سیستمی جیهانیدا لەگەڵ یەکتر لە ناتەبایی دان. ئیسلام و ئیسلامییەت مەسەلەیەکی دینییە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە و قانوونەکانی لەلایەن مرۆڤەکانەوە ناتوانرێ دەسکاری بکرێن. لە سیستمی دەسەڵاتداریی دیندا خەڵک تەنیا ئەرکیان لە سەرە و خاوەنی ماف نین، چونکە بنەمای دین لە سەر ئەرک وتەکلیف ڕاوەستاوە. واتە ئیسلامییەت لە سیستمی حکومەتیی ئێراندا نوینگەی دەسەڵاتدارەتیی دینییە، بەڵام کۆماری (جمهوریەت) قەراردادێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان مرۆڤەکاندا و نوێنگەی دەسەڵاتدارەتیی خەڵکە و قانوونەکانی عورفین و مرۆڤەکان لە هەر کۆمەڵگایەک بە پێی تایبەتمەندی و نیازی خۆیان و لە پرۆسەیەکی زەمەنیدا لە سەری ڕێک دەکەون. هەر کاتێکیش پێویستی کۆمەڵگا بخوازێ هەموو ئەو قانوونانە دەکرێ ئاڵوگۆریان بەسەردا بێ، بۆ نموونە ڕەنگە لە سەردەمی ئێستادا کردارێک بە قانوون مەنع کرابێ بەڵام بە پێی ویستی کۆمەڵگا هەر ئەو کردارە دەتوانرێ ئازاد بکری ومەنعی قانوونی لەسەر هەڵگیرێ، بەڵام قانوونەکانی دین نەگۆڕن لەبەر ئەوی دستکردی مرۆڤ نین و مرۆڤیش ناتوانێ دەستکارییان بکا . هەر بەو بەڵگە سادەیە دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە کۆماری لەگەڵ ئیسلامی دووچەمکی زۆر لیک دوورن وبە تەواوی لە گەڵ یەکتر ناتەبان و ئەو ناتەباییە لە درێژەی بابەتەکەدا زۆرتر دەردەکەوێ.

[ لە سیستمی دەسەڵاتداریی دینیی ئێراندا خەڵک تەنیا ئەرکیان لە سەرە و خاوەنی ماف نین، چونکە بنەمای دین لە سەر ئەرک وتەکلیف ڕاوەستاوە؛ بەڵام جمهورییەت قەراردادێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان مرۆڤەکاندا و نوێنگەی دەسەڵاتدارەتیی خەڵکە و قانوونەکانی عورفین و مرۆڤەکان لە هەر کۆمەڵگایەک بە پێی تایبەتمەندی و نیازی خۆیان لە سەری ڕێک دەکەون]

وەک باس کرا لە سیستمی کۆماریدا سەرکۆمار یا بە دەنگی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێ و ئەگەر تەنانەت ئەو سیستمە دیموکراتیکیش نەبێ و تەنیا ڕواڵەتیش بێ دیسان پرۆسەی هەڵبژاردنێک هەیە وخەڵک دێنە سەر سندووقی دەنگدان وئەو کەسەی سەر لە سندووقی هەڵبژاردن دێنیتە دەرێ وەک سەرکۆمار و کەسی یەکەمی وڵات دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵاتی دەکەوێتە دەست.

بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو کەسەی بە عینوانی سەرکۆمار دوای تێپەربوون لە پاڵوێنەی شورای نیگەهبان و لە پروسەیەکی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە دەبێ بە سەرکۆمار، نابێتە کەسی یەکەم لە بەڕێوەبەریدا بەڵکوو بە پێی ئەسلی ١١٣ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران سەرکۆمار دوای ڕێبەر دەبێتە نەفەری دووهەم لە بەڕێوەبەریی سیستم داو تەنانەت هەر لەو ئەسلەدا کە باس لە دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار دەکا، هاتوە: سەرکۆمار «بەرپرسی جێبەجێکردنی قانوونی ئەساسی و سەرۆکی دەزگای بەڕێوەبەری (دەوڵەت) یە» کە هەر وەک پێشتر باسمان کرد بە پێی ئەسڵی ٥٧ لە قانوونی ئەساسی چاوەدێری بە سەر ئەو دەزگایە لە ئەستۆی ڕێبەرە و ئەوە جگە لەو بابەتانە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ڕێبەرەوە دەبێ؛ کەچی ئەوە لەحاڵێکدایە کە ڕێبەر هیچ نوێنەرایەتیی خەڵک ناکا و ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکیشەوە هەڵنەبژێردراوە، بەڵکوو بە پێی ئەسڵی٥ی قانوونی ئەساسی ڕێبەر نوێنەری ئیمامی زەمانە و هەتا دەرکەوتنی ئیمامی زمان «مهدی موعود» وەلی ئەمری موسولمانەکانە. لەلایەکی دیکەوە کاتێک لە قانوونی بنەڕەتی ئێراندا چاو بە مەرجەکانی بەربژێربوون بۆ پۆستە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنین دەبێنین ئەو مەرجانەی بۆ سەرکۆمار دەستنیشان کراون زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە بۆ ڕێبەر دەستنیشان کراون بۆ نمونە لە ئەسڵی ١١٥ کە باس لە مەرجەکانی سەرکۆماربوون دەکا دەڵێ: سەرکۆمار دەبی بە ڕەچەڵەک ئێرانی بێ بەڵام لە ئەسڵی ١٠٩ دا کە باس لە مەرجەکانی ڕێبەر دەکا قانووندانەری ئێرانی خۆی لە ئاستی ئێرانیبوون و هاونیشتمانیبوونی ڕێبەر پاراستوە وزۆرتر سەرنجی داوەتە لایەنی دینی و مەزهەبیی ئەو کە لە توانای دابێ ڕێبەریی دنیای ئیسلام بکا! بەو مانایە ڕێبەر دەتوانێ غیرە ئێرانیش بێ، لە حاڵێکدا سەرکۆمار هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتی ئێران لە ئەسڵی ١١٤ دا ڕاستەوخۆ بە دەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێ بەڵام بەپێی ئەسڵی ١٠٧ ڕێبەر لەلایەن مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری هەڵدەبژێردرێ کە لە زاهیردا ئەو مەجلیسەش لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەڵبژاردنەی خەڵک بۆ دەستنیشانکردنی مەجلیسی خۆبرەگان هیچ شەرعییەتێکی خەڵکی بە دەسەڵاتدارەتی وەلی فەقی نادا.

بەو مانایە خەڵک کارناسانی مەزهەبی هەڵدەبژێرن هەتا وەلی فەقیهێکی ساڵح و زانا لە مەزهەبی ڕەسمی وڵات ببینەوە و ئەو پلە دەسەڵاتەی کە نوێنەری ئیمامی زمان لەسەر زەوی هەیەتی پێی ببخشن، واتا شایەدیی ئەوان دەبێتە هۆکار بۆ باوەڕی کۆمەڵگا کە ئەو کەسە نوینەرایەتیی ئیمامی زمان دەکا و خەڵک دەبێ لە ژێر فەرمان و بڕیارەکانی دەر نەچن، چونکە دەرچوون لەو فەرمانانە دەرچوونە لە فەرمانی خوا.

بە لایەکی دیکەشدا مەجلیسی خوبرەگان کە بەرپرسیارە لە دانانی ڕێبەر خۆی دەبێ لە پاڵوێنەی شوڕای نیگابانەوە تێپەڕێ و شورای نیگابان خۆی چاووگوێی ڕێبەرە و لەهەمان کاتدا بەپێی ئەسڵی ١٠٨ ئەو مەجلیسەسەلاحییەتی ئەوەی هەیە کە خۆی ئاییننامەکان و قانوونەکانی تایبەت بە خۆی گەلاڵە بکا و هەر خۆیشی پەسندیان بکا، بی ئەوەی دەزگایەکی دیکە هەبێ بتوانی تانەی لێ بدا. بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکانیشی بە پێی قانوونی پەسندکراوی شورای نیگەهبان بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی خۆبرەگان لە مادەی سێی ئەو قانوونە کە باس لە مەرجەکان دەکا بۆ خۆ پاڵاوتنی بەربژێرەکان، لە کۆتایی مادەکەدا سێ (تبصرە)ی هیناوەتەوە کە بە ئاشکرا دەریدەخەن کە خودی ڕێبەر بە تەواوی زاڵە بە سەر پرۆسەی دیاریکردنی یەک یەکی ئەندامەکانی مەجلیسی خوبرەگان.

تبصرەکان: (١- دەبێ لە پاڵوێنەی شووڕای نیگەهبان دەربچن. ٢-کەس یا کەسانێک بە هەر شێوەیەک ڕێبەر سەلاحییەتیان تەئید دەکا پێویست بەتەئییدی شووڕای نیگابان ناکا.٣- پێویست ناکا کە بەربژێرەکان نیشتەجێ یا لە دایکبووی حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیان بن.)

تیۆریی «ولایت مطلقە فقیە «سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەبی شیعە کە لە ئێستادا ئەساس وبنەمای کۆماری ئیسلامییە، هەر وەک گوترا لەو سیستمەدا وەلی فقیهـ جگە لە پێگەی مەزهەبی خاوەنی پێگەیەکی سیاسی بە هێزە و هەرئەوە وایکردووە ببێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەها. هەموو کات مەترسیی ئەو تیۆرییە لەوەدا بووە کە دین بەتەواوی لەگەڵ سیاست تێکەڵاو بێ ودەبینین کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ئەو تێکەڵکردنە لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە باوەڕمەندبوون بە مەزهەبی ڕەسمی وڵات بۆتە پێوەر بۆ وەرگرتنی هەر پۆست و بەرپرسیارەتییەک لە حکومەت و دەوڵەتدا .

عەبدولکەریم سروش «ولایت مطلقە فقیهـ « بە ئیستبدادی دینی ناو دەبا و دەڵێ «بەبوونی ئەو نیزامی دیموکراتیک پێک نایە و کەس لە ژێر ئاڵای «ولایت مطلقە»دا چاوی بە دادپەروەری ناکەوێ و تیوریی «ولایت مطلقە فەقیهـ» هەر لە سەرەتاوە تیورییەکی دوور لە ئەخلاق بوو.»

ئاماژە بە چەند خاڵ دەریدەخا کە جمهوریەت وئیسلامییەت چەندە لێک دوور و لە گەڵ یەکتر ناتەبان:

_ حکومەتی خەڵکی لە خوارەوەڕا بۆ سەری هەڵدەبژێردرێ، بەڵام لە حکومەتی «ولایەت»دا لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە دیاری دەکرێ.

_ لە حکومەتی خەڵکیدا کاربەدەستانی حکومەتی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و لادەبردرێن بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا خەڵک لە دانان و لابردنی کاربەدستانی حکومەتدا هیچ ڕۆڵ ونەخشیان نییە.

_ لە حکومەتی خەڵکیدا هەموو سیستمێکی سیاسی کاتییە و بە پێی هەلومەرج و پێویستی کۆمەڵگا ئالوگۆری بەسەر دادێ، بەڵام لە حکۆمەتی «ولایت»دا سیستم بۆ هەتاهەتاییە.

_ لە حکومەتی خەڵکیدا، حکومەت یا دەوڵەت لە بەرابەر نوێنەرانی خەڵکدا بەرپرسیارن و لە ژیر چاوەدیری ئەوان دان، بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا وەلیی ئەمر یا حاکم تەنیا لە بەرابەر خوادا بەرپرسیارە و خۆی لە بەرابەر هیچ دەزگایەکی دیکەدا بە بەرپرسیار نازانی.

_ لە حکومەتی خەڵکیدا دەسەڵات چوارچێوە و سنووریان هەیە و کەس دەسەڵاتی ڕەهای نییە بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا ڕێبەر دەسەڵاتی رەهای هەیە.

_ لە حکومەتی خەڵکیدا کەس لە سەرەوەی قانوون نییە بەڵام لە حکومەتی «ولایت»دا ڕێبەر لە سەرەوەی قانوونە و تەنانەت دەتوانێ قانوونی ئەساسیش ڕابگرێ.

# د. مەنسوور سۆهرابی: ژینگەی کوردستان و مەترسییەکانی سەر ئەو ژینگەیە قەت دالْغەی دەسەڵات نەبووە و نییە

[ ژینگە و زیانەکانی سەر ژینگە باسێکە لە بن هەرای کایە سیاسی و خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا شاردراوەتەوە و خراوەتە پەراوێزەوە، بەڵام ئەم مەترسییانە وەک ئاگری بن خۆڵەمێش هەر جار ناجارێک کڵپە دەکەن. دووریش نییە ڕۆژێک هەموو کۆمەڵگا بەرەو قەیرانێکی جیددی بکەنەوە.
«کوردستان» ئەو بابەتەی لەگەڵ بەڕێزیان کە پێشینەی ١٣ ساڵ وانەوتنەوەی لە زانکۆی ئازادی مەهاباددا هەیە و لە ئێستادا ئەندامی لیژنەی زانستی لە بەشی توێژینەوەکانی ئۆکۆلۆژیی زانکۆی «کیل»ی ئاڵمانە، هێناوەتە بەر باس]



**لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە میدیاکان باس لە زیان و خەسارەکانی پیسبوونی ژینگە لە ئێران بە تایبەت پیسبوونی هەوا دەکەن، بەڵام وا هەست دەکرێ کە هێشتا کۆمەڵگا هەستی بەو مەترسییە گەورەیە نەکردبێ، ئایا ئەوە ناوشیاریی خەڵکی لەپشتە، یان سیاسەت و شێوەی مودیرییەتی دەوڵەتە نایەڵێ ئەو بابەتە بەو شێوەیە جێ بکەوێ؟**

بەداخەوە گرنگی و سەرنجدان و پاراستنی ژینگە کەوتۆتە پەراوێزی کێشە و ئارێشەکانی دیکەی وەک کێشە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانەوە و ئەمڕۆکە ژینگە کەڵکەڵەی سەرەکیی خەڵک و حکوومەت نییە. چونکی لە ڕوانگەی ئەوانەوە پرس و بابەتی گرنگتر و هەستیارتر هەن کە لەڕاستیدا ئەوەش بۆ خۆی ماکە و هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو کێشانەن کە ڕووبەڕووی ژینگە دەبنەوە.
ئەوەی ئێستا هەیە چەشنێک بێگانە و نامۆبوونی خەڵک و حکوومەتە دەگەڵ ئەو بابەتە گرنگە، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا خەڵک بە پێکهێنانی ڕێکخراوەو و گرووپی جۆراوجۆر لەو بوارەدا لە حکوومەت چالاکترە.

**لە ئێستادا بە گشتی باوترین و زیاترین خەسارەکان بۆ سەر ژینگەی کوردستان و هەروەها زیانە ژینگەییەکان بۆ سەر ژیانی خەڵک لە ئێران و کوردستان چین و کامانەن؟**

لەڕاستیدا هەموو بەش و لکەکانی ژینگە (ئاو، خاک، هەوا، لێرەوار، تالاو (زۆنگاو) و جۆراوجۆرییە ژینگەییەکان و ...) لە ئێران تووشی کێشەن و بە جۆرێک لە قەیراندان. لە ئێرایش هەتا قەیرانەکە ناکەوێتەوە، فاکتۆرە ژینگەییەکان ناکەونە بەرسەرنج! پاش قەیرانەکەش هەموو لایەک بە جۆرێک لە جۆران دەکەونە بیر چارەسەری! لە حاڵێکدا فاکتۆرە ژینگەییەکان پێویستییان بە چەشنێک بەڕێوەبەریی چەند لایەنە و مۆنیتۆرینگ هەیە. لە ئێران پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی گەشە و پەرەپێدان بەبێ ڕەچاوکرانی توانایی و هەڵگریی ئیکۆلۆژیکی وڵات، سەرچاوە سرووشتی و ژینگەییەکان تووشی خەسار و زیانێکی زۆر بوون. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بەفیڕۆچوونی زیاتر لە هەشتا لە سەدی سەرچاوەی ئاوە ژێرزەوییەکان بکەین.

**ئەدی ئاوەکانی سەرزەوی چی؟ ئەوانە باش مودیرییەت کراون؟ ئایا ئەو هەمووە بەنداوانەی بە تایبەت لە کوردستان لێدراون خزمەتی ژینگە و ژێرخانە سرووشتییەکانی کوردستانی کردوە؟**

ئاوە ژێرزەوییەکان بەندن بە ئاوە خورێنەکانی سەرزەوی. بۆیە بەڕێوەبەریی چەوتی ئاوە ڕەوانەکانی سەرزەوی کاریگەریی لەسەر سەرچاوە ژێرزەوینەکانی ئاو دەبێ. لێدانی بەنداو کاتێ پێویست و گونجاوە کە هەموو فاکتۆرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژینگەییەکان و هەروەها پشکی نەوەکانی داهاتوو لە سرووشت لەبەرچاو گیرابێ. بەڵام بە داخەوە لە ئێران بایەخێک بەو شتانە نەدراوە.
لە ئێران زۆربەی هەرە زۆری بەنداوەکان لەگەڵ کێشەی ژینگەیی بەرەوڕوون، ئەوەش لە جێی خۆی کە ئێستا لێدانی بەنداو لە دنیادا وەلانراوە و لەو جێیەدا کە مرۆڤ هیچ چارەیەکی دیکەی جیا لە دروستکردنی بەنداو نییە، لەوێ دەبێ بەو تایبەتمەندییانەی لەسەرەوە باس کران لێبدرێ. بە گشتی لێدانی بەنداوی زۆر نیشانەی پەرەسەندن و گەشەی ئابووریی وڵاتێک نییە.

**لە پێوەندی لەگەڵ وشکبوونی گۆلی ورمێدا، ئایا وشکبوونی گۆلی ورمێ کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان هەیە؟**

وشکبوونی گۆلی ورمێ لە بەڕێوەبەری و بەکارهێنانی هەڵە و نازانستییانەی ئەو سەرچاوە ئاوییانەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەڕژێنە ئەو گۆلەوە! دەگەڵ وشکبوونی گۆلی ورمێ میکرۆکلیمای ناوچەکە تووشی گۆڕان هاتوە و ئەوەش کار دەکاتە سەر هەموو بەشە ژینگەییەکانی دەوروبەر. بەربێژی کراوە تۆف و تۆفانە سوێرەکان دەتوانن هەتا ٧٠ کیلۆمیتر ئەولاتری گۆلەکە بخەنە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە و تەنانەت بە شێوەیەکی دی تا ٥٠٠ کیلۆمیتریش کاریگەریی هەر بمێنێ.

**هەوڵێکی زۆر و بەرنامەی زۆر هەیە کە لە ڕێگای تێکردنی ئاو کە زیاتریش ئاوی سەرچاوەکان لە کوردستانن، ئەو گۆلە بژێننەوە. ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو دەبن یان نا، لە جێی خۆی، بەڵام ئایا خودی ئەوە زیان بە ژینگەی کوردستان ناگەیەنێ لە جێەکی دی؟**

هەر لەبنەڕەتدا گواستنەوەی ئاو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە بواری ژینگەییەوە کێشەخولقێنە، لە پێوەندی لەگەڵ گۆلی ورمێشدا هەروەها. چونکی دەڤەرەکە دەگەڵ هەڵومەرجی ژینگەیی ناوچەکە کە بەرهەمی خۆگونجاندنێکی دووردرێژە ڕاهاتوە و یەکەم زیانی ڕاکێشانی ئاو بۆ ئەو مەڵبەندە، ملی جۆراوجۆریی ژینگە دەگرێتەوە. گۆلی ورمێ بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی ئیکۆلۆژیک پێویستی بە سی و دوو میلیارد میتری سێ جا ئاو هەیە! لە حاڵێکدا ئێستا ئاستی ئاوی گۆلی ورمێ کەمتر لە دوو میلیارد سێجا یە و دوای گەیشتن بە ئاستی ئیکۆلۆژیکی خۆی هێشتا دەبێ لە ساڵدا دوو میلیارد سێجا ئا بڕژێتە ئەو گۆلەوە کەچی ئەوەندە ئاوە دابین ناکرێ! بۆیە بە بڕوای من گۆلی ورمێ ناگەڕێندرێتەوە سەر هەڵومەرجی پێشوو، تەنیا بە بەڕێوەبەریی دروستە دەکرێ سەدا بیست و پێنجی ئاوەکە بپارێزرێ.

**باسی ئاگرتێبەربوونی دارستانەکان لە کوردستان باسێکی تایبەترە. ئێوە لەو بارەوە دەڵێن چی؟ ئایا ئەو هەمووە سووتمانە بە ئاسایی و سرووشتیی دەبینن؟**

وەک بەرپرسان خۆیان دەڵێن هۆکاری زۆربەی ئاگرکەوتنەکانی دارستانەکانی ئێران خەڵکن، واتە مرۆیین، بەڵام ئەوەی حاشای لێناکرێ ئەوەیە کە دوای ئاگرکەوتنەوەکان لە نێو خودی دەسەڵاتیشدا دەستوبرد و هیممەتێکی بەرچاو نییە بۆ کووژاندنەوەیان، خەڵکیش کەلوپەل و ئیمکاناتی زۆریان بۆ پێشگیری لە ڕووداوەکان و کووژاندنەوەی ئاگرکەوتنەوەکان نیە، کەواتە دەسەڵات بەرپرسی سەرەکی ئەو قەیرانەیە کە زیاتریشی لە دارستانەکانی بناری زاگرۆس ڕوو دەدا.

**خۆڵبارینەکان بابەتێکی دیکەی خەسارەکانە لەسەر ژینگە و خەڵک. ئایا هۆکارەکان نێوخۆیین یان دەرەکی؟ بەڕاستی ئەو دیاردەیە پێشی پێناگیرێ؟**

ئەو تەپوتۆزەی کە لە خوزستان و پاشان لە کوردستانیش دەبینرێ، سەرچاوەی دەرەکی و ناوەکی هەیە. هەروەک باسم کرد لە ئێران زۆربەی زۆنگاوەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنان وشک بووون یان بەرەو وشک بوونن، دەگەڵ وشک بوونی زۆنگاوەکان، خاک و خۆڵەکەیان هەڵدەدا و بە سووکە بایەک هەڵدەستێ و وڵات دادەگرێ، کە ئەویش پێوەندی بە خێرایی با و کێشی خاک و خۆڵەکەوە هەیە کە جاری وایە سەدان کیلۆمیتر دەپێون و دەگەڵ تێکەڵ بوون بە هۆکارەکانی نەخۆشی لە هەوادا، زۆر بە قووڵی لەشساغی مرۆڤ و ژینگە دەخەنە مەترسییەوە. بۆ هۆکاری دەرەکیش زۆربەی ئەو تەپوتۆزە لە بیابان و سەحراکانی عێراق و سووریەوە دێن کە دوای ئەوەی تورکیە لە پەنجا ساڵ پێشەوە لە سەر ڕووباری دیجلە و فووڕاتەوە خەریک ئاوبەند سازکردن بووە، زیاتری کردوە و هەتا گەیشتۆتە ئەمڕۆ.

**کێ لە بەرامبەر ژینگەدا بەرپرسە؟ ئایا ژینگە و ژینگە پارێز لە ئێران و کوردستان لە بەرنامەکانی گەشەدا بایەخی دراوەتێ؟ لە ئۆرگانیزمی دەوڵەتی و حکومیدا کێ «متولی»ی ئەو کارەیە؟**

خەڵک بەگشتی، چ دەسەڵاتداران و چ خەڵکی دیکە سەبارەت بە ژینگە بەرپرسیارن، دیارە حکوومەت دەبێ بە پەروردە و ڕێنوێنی و بەرنامەڕێژی گونجاو بەگوێرەی توانای ئیکۆلۆژیکی ناوچە دەوری خۆی بگێڕێ و خەڵکیش بە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و تێگەیشتووی خۆیان هەوڵ بۆ پاراستنی ژینگە بدەن. سەبارەت بەو بابەتە گرنگە من پێموایە ئێستا خەڵک قۆناخێک لە حکوومەت و دوو قۆناخیش لە پێش حیزبە سیاسییەکانەوەیە.

**کە باسی حیزبە سیاسییەکان دەکەی مەبەستت ئۆپۆزیسیۆنە؟ ئەوان چییان دەکەوێتە ئەستۆ کە نەیانکردوە؟ خۆ ڕەوشەنگەری و ڕەخنەکان لەو دۆخە زیاتر لەلایەن ئەوانەوەیە کە بە ڕۆژەڤ دەکرێ.**

ئەمن پێموایە حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش زیاتر تەبلیغات و سیاسیکاری بەو بابەتەوە دەکەن و بەرنامەیەکی ڕوون و دیاریکراویان بۆ ژینگەی کوردستان نییە.
ئەمن لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بە بۆشایی بوونی حیزبی سەوز دەکەم، حیزبێک کە بە بەرنامەی سەرەکیی ژینگەییەوە بێتە نێو کایە سیاسییەکانەوە.

**جیا لە مەسەلەی خۆڵبارینەکان، سووتانی دارستانەکان و حیکایەتی گۆلی ورمێ ئایا بابەتی دیکەی ژینگەیی و خەسارەکانی سەر ژینگە هەیە باسی بکەین؟**

هەمووان دەبێ بزانین ژیانی ئێمە و نەوەکانی داهاتوومان لە گرەوی پاراستنی سرووشت و ژینگە دایە و بە فەوتاندنی بە پلەی یەکەم خاکەکەمان لە دەست دەدەن. پێشنیار دەکەم پارتە سیاسییەکان بە دەست هەڵگرتن لە درووشم لە کردەوە بێنە مەیدان و ئەگەریش بکرێ بوار بۆ پێکهێنای پارتی سەوزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش بکرێ.

**جەنابت دیسان باست لە پارتە سیاسییەکان کرد، لەبەرچی ڕوو دەکەیە ئەوان و خیتاب بەوان دەدوێی؟ بۆ مەگەر ئەوانن قەرار لەسەر ژینگەی کوردستان دەدەن؟ یان مەگەر ئەوانن کە هۆکاری زیان گەیاندن بەو سرووشتەن؟ یان مەگەر ئەوانن کە دەبێ حیزبی سەوز پێک بێنن؟**

حیزبە سیاسییەکان خەبات بۆ کوردستان دەکەن و ژینگەی کوردستانیش لە مەترسی دایە و لەوانەیە سبەی بۆ خەباتەکەی ئێمە ژینگەیەک و خاک و نیشتمانێک نەبێ کە سیاسەتی تێدا بکەن. ئەوە بابەتێکی گرینگە کە حیزبەکان کەمتر گرینگیی پێدەدەن.
مەسەلەکە ئەوەیە کە لەوانەیە نیشتمانەکەمان لەنێو بچێ و ئەگەر لە کوردستان بوار بۆ ژیان نەمێنێ کێ لێی بەرپرسە؟ هەموو دەزانین کە کۆماری ئیسلامی دژ و دوژمنی نەتەوە و نیشتمانەکەمانە، ئەو کاتەیە کە ئەو پرسیارە دێتە سەرێ کە بەرنامەی حیزبەکان بۆ پاراستن و پشتیوانی لە ژینگە چییە؟
لە کۆتاییدا هیوادارم هەموومان لە گرینگیی ئەو بابەتە تێبگەین و هەوڵەکانمان بۆ پشتیوانی و پاراستنی ژینگە چڕتر بکەینەوە، چونکی لەبەردەم ڕەوشێکی زۆر مەترسیداردایین.

# کورد و ناتەبایی نەتەوەیی



د. کامران ئەمین‌ئاوە

زۆرجار لە مێژوودا دەرفەتگەلێک بە پێی بارودوخی نێوخۆیی و جیهانی پێک دێ کە شێوەی کەڵکوەرگرتن لەو دەتوانێ چارەنووسی میللەتێک بەرەو ئاکامێکی نەرێنی یاخود ئەرێنی بگۆڕێ. نەتەوەی کورد لە درێژایی مێژووی خۆیدا یەکێک لەو نەتەوانەیە لە دنیادا کە بەداخەوە بە هۆگەلی جۆراوجۆر کە زۆرجاریش دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی نێوخۆیی، نەیتوانیوە لەم دەرفەتانە کەڵک وەربگرێ. کاتێک ئاوڕێک لە «ئامانجی کۆمەڵەی ژێکاف» بدەینەوە کە لە یەکەم ژمارەی «نیشتمان» لە پوشپەڕی ١٣٢٢دا بڵاوبۆتەوە، دەبینین باس لە هۆگەلێک دەکا کە ئێستاش پاش تێپەربوونی پتر لە حەوت دەیە لە نێوانماندا بە چەشنێکی سەقامگرتوو ماوەتەوە و تەنیا شکڵەکەی لەوەدەچێ بە پێی بارودۆخ گۆڕدرابێ. لە «ئامانجی ئێمە» روو بە «برای کورد» نووسراوە: «کومەڵەی ژ. ک بە پێچەوانەی بەرهەڵست و قورت و چەڵەمەییکی وەکوو دوژمنایەتیی خوبەخو، دوبەرەکی و خۆخوری، پوڵپەرستی و بیگانەدوستی کە لەسەر ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردا هەیە بە هەموو هێز و توانای خوی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیابژێت.»*
کاتێک پاش ئەم هەموو ماوەیە کە بەسەر ئەم نووسراوەیەدا تێپەڕبووە، کە چاو بە بەسەرهاتی خۆمان و هەڵسوکەوتی حیزبەکانی کوردستان دەخشێنین، دەبینین سەرەڕای ئەم هەموو ئاڵوگۆڕەی لە جیهان و ناوچەدا ڕووی داوە، ئێمەی کورد بە باش و خراپەوە هەر لەو ئاستەدا ماوینەتەوە کە «ئامانجی ئێمە» باسی دەکا و بە داخەوە بەو ئاستەی نەگەیشتووین کە وەکوو نەتەوەیەکی یەکگرتوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تەنانەت لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوین. هەر دەڵێی بۆمان گرینگ نییە کە چۆن

[ کاتێک بوو کە کورد بۆ گەیشتن بە حوکمی زاتی، واتە خودموختاری تووشی ژێنوساید دەبوو، ئەنفاڵ دەکرا، بە سەدان هەزار کەسی قوربانی دەدا و وڵاتەکەی خاپور دەکرا ئەمەی بە شانازییەوە قەبوول دەکرد و بۆ گەیشتن بە مافی بەرامبەر لەگەڵ نەتەوەی سەردەست خەباتی دەکرد، بەڵام ئێستا؟]



دوژمنانمان لە دوبەرەکی و کێشە نیوخۆییەکانمان بۆ تێکشکاندمان کەڵک وەردەگرن! ئێمەی کورد ئەوەندەی هێز و توانامان بۆ تێکشکاندن و سووکایەتیکردن بە یەکتر دەخەینە گەڕ، ئەوندە ئەم هێزە تەرخانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنی هاوبەش ناکەین! تەنیا بەسە، بۆ ساتێک ئاوڕێک لە بارودۆخی باشوور و ڕۆژهەڵات بدەینەوە تا ئاگاداری قووڵایی ئەم کارەساتە بین. لە ئێستادا تەواوی نەیارانی کورد هەوڵی خۆیان بۆ پێشگرتن لە ڕێفراندۆمی ٢٥ی ئەیلولی ئەمساڵ وەگەڕخستوە، بەڵام نە لایەنگرانی ڕێفراندۆم لە کوردستان و نە ئەوانەی ڕەخنە لە دەستەڵاتدارانی هەرێم دەگرن و ئەوان بە پاوانخواز تاوانبار دەکەن؛ لە هیچ سات و کاتێکدا بۆ سووکایەتیکردن بە یەکتر کۆتایی ناکەن و لەبیریان چۆتەوە کە لەم ئاستە هەستیارەدا کورد پێویستیی بەیەکدەنگی و هاودەنگی هەیە تا بە چەندبەرەکی و هێرشکردنە سەر یەک. کاتێک بوو کە کورد بۆ گەیشتن بە حوکمی زاتی، واتە خودموختاری تووشی ژێنوساید دەبوو، ئەنفاڵ دەکرا، بە سەدان هەزار کەسی قوربانی دەدا و وڵاتەکەی خاپور دەکرا ئەمەی بە شانازییەوە قەبوول دەکرد و بۆ گەیشتن بە مافی بەرامبەر لەگەڵ نەتەوەی سەردەست خەباتی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە لە ترسی برسێتی و نەگەیشتنی مووچە و تێکچوونی وەزعی ئابووری و لە حاڵێکدا دژایەتیی دەوڵەتە دراوسێیەکان کە لە باری مێژووییەوە دژی کورد بوون و هەن و دەشمێننەوە گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی و هەوڵی ڕێگری یان وەدواخستنی ئەم گشتپرسییە دەدەن؛ لایەنە کوردییەکان هەرکامیان ئامادەن بۆ پەراوێزخستن و لاوازکردنی یەکتر، تەواوی پرەنسیپەکان بخەنە ژێرپێ. لێرەدا ئەسڵی مەسەلەکە واتە سەربەخۆیی کوردستان لەبەرامبەر پاوانخوازیی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان خراوتە پەراوێزەوە و کێشە نێوخۆییەکان زەق کراونەوە. تاوانبارکردنی یەکتر بە کوودەتاچی، دیکتاتۆر، مووچەوەرگرێ وڵاتەکانی دیکە و هتد بۆتە باسی ڕۆژ و ئەوەندەی کە هەوڵ بۆ هێرشکردنە سەریەک لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان دەدرێ بایەخ بەم بڕیارە مێژووییەی کورد لە باشوور نادرێ. لە نێوان ڕۆژهەڵاتییەکانیش کە پتر لە سێ دەیەیە حیزبەکانیان لە دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیربوون وەزعەکە باشتر نییە و ئەوان ئەوەندەی کە سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانن، یەک لە سەدی توانایی خۆیان بۆ گەیشتن بە هاودەنگییەکی جیددی تەرخان نەکردوە. هیچ کامیان یەکگرتن و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش ڕەت ناکەنەوە و هاوکات دەیان هۆت بۆ سەرنەگرتنی بەرە بۆ ڕیز دەکەن. ئەم هێزانە ئەوەندەی کە توانای دەرکردن و دوورخستنەوەی ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان هەیە، یەک لە هەزار بە هۆی کێشەی دەسەڵات و پاوانخوازیی شەخسی و قۆڵقۆڵێن و حیزبی توانایی ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەک نییە. ئەم وەزعییەتە وای‌لێکردووین کە تەنانەت هێزەکانی بەشەکانی دیکە کوردستانیش حیسابێکمان لەسەر نەکەن. نموونەکەی شێوەی هەڵسوکەوتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد یان هێزەکانی باشوور لەگەڵ ئێمەی ڕۆژهەڵاتییە کە پاش باکوور گەورەترین بەشی کوردستانی دابەشکراو پێکدێنین. لە ڕاستیدا چارە چی‌یە؟ بڵێی بەم فیکر و بۆچوونانەی کە لە نێو ئێمەدا هەن، شایانی ئەوە بین کە ناوی نەتەوە لەسەر خۆمان دابنێین؟ بڵێی کاتی ئەوە نەگەیشتبێ کە خەسارناسیی بیر و بۆچوونی خۆمان بکەین و پێکەوە و بە دوور لە پاوانخوازیی و خۆبەزلزانین و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندی نەتەوەیی هێز و تواناییمان بۆ گەیشتن بە مافەکانمان وەپاڵ یەک نەخەین؟



حەسەن حاتەمی

## ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

### (بەشی بیست و چوارەم )

**پاشماوەی پێشنووسی یاسای بنەڕەتی**

هەروەها حیزبی جمهووریی ئیسلامی لەگەڵ حیزبە هاوتەریب و پشتیوانەکانی لەو مەجلیسەدا، زۆرینەی کورسییەکانیان هەبوو. خاڵی گرینگ لە گۆڕانی چارەنووسی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و زاڵکردنی ویلایەتی فەقیه، بەوجۆرە بوو کە ڕۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی بەرنووسی یاسای بنەڕەتی لە ڕۆژنامەی کەیهاندا، ئایەتوڵلا خومەینی لە توێژەکانی رووحانی، ڕووناکبیر و بیرمندانی ئیسلامیی ویست تا بەرنووسەکە تاوتوێ بکەن و لە ماوەی یەک مانگی مۆڵەت پێدراویدا، هەرچی بۆ ئیسلام بە سوودە و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دێتەوە، بەگرینگی بزانن و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکەنەوە.

دوای ئەو باسە بوو کە ڕەوتی ویلایەتی فەقیه بەهۆی ئایەتوڵلا گولپایەگانی و ئایەتوڵلا نەجەفی مەرعەشی و کەسانی غەیرە مەلاش هاتە گۆڕێ. ئەو چەمکە کرا بە مەسەلەیەکی گرینگ، دوای ئەوەی ئایەتوڵلا مونتەزیری لە نوێژی هەینی تاراندا باسی کرد. حیزبی جمهووریی ئیسلامیش، هەم لەکاتی نوێژی هەینی و هەم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، بە کۆمەڵێک دروشم و بڕیارنامە بەستێنی بۆ دروست کرد و لە دانیشتنەکانی مەجلیسی خیبرگانیشدا، کاری بۆ کرد و بە پەسندی گەیاند.

پاش پەسندکردنی فاجیعەی ویلایەتی فەقیه و بێ نێوەروک کرانی زۆربەی بەندەکانی یاسای بنەڕەتی، خومەینی لە وڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی لۆمۆندا، کە کۆماری ئیسلامی چۆن نیزامێکە؛ گوتی: جمهووری فۆڕم و شکڵی حکوومەتە و ئیسلام و قانوونە ئیلاهییەکان، نێوەرۆکی ئەو فۆرمەن. (١)

ویلاتی فەقیه

دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، بە پێی یاسای بنەڕتی نوێ _ کە بەهۆی ٧٥ نوێنەری مەجلیسی خیبرەگانی قانوونی ئەساسی، کە ٤٢ کەسیان بە قەولی کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی موجتەهید و زۆرینەیان لە حیزبی جمهووری ئیسلامی بوون_ لە ١٢ ی سەرماوەزی ١٣٥٨(١٩٧٩)، پەسند کرا. بە پێی ئەسڵ و مادده گەلێک، یەکەم کاربەدەستی نیزام، ڕێبەری مەزهەبی بە دەسەڵاتێکی ڕەها یاسایی کرا. ئەو پۆستە ناوی ویلایەتی فەقیهی لێنرا و یەکەم وەلی فەقیهیش، ئایەتوڵلا خومەینی بوو.

لە یاسای بنەڕەتیی خولی یەکەمدا، کە لە دەورانی دەیەی یەکەم دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کەم و زۆر کاری پێکرا لە ئەسڵی ٥ دا، دەڵێ:» لە زەمانی حەزرەتی وەلی عەسر «عجەالله تعالی فرجە»، لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ویلایەتی ئەمر و ئیمامی ئۆمەت، لەسەر شانی فەقیهێکی عادڵ و بە تەقوایە کە زانیاریی لەسەر وەزعی دنیا هەبێ، نەترس بێ، مودیر و بەڕێوەبەر بێ. زۆرینەی خەڵک ئەویان وەک ڕێبەر ناسیبێ و قبووڵیان بێ. لە کاتێکدا، هیچ فەقیهێک ئەو زۆرینەیەی نەبێ، ڕێبەر یا شووڕای ڕێبەری، پێکهاتوو لە فەقیهەکانی بە پێی مەرجەکانی سەروو و ئەسڵی ١٠٧ وە ئەستۆی دەگرن.»

ئەسڵی ٥ ی یاسای بنەڕەتی دوویەم لە کاتی هێنانە سەر دەسەڵاتی عەلیی خامنەیی _ وەلی فەقیهی دوویەم_ شەرتی مەرجەعییەتیان لابرد و بەوجۆرەیان لێکرد :»لە زەمانی نەبوونی مێهدی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتی ئۆمەت لە ئەستۆی فەقیهێکی دادپەروەر و بە تەقوایە. ئەو دەبێ شارەزایی لە وەزعی جیهان هەبێ، نەترس بێ، مودیر و بەڕێوەبەرێکی باش بێ. ئەو بەپێی ئەسڵی ١٠٧ بەرپرسیار دەبێ».

ئەسڵی ١٠٧ ی قانوونی ئەساسیی یەکەم _ ساڵی ١٣٥٨_ :» هەرکاتێک یەکێک لە فەقیهەکان کە مەرجەکانی باسکراو لە ئەسڵی ٥ ی ئەو یاسایە، کە لەلایەن زۆربەی زۆری خەڵک، بە مەرجەعیت ناسرا و قبووڵ کرا، هەر وەک ئەوەی سەبارەت بە مەرجەعی تەقلید و ڕێبەری شۆڕش، ئایەتوڵلا (ئیمام) خومەینی کراوە. ئەو ڕێبەرە ویلایەتی ئەمرە و هەموو بەرپرسایەتییەکان، کە پێوەندیی بەوی هەیە، لە عۆدەی دەبێ. ئەگەر وانەبوو، خیبرەگانی[ڕێبەری] هەڵبژاردەی خەڵک سەبارەت بەو کەسانەی کە سەلاحییەتی مەرجەعییەت و ڕێبەرییان هەیە، تاوتوێ و ڕاوێژیان لەسەر دەکا. هەر مەرجەعێک پێوانەکانی ڕێبەریی تێدابێ، بە خەڵکی دەناسێنن. ئەگەر نەبوو، ٣ تا ٥ کەس کە مەرجەکانی ڕێبەریان تێدا بێ، وەک ئەندامی شووڕای ڕێبەری دادەنرێن و بە خەڵک دەناسێندرێن.»

ئەسڵی ١٠٧ ی یاسای بنەڕەتی دوویەم _ پەسندکراوی ٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٨_ :» دوای ئەوەی مەرجەعی زۆر بەڕێز و پەیرەوی لێکراو و ڕێبەری مەزنی شۆڕشی ئیسلامی و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران، حەزرەتی ئایەتوڵلا عوزما ئیمام خومەینی «قدس سرە شریف»، کە لە لایەن زۆربەی هەرەزۆری، خەڵک بە مەرجەعییەت و ڕێبەری ناسرا و قبوول کرا، دانانی ڕێبەری لە ئەستۆی مەجلیسی خیبرەگانی خەڵکە. خیبرەگانی ڕێبەری لەبارەی هەموو فەقیهەکانی مەرجهەبووی باسکراو، بە پێی ئەسڵەکانی ٥ و ١٠٩، تاوتوێ و ڕاوێژیان لەسەر دەکا. هەرکات یەکێک لەوانەی سەبارەت بە حوکمەکان و مەوزووعاتی فقهیی و مەسەلە گەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جێی پەسندی زۆربەی خەڵک و پلە بەرزی تایبەتی بە پێی ئەسڵی ١٠٩ زانی، وەک ڕێبەر دەیناسێنێ. ڕێبەری هەڵبژێراوی خیبرەگان، ویلایەتی ئەمرە و هەموو بەرپرسایەتییەکانی لە ئەستۆیە. ڕێبەر لەبەرانبەر یاسا دا، وەک خەڵکی ئاسایی وڵاتە.»

ئەسڵی ١٠٩ ی یاسای یەکەم: «مەرج و پەسن(صفت) ەکانی ڕێبەری:

١_ سەلاحیەتیی علیمی پێویست بۆ «افتا»، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فیقهیدا. (ابواب مختلف فقه) هەبێ.

٢_ دادپەروەری و تەقوای پێویست بۆ ڕێبەریی ئۆمەتی ئیسلامی تێدابێ.

٣_ تێگەیشتوویی دروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەتەدبیر، نەترس، مودیرییەتی بەتوانای بۆ ڕێبەری هەبێ. کاتێک کەسێک کە ژمارەیەک لە مەرجەکانی باسکراو دا، تێگەیشتوویی پتری هەبوو، لە پێشەوەترە.

ئەسڵی ١٠٩ ی یاسای دوویەم: «مەرج و پەسنەکانی ڕێبەر یا شووڕای ڕێبەری:»

١_ سەلاحییەتی علمی و تەقوایی پێویستی بۆ «افتا» و مەرجەعییەت هەبێ.

٢_ زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەبێ، نەترس و بەتوانا و مودیر بێ.

دەسەڵاتی ڕێبەر

دەسەڵاتی ڕێبەری ئیسلامی لە ئێراندا، بە پێی ئەسڵی ١١٠ی یاسای بنەڕەتی بەو جۆریە:

١_ دانانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دوای ڕاوێژ لەگەڵ کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەیی نیزام.

٢_ چاوەدێری هەرچی باشتر ئیجراکردنی سیاسەتەکانی گشتیی نیزام

٣_ فەرمانی ڕاپرسی گشتی (همەپرسی)

٤_ فەرماندەی گشتیی هێزە نیزامییەکان.

٥_ فەرمانی شەڕ و ئاشتی و ئامادەکردنی هێزەکان

٦_ دانان، لابردن و قبووڵی دەست لەکارکێشانەوەی:

ئەلف: فەقیهەکانی شووڕای نیگابان

ب: بەرزترین پلەی دەزگای قەزایی

ج: سەرۆکی ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران

د. سەرۆکی گشتیی ستادی هاوبەش

ە: فەرماندەری گشتیی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران

و: فەرماندەری بەرزی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکان.

٧_ ڕێکخستنی پێوەندییەکان و چارەسەری ناکۆکیی سێ دەزگای دەسەڵاتدار لەگەڵ یەکتری

٨_ چارەسەری کێشەکانی نیزام، کە لە ڕێگای ئاسایی و کۆمەڵی دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام، حەل نەکرێن.

٩_ ئیمزای حوکمی سەرکۆماری دوای هەڵبژاردنی خەڵک و [پەسندی شووڕای نیگابان]

١٠_ لابردنی سەرکۆمار بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی وڵات و...

١١_ بەخشین یا کەمکردنەوەی سزای تاوانبارەکان، لەچوارچێوەی ئوسوولی ئیسلامیدا، دوای پێشنیاری سەرۆکی دەزگای قەزایی

سەرچاوەکان:

١) صحیفەی نور، ج ٤ ص ١٦٩
٢) ویکی پیدیا

# کۆڵبەری و باڵادەستیی دەسەڵاتی ئەمنیەتی بەسەر ڕوانینی ئابووری‌دا



سەیران بایەزیدحوسێنی

ڕەنگە وشەی کۆڵبەری یەکەمجار بۆ هەموو کەسێک، پێناسەکەی وشەنامەکەی دێهخودای بیر بخاتەوە.

دێهخودا دەڵێ: کۆڵبەر کەسێکە شتێکی بە کۆڵەوەیە یان بەگشتی شتێکی هەڵگرتوە، بەڵام با بە چەند پرسیارەوە بچینە نێو دەقی باسەکە:

دەتوانین بڵێین کۆڵبەری پیشەیە یان کار؟ کۆڵبەران دەکەونە کام مەڵبەندی جوغرافیایی؟ ڕەگەز و تەمەن دەوریان هەیە لەسەر کۆڵبەری کردن؟ چییەتیی کۆڵبەری و هۆکارەکانی کامەنن؟ ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی کۆڵبەر دەبنەوە، چین؟ قازانجی ئەو کۆڵەی کۆڵبەران ئاودیوی دەکەن دەچێتە گیرفانی کێ؟ ئەو کاڵایانەی کۆڵبەران ئاودیویان دەکەن، زیاتر چ توێژ و کەسانێک داواکارین و بەکاری دێنن؟ ڕێژەی لەسەدی ئەو قاچاخەی لە کوردستانەوە دەکرێ لە چاو ناوەندەکانی دیکەوە چەندە؟

بەگوێرەی ماددەی ٧ی قانوونی دامەزراندن، کە ١٣٤٥/٣/٣١ پەسند کراوە، پیشە بریتییە لە کۆمەڵە ئەرکێکی پێوەندیدار و دیاریکراو کە لە لایەن ڕێکخراوەوە وەک کارێک دیاریکراو ناسراوە و بۆ پێگە و پلەی ڕێکخراوەیی لەبەر چاو گیراوە.

لە چوارچێوەی پیشەیەکدا بژاردەکانی وەک ڕادەی مووچە و وادەی کار و شوێنی کار و ئەرکە پێوەندیدارەکانی کارەکە بەڕوونی نووسراوە. حیرفە لە پیشەش بەربەرینترە و دەبێ بۆی بخوێنی و ڕابهێندرێی و لێزانی و لێهاتوویەکانی فێر بی و پسپۆریگەلێکی تاقانەن کە بەشێوە کۆمەڵایەتی و ئابووری بایەخ و نرخی دەدرێتێ.

ئێستا کاری کۆڵبەران دەکەوێتە چوارچێوەی کام بەشەوە؟ ئەرێ دەتوانین بڵێین کۆڵبەری کار و پیشەیە، لە حاڵێکدا ناکەوێتە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی هیچ پێکهاتە و دامەزراوەیەک؟ ئایا کۆڵبەری دەگەڵ پێناسەی حیرفە دەگونجێ، دەگەڵ ئەوەی هیچ ڕاهێنان و فێربوونێکی ناوێ و هیچ خول و زانستێکی تێدا بەدی ناکرێ؟

دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ، هەم پیشە و هەمیش حیرفە باشیی خۆیان هەیە و لە داهاتوودا سەرچاوەن کە لەڕاستیدا کۆڵبەری لە هەموو داهاتوویەک بێبەرییە.

هەندێ شتی دیکەی وەک بیمەی دەرمانی، بیمەی خانەنشینی، مووچەی خانەنشینی، مەرەخەسیی سارێژبوونەوە، مەرخەسی بە مووچەوە، یارمەتیی نیشتەجێی، مووچەی خێزانداری، یارمەتیی پیسبوونی هەوا، پێدانی قەرز و زۆری دیکەش کە کۆڵبەران لێیان بێبەرین.

کەواتە لەبنەڕەتدا کۆڵبەری نە پیشەیە و نە حیرفەش.

ئەگەر تەنیا لە ڕووی ڕەگەزی و تەمەنەوە لەو پیاوانە یان لاوانە بڕوانین کە بە هێزی شان و باهۆیان خەریک کۆڵبەرین لە هەڵە داین، چونکی لە نیو کۆڵبەراندا ژنان و بەساڵاچووانیش دەبینرێن، کە بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک سینگی خۆیان دەنێن بە فیشەکەوە.

دیارە ئامارێکی روون و باوەڕپێکراومان لەسەر چۆنێتی و چەندێتی تەمەن و ڕەگەزی کۆڵبەران نیە، بەڵام نیشانەکان دەربڕی ڕەوشی کارەساتباری دۆخی ئاراین.

کۆڵبەری ژن، پیاو، منداڵ، گەنج، بەهەڕەت و بێهەڕەتی بۆ نیە، ئەو هەژاری و نەدارییە هەمیشەییەی لە سایەسەری سیاسەتە چەوتە ئابوورییەکانی دەسەڵات بەرۆکی سنوورنشینانی گرتوە، خەڵکی بەرەو کۆڵبەری ڕاکێشاوە.

ناوچە و شوێنی کاری کۆڵبەران بەگشتی سەر سنوورەکانە. لە ئێران خەڵکی پارێزگەکانی سنە، ورمێ، کرماشان و سیستان و بەلوچستان خەریکی کۆڵبەرین.

لە ڕۆژاوای ئێرانەوە ئەو شارانەی دەکەونە سەر سنووری تورکیە و هەرێمی کوردستان زیاترین ڕێژەی کاڵای وەک کەلوپەلی کارەبایی و مەنسوجات و جلوبەرگ و سیگار بەبێ دانی گۆمرۆک ئاودیوی وڵات دەکەن.

ئاودیوکردنی کاڵا بەبێ دانی کۆمرۆک بۆ نێو سنووری وڵاتێک بە قاچاخ پێناسە کراوە، کەچی ئەگەر ڕیئاڵییانە بە دوای ماکەکانی کۆڵبەریدا بگەڕێین، تێدەگەین هۆکاری سەرەکی ئاودیوی کاڵا بەبێ دانی کۆمرۆک سیاسەتەکانی هاوردەی کاڵا نیە کە لە لایەن وزارەتی کارەوە پارەیەکی زۆری پێوە بەستراوەتەوە، بەڵکوو ماکەی کۆڵبەری گەشەنەسەندوویی ئەو ناوچانەیە کە لە ناچاری ڕوویان لەو کارە کردوە.

هەژاری و نەداریی بەردەوام، بەرزترین ڕێژەی بێکاری لە وڵاتدا، پاشەڕۆیی گەشەی ئابووری و پشکی کەمتر لە یەک لە سەد لە بەرهەمی ناخالسی نێوخۆیی و داهات و سەرانە کەمتر لە سەرانە وڵات، فاکتەرێکی گرنگی ئابوورین کە نیشاندەری هەژاری و نەدارین کە لەو نووسینەدا ناپڕژێینە سەریان.

بەڵام بەدڵنیاییەوە گەشە نەکردنی شارە کوردییەکان تەنیا باری ئابووری ناگرنەوە، بەڵکوو هۆکارەکانی وەک ڕوانگەی ئەمنییەتی حکومەت بۆ کوردستان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا و سیاسییانە هەڵسوکەوت کردن دەگەڵ ئەو مەکۆیە و دەنگەشە و پڕۆپاگەندەی نەرێنی بەردەوام کاری کردووەتە سەر خاوەن سامان و دەوڵەمەندان کە سامانەکەیان کەمتر لەو ناوچانە بخەوێنن و لە ئاکامدا هێندەی دیکەی ناوچەکەی پاش خستوە. هەژار ڕاگرتنی و سەپاندنی ئەو دۆخە بەسەر خەڵک بەهۆکاری نەتەوەیی و مەزهەبی و پەراوێزخستنیان هۆکاری سەرەکیی گەشەی ناسەقامگیرە.

ئەو مەترسییانەی کۆڵبەران دەستەویەخەنی:

بەڵا سرووشتییەکان: لە ناوچە کوێستانییەکانی و رژد و هەڵەمووتەکان کە کێوان سەر لە ئاسمان دەسوون، کۆڵبەران بە زستانان دەگەڵ بارینی بەفر رووبەڕووی مەترسی کەوتنی رنوو دەبنەوە.

مین: بەداخەوە ئەو مینانەی لە دوای شەڕی ئێران و ئێراقەوە جێ ماون هێستاش خەڵکی دەکەونە سەری و کۆڵبەرانیش لەو کەسانەن دەبنە قوربانی ئەو مینانە.

حکوومەت: تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵبەران بە تاوانی ئاودیوی کاڵا.

حکوومەت لە سەر دیاردەی کۆڵبەری دەبوایە دوو جاران وڵامدەری خەڵکی کورد بوایە:

یەکەم لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە پشکێکی زۆر کەمیان لە داهات و گەشەسەندن بەردەکەوێ، دوویەمیش بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ لە کۆڵبەران بەو تاوانەی بۆیان پێناسە کردوون و سزا دەدرێن.

بەڵام بەڕاستی تاوانی کۆڵبەران هێند قورسە دەبێ تەقەیان لێ بکرێ؟

کۆڵبەران تاوانبار نین هەتا بە تەقە و فیشەک و کوشتن وڵامی خواست و ویستەکانیان بدرێتەوە. پاشان بەڕاستی قازانجی ئەو کاڵایانەی بە شانی کۆڵبەران ئاودیو دەکرێن، دەچی لە باغەڵی کێوە؟

بەڕاستی یەک لە سەدی قازانجی مەزنی فرۆشی ئەو کاڵایانەی کۆڵبەران ئاودیوی دەکەن ناچی لە گیرفانی خۆیانەوە، بەڵکوو دەچی دە باغەڵی ئەو دەوڵەمەندانەی کە بە کڕی و فرۆشی بەکۆی کاڵاکان، وەک کارک پێی هەڵدەتۆقێن.

بە واتایەکی دیکە کۆڵبەران تەنیا ئەرکیان ئاودیوی کاڵاکانە، دەنا هیچ دەورێکیان دە کڕین و فرۆشتنیدا نیە.

تەنیا پشکی کۆڵبەر قوورسایی بارە، کە بە شاخەکاندا بە هەزاران مەترسی و بەدبەختی و بە پارەیەکی کەم بۆ دابینی بژێوی ژیانی خێزان وماڵومنداڵ ئاودیوی دەکەن.

بەسەرنجدان بەوەی کە ئەو کاڵایانە تەنیا لە ڕۆژاوای ئێران بەکارناهێنرێن و لە هەمووی ئێرانەوە داواکارییان هەیە، بڵاوکردنەوە و ڕاگواستنیان دە نێو وڵاتدا بە قاچاخ دانانرێ، بەڵکو تەنیا لە کاتی ئاودیوکردندا بە قاچاخ دەزاندرێ.

لە ئاکامدا بەرینایی جوگرافیایی بازاری کاڵاکان دوای ئاودیو بوون و چۆنێتی گواستنەوەیان بۆ سەرانسەری ئێران جێگەی تێرامانە، بە چەشنێک ئەو کاڵایانە بە کانتینێر و ماشێنی گەورە لە ئێراندا بڵاو دەکرێنەوە.



> [ هەژاری و نەداریی بەردەوام، بەرزترین ڕێژەی بێکاری، پاشکەوتوویی گەشەی ئابووری و پشکی کەمتر لە یەک لە سەد لە بەرهەمی ناخالسی نێوخۆیی و داهاتی سەرانەی کەمتر لە نێونجی سەرانەی وڵات، فاکتەرێکی گرینگی ئابوورین کە نیشاندەری هەژاری و نەدارین و لە کوردستاندا زیاتر لە هەر جێیەکی ئێران بەرچاو دەکەووێ]

ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە بە سنووری ئاوی و وشکانی دووروودرێژەوە کە دامەزراو و ناوەندە حکوومەتییەکانی وەک سوپای پاسدارن و خاتەموئەنبیا بە هەموو ڕێگەیەکدا بۆ دەستخستنی قازانج و هاوردەی کاڵای قاچاخ دەستیان پێی ڕادەگا، بە چەشنێک لە بەندەرەکانی باشوور و باکووری وڵاتەوە لە ئیسکلەکانەوە مەزەندە دەکرێ بە ملیارد کاڵا هاوردە بکرێ کە بەبێ هیچ کۆنترۆڵ و چاوەدێرییەک و بە بێ دانی هیچ کۆمرۆکێک بازرگانی پێوە دەکرێ.

ئەو کەمە کاڵایەی لە سەر سنوورەکانی ڕۆژاواوە بە هەزاران کێشە و ناخۆشی و ڕێگەی ناخۆشەوە ئاودیو دەکرێ بەدڵنیاییەوە بەرچاو نیە، ئیدیعای کارناسانی حکوومەتیش لەمبارەوە تەنیا کۆنترۆڵ و چاوەدێری زیاتری خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هیچی دیکە.

کۆڵبەری لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە هۆکاری ناسیونالیستی و ئایدیۆلۆژی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لەسەر کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی بە چاوێکی سیاسی لێی دەڕوانرێ بەدڵنیاییەوە بیاڤی ئابووریش دەگرێتەوە و دەبێتە هێمای بەرچاوی دەسەڵات لەسەر بیاڤی ئابووری.

* تەها ڕەحیمی لە فارسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی

# ئیددیعای تیلێرسۆن بۆ گۆڕینی «ئاشتییانەی» ڕێژیمی ئێران، ڕاستە؟ ئەدی دوایە؟



جاست سێکیوریتی - ئێریک پێلۆفسکی
و: کەماڵ حەسەنپوور

جاست سێکیوریتی - ئێریک پێلۆفسکی

ئێستا لە دیسکۆرسی سیاسیی نێوخۆ، زۆر دەگمەن باسێکی سیاسەتی دەرەوە پتر لە خولێک لە نێو هەواڵەکاندا دەمێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە پەیوەندی بە رووسیەوە هەبێ. بەڵام کەمێک پێشتر لەو مانگەدا، هەواڵێکی گرینگ وەک دەنگێکی زۆر لاواز لە ڕاداردا دەنگی دایەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتیی لە کۆنگرەدا، وەزیری دەرەوە ڕێکس تیلێرسۆن باسی لەوە کرد کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ئێران دەبێ، لەگەڵ شتی دی پشتیوانیی بۆ گۆڕینی «ئاشتییانەی» ڕێژیمیشی تێدا بێ. لە باشترین حاڵەت دا ئەوە ڕەنگدانەوەی ناکارامەیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە بارەی ئێران و لە خراپترین حاڵەتدا، ئەوە نیشاندەری دەستپێکی دەسکەوتی کۆنەپارێزە نوێیەکان لە سیاسەتی ترامپ بەرامبەر ئێرانە.

### ئەو دارەی کە کەوتە نێو دارستانەوە

تیلێرسۆن لە وەڵامی پرسیاری ئەندامێکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوە لە بارەی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە گۆڕینی ڕێژیمی ئێران گوتی: «سیاسەتی ئێمە بەرامبەر بە ئێران ئەوەیە کە پاشەکشە بە هەژمۆنیی ئەوان بکەین، پێش بە توانایی دروستکردنی چەکی ناوەکیی ئێران بگرین و هاوکاریی ئەو لایەنانە لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا بکەین کە ببێتە هۆی گۆڕینی ئاشتیانەی دەوڵەت.» تیلێرسۆن دەڵێ «ئەو لایەنانە بێگومان بوونیان هەیە.»

ڕاپۆرتی نووسراوەی تیلێرسۆن ئەو ئیدیعایانەی تێدا نەبوو. لە جیاتان ئەو گوتی، «ڕێژیمی ئێران درێژە بە دەست تێوەردان و ناسەقامگیرکردنی خۆرهەڵاتی ناوین دەدا، پشتیوانی لە ڕێژیمی ئەسەد و پشتیوانیی ئابووریی لە میلیشیا و شەڕکەرانی بیانی لە عێراق و یەمەن دەکا بۆ بنکۆڵ کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ڕەوا و چەکدارکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی وەک حیزبوڵڵا، کە هەڕەشە لە هاوپەیمانی ئێمە ئیسرائیل دەکا و ئێمە و هاوپەیمانەکانمان دەبێ بەرپەرچی هەوڵەکانی ئێران لە ناوچە بدەینەوە.»

بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئاخۆ تیلێرسۆن ئەو قسانەی بۆ بەهێزتر کردنی ڕاپۆرتەکەی گوتن یا ئەو شتانەی لەپڕدا بە مێشکی داهاتن، وەڵامی ناوبراو جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ قسەکانی پێشووی ئیدارەی ترامپ لە بارەی ئێراندا هەبوو؛ لەوەش زیاتر لەگەڵ سیاسەتی لەمێژینەی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

وتەبێژێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕایگەیاند کە «پشتیوانیی ڕاستەوخۆ» لە گۆڕینی ڕێژیمی ئێران سیاسەتێک نیە کە ئیدارەی ترامپ بیری لێدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەراوەردکردنی ئەو ڕەتکردنەوە دەستبەجێ و شڵەژاوە لەگەڵ بۆچوونی وەزیری کاروباری دەرەوە کە لە کۆنگرەدا شاهیدی دەدا ئاسان نیە. جگەلەوە لە کاتێکدا کە پرۆسەی چاوخشاندن بە سیاسەت [بەرامبەر بە ئێران] بەردەوامە، ئەو دڵنیاکردنەوەیە ناتوانێ بەڵێنیی بدا کە خاڵی گۆڕینی ڕێژیمی تێدا نابێ، بەتایبەتیی کە تیلێرسۆن یاریکەری سەرەکی لەو پێداچوونەوەدایە. هەر بۆیە ئەوە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ئێران هێندەی دیکە لێڵ و تەمتوماوی دەکا.

### کاردانەوەکان لە ئێران

هەرچەند کە ئەو هەواڵە لە واشینگتۆن هەرایەکی نەنایەوە بەڵام ئێرانییەکان چاک پێی هەڵبەزینەوە. تاران نارەزایەتیی خۆی لە چەند شوێنێک دەربڕیی. لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لای سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان و، لای باڵوێزی سویس لە ئێران کە دەوڵەتەکەی لە ساڵی ١٩٨٠ وە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

دەوڵەتی ئێران چەند نامەی بڵاو کردنەوە کە لەواندا قسەکانی تیلێرسۆنی وەک «نەخشەیەکی دەستتێوەردانی بێشەرمانە کە بە پێچەوانەی گشت پێوانە و پرەنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی، هەروەها بە پێچەوانەی پێڕەوی نەتەوە یەکگرتوەکان و نیشاندەری ئاکاری ناپەسەند لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان» ناوبردوو. ئێرانییەکان لەوەش زیاتر چووبە پێشێ و گوتیان کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایریان (ئەو ڕێککەوتننامەیە کە کۆتایی بە قەیرانی بارمتەکان هێنا) ژێرپێ ناوە کە دەڵێ [ئامریکا] نابێ ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەردا.

ئیدارەی ترامپ چاو بە سیاسەتی بەرامبەر بە ئێران دا دەخشێنێ، بەڵام ئێمە دەبینین کە بە چ ئاقارێکدا دەڕوا. ویدەچێ کاربەدەستان لەسەر هەڵویستێکی سێ بەرەیی کار بکەن کە ئامانجەکەی یەکەم سەپاندنی «بەرجام» بە شێوەیەکی چڕوپڕ و ئاماژە بە کەموکوڕیی و هەڵەکان (ڕاستەقینە و هەست پێکراو)، دووهەم لاوازکردنی نفوزی ناوچەیی ئێران لە هەرشوێنێک کە بلوێ، و سێهەم بەهێزکردنی هاوپەیمانەکانمان لە ناوچە لە دژی ئێران.

### ڕۆژێکی نوێ و شایەکی نوێ لە عەڕەبستانی سعودی

حەوتووی ڕابردوو، واشینگتۆن بەرەوڕووی دیمەنێکی نوێ لە عەڕەبستانی سعودی بۆوە، کە شازادەیەکی جێنشین (موحەممەد بین نایف) مەیدانەکەی بۆ شازادەیەکی جێنشینی نوێ (موحەممەد بین سەلمان) کە پیرۆزبایی و بڕیاری وەفاداریی پێگەیشت، جێهێشت.

موحەممەد بین سەلمان وەک ئەندازیاری قەیرانی یەمەن سەیر دەکرێ و هەروەها دەوری سەرەکیی لە لایەن سعودییەوە لە قەیرانی قەتەردا بینیوە. ئێستا، کە ئەو جێپێی خۆی وەک جێنشین بۆ پاشایەتیی قایم کردووە، ویدەچێ بەرپرسی سەرەکیی سیاسەتی کاروباری دەرەوەی عەڕەبستانی سعودی بێ. لە وتووێژێکی تەلەفزیۆنییدا موحەممەد بین سەلمان هەڕەشەی لە ئێران کرد کە «هەوڵ بدا کە شەڕ لەگەڵ ئێران لەنێوخۆی ئێران دا بکا نەک لە عەڕەبستانی سعودی.» بێ گومان بەرنامەی سعودی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵە ناوچەییەکانی ئێران چڕتر دەبنەوە، جا ئەوە لە یەمەن، قەتەر یا هەرشوێنێکی دیکە بێ.

لە یەمەن بواری سەربازیی بە شێوەیەکی گشتیی تووشی دۆخی کوێر بووە و دانوستانە سیاسییەکانیش لە سەرەمەرگ دان.

قەیرانی قەتەر لە هی یەمەن دژوارترە، بەڵام سەرئەنجامەکەشی زۆر نادیارە. دەوڵەتانی سعودی و ئیمارات نیگەرنیی قووڵی خۆیان لەبارەی پشتیوانیی قەتەر لە ئیسلامیست و گروپە توندئاژۆکان دەربڕیوە و ئابلوقەیەکی بەربڵاوی ئابووریی و ئاسمانییان بەسەری دا سەپاندوە. لەو دواییانە دا داواکارییەکی ١٣ خالیی بۆ هەڵگرتنی ئابلوقەکان پێشکەشی قەتەر کراوە، بەڵام بەربڵاویی داواکارییەکان وێناچێ هیچ ڕێگا چارەیەکی خێرا بۆ قەیرانەکە بهێڵێتەوە.

لە یەمەن و قەتەر، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندیی بەرچاوی هەن و هەندێک یارمەتیی بە هەوڵەکانی سعودی و ئیماراتی گەیاندووە. سیاسەتی دەرەوەی سعودی بەرامبەر بە ئێران لەوانەیە فۆرمێکی چالاکتر بگرێتە خۆ. بڕیارەکانی داهاتوو لە بارەی ئێران دەتوانێ لە لایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانی ناوچە لەبار ببرێ یا بە هۆی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو خێرا بکرێ (بۆ وێنە وەک ڕووبەڕووبونەوەیکی تر لە ئەلتەنف یا دەوروبەری ئەوێ). لە هەر حاڵدا، دەبێ بەڕێوەبەرایەتیی بە سەرنج و دیققەتێکی زۆرەوە ئەو بڕیارانە بدا.

### دوایە چێ؟

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ بە جیددی بیر لەوە بکاتەوە کە ئاخۆ گۆڕینی ڕێژیم، چ ئاشتییانە یا بە شێوەیەکی دی، کارێکی ژیرانەیە بەرامبەر بەو موشکیلانەی کە ئێران درووستیان دەکا. وا باشترە ئەو کارە پێش ئەوەی کە وڵاتانی دیکە پێشنیاری دی پێشکەش بکەن ئەنجام بدرێ. ئەو «لایەنانەی نێوخۆی ئێران» کە تیلێرسۆن ئاماژەی پێکردن کە لایەنگری گۆڕینی ڕێژیمن، هەر چی بن بە نیشاندانی بوونیان بەهێزتر نابن، بە تایبەتیی ئاشکراکردنیان یا ئاماژە بەوەی کە یارمەتیی بیانییان پێ دەگا. بە تایبەتی ئەگەر کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوە بڵێن. لە جیاتان، وتەکانی تیلێرسۆن ڕەسەنایەتیی ئەو «لایەنانە» لە ناو سیستەمی ئێران دێننە ژێر پرسیار و بیانوویەک دەدەنە دەوڵەتی ئێران کە جارێکی تر بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە خەڵکی وڵاتەکەی بکاتە ئامانج (جا ئەوە لەبەر گۆڕینی ڕێژیم بێ یا هەر شتێکی دی).

لەگەڵ بەرەوپێش چوونی پرۆسەکە لە واشینگتۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێ وریا بێ کە بە شێوەیەکی نەخوازراو وەدوای سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیمی ئێران نەکەوێ. ئەوە بە قازانجی بەرژەوەندیی کورتخایەن و درێژخایەنی ئامریکا نییە.

# بەڕێوەچوونی کۆڕی ڕێزگرتن لە هاشم کەریمی، کەسایەتیی سیاسیی حیزبی دێموکرات



ڕۆژی شەممە، ١٧ی پوشپەڕ بەدەستپێشخەریی بنکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕێک لە لەندەن بۆ کەسایەتیی سیاسی و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، بەڕێز کاک هاشم کەریمی پێکهات.

ئەم کۆڕە بەدەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان و وتاری کاک مەحمەد خاکی لە سەر چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەو کۆرە دەستی پێکرد.

لەو کۆڕەدا کۆمەڵێک وتار لەسەر کەسایەتی و ژیانی سیاسیی کاک هاشم کەریمی لە لایەن کاک محەممەد کەماڵی، سمایل بازیار، محەممەدئەمین مەجیدیان و خوشکە ئازەر پێشکێش کران و پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەڕێوەبەرانی کۆڕی ڕێزلێنان لە کاک هاشم کەریمی، لەلایەن مەلوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبەوە خوێندرایەوە.

لەو کۆڕەدا لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حدک لەلایەن کاک مەلاحەسەن ڕەستگار و لەوحی ڕێزلێنانی نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب لە دەرەوەی وڵات لەلایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە پێشکێش بە کاک هاشم کەریمی کرا.

وتاری کاک هاشم کەریمی و پێشکێشکردنی چەند بڕگە موسیقی لەلایەن کاک ئاوات ئەفرووزی دوو بڕگەی دیکەی بەرنامەکانی ئەو کۆڕە بوون کە بە پەیامی سپاس و پێزانینی خاتوو زێنەب، هاوسەری کاک هاشم کەریمی لە بەڕێوەبەرانی کۆڕیادەکە کۆتایی پێهات.



# لە حوجرەوە

## مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

عادڵ مەحموودی

لە بەهاری ساڵی ٢٦٠١ی کوردی بەرابەر بە ساڵی ١٢٨٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ئەهلی تەسەوف و ئایین، لە گوندی «گوێزەکوێرە»ی سەربەشاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، منداڵێک چاوی بەژیان هەڵهێنا و ناویان نا عەبدولکەریم. عەبدولکەریم کوڕی عەبدولفەتاح کوڕی موستەفا لە هۆزی قازی بوو.وعەبدولکەریم، هێشتا منداڵ بوو کە سەرەتا باوکی و دواتریش دایکی لە دەست دەدا. عەبدولکەریم وخوشکەکانی لەبەر ئەوەی لە گوندی تەکیەی شارەزووری باشووری کوردستانەوە چوبوونە گوندی گوێزەکوێرە، خزم و کەسوکارێکی وەها نزیکیان لەو گوندە نەبوو و بارووددۆخی خەڵکیش بە گشتی باش نەبوو، بۆیە ژیانێکی دژوار و پڕلە نەهامەتییان بەسەر دەبرد و دواجار بە هاوکاریی خەڵکانێکی خێرخواز ناسێنران بە خانەقای شێخ عەلائەدین لە دووڕوو.

شێخ عەلائەدین کوڕی شێخ عومەرسەرپەرەستیی عەبدولکەریم و خوشکەکانی و ئەستۆ گرت و عەبدولکەریم وەبەر خوێندنی ئایینی نرا.

فەقێ عەبدولکەریم لە خانەقای دووڕوودا درێژە بە خوێندن دەدا هەتا ئەوکاتەی شێخ عەلائەدین دەگەڕێتەوە خانەقای بیارەی هەورامان لە باشووری کوردستان و ئەویشی لەگەڵ خۆی دەبا. مەلاعەبدولکەریم لە خانەقای بیارە لە خزمەتی مەلامحەممەدی عوبەیدی و لە ئاستێکی بەرزتردا درێژە بە خوێندن دەدا و دوای ماوەیەک دیسان دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گوندی «بالک»ی سەر بە شاری مەریوان دەگیرسێتەوە و لەوێش چەند پەرتووکێکی دی دەخوێنێ و دواتر لەسەر داوای شێخ عەلائەدین دەگەڕێتەوە خانەقای بیارە.

مەلا عەبدولکەریم وەکوو نەریتی فەقێیەتی زۆر لە حوجرەی گوند و شارەکانی کوردستان گەڕاوە و خوێندوویەتی و هەتا ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی دەچێتە خانەقای مەولانا لە شاری سلێمانی و دوایین پلەکانی مەلایەتی لە خزمەتی شێخ عومەری قەرەداغیدا دەبڕێ و لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاویدا ئیزنی مەلایەتی وەردەگرێ.

مەلا عەبدولکەریم هەر لەسەردەمی فەقێیەتیدا دەستی بە نووسینی شێعر و پەخشان کردوە و نازناوی شێعریی «نامی» بووە و بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبیش بابەت و ڕوونکردنەوە و پەراوێزی لەسەر هەندێک لە پەرتووکە زانستییەکان نووسیوە.

مەلا عەبدولکەریم وەک مەلای گوندی «نێرگسەجاڕ» لە نزیک شاری هەڵەبجە ماوەی چوار ساڵ لەوێ ماوەتەوە و دوایە لەسەر داوای شێخ عەلائەدین گەڕاوەتەوە خانەقای بیارە و لەوێ بە ڕەسمی ناوی «مودەڕیس»ی لێنرا و کرایە مامۆستای یەکێک لە بەناوبانگترین زانکۆ ئایینییەکانی کوردستان کە زیاتر لە سەد خوێندکاری تێدا بوو، ئەویش خانەقای بیارە بوو.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ مامۆستا و بەڕێوەبەری ئەو زانکۆیە بووە و لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٥٠ مامۆستای ئایینی بەناوبانگی کوردستان و وڵاتانی دیکەش لە ژێر دەستی ئەودا پەروەردە کران و مۆڵەتی مەلایەتییان وەرگرتوە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە خانەقای بیارەدا تەنیا سەرقاڵی وانە وتنەوە نەبوو بەڵکوو بووە وەها نووسەرێکی بەتوانا کە شێعر و پەخشان و کۆپەڕ و نامیلکەکانی بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەڕەبی و تورکی دەنگیان دایەوە و ناوبانگیان دەرکرد.



مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لە دوای ٢٤ساڵ لە خانەقای بیارە هەڵکەنرا و چووە مزگەوتی «حاجی حان»لە گەڕەکی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی و بۆ ماوەی چوارساڵیش لەوێ مایەوە و دواتر بە هۆی دژایەتیی کورەکانی مامۆستا لە گەڵ دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆی ئەودەمی عێراق، دوورخرایەوە بۆ شاری «دووزخورماتوو» و دواتر چووەتە تەکیەی تاڵەبانی و لەساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ڕووی کردە پێتەختی عێراق و لەوێ کرا بە پێشنوێژی مزگەوتی «ئەحمەدیە» و مودەڕیس لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم، لە نێو جەرگەی شارێکی عەڕەب و پان عەرەبیزمدا دەستی کرد بە نووسین و زیندووکردنەوەی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و بە هاوکاریی فاتێح و محەممەدی کوڕی چەندین دیوانیان بە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلەوە لە فەوتان ڕزگار کرد و پێشکەشی گەلی کوردیان کردنەوە. دیوانەکانی مەولەوی، نالی، سالم، بێسارانی، مەحوی و فەقێ قادری هەمەوەندی چەند نموونە لەو کارە بەپێز و بەبایەخانەن.

مامۆستا لە تەمەنی پڕ بەرهەمیدا ٤٧ کۆپەڕی بە زمانی کوردی بڵاو کردووەتەوە و کۆپەڕی بڵاو نەکراوەشی هەن کە لە چاپ نەدراون، هەروەها ٣٠کۆپەڕی بە زمانی عەڕەبی و ٧کۆپەڕی بە زمانی فارسی و فەرهەنگێکی تورکی بە کوردیشی نووسیون.

مامۆستا هەرگیز باوەڕی بەوە نەبووە و ئەو سووکایەتیەشی پێ قەبووڵ نەکراوە کە خواپەرەستی هەردەبێ بە عەرەبی بێ، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە یەکەم مامۆستای ئایینی بوو وتارەکانی ڕۆژی هەینیی بە کوردی بووە و ڕێگای بۆ مامۆستاکانی دیکەش کردۆتەوە کە بە زمانی خویان وتار بدەن. هەرچەند کە لە کاتی خۆ دا بیر تەسکان و چاوتاریکان دژایەتیەکی زۆریان کرد و بەرەنگاری بوونەوە، بەڵام مامۆستا بەوەشەوە نەوەستا و قورعانی پیرۆزیشی کردە بەکوردی و بیروبۆچوونی سەربەخۆیشی هەبوە لە سەر چۆنیەتی تەفسیرکرنی ئایەتەکان و چاوی لە دەمی خەڵکی بێگانە نەبوە.


مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس خاوەنی فەلسەفە و بۆچوونێکی تایبەت بە خۆی بووە و سنووری خۆی لە گەڵ خەڵکانی توندئاژۆ و شەڕخوازی ئایینی جیاکردووەتەوە و باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان هەبووە و بەردەوامیش شانازی بە کوردبوونیەوە کردوە، ئەو ئامۆژگاریی قوتابییە کوردەکانی کردوە کە نیشتیمانپەروەر و وەفاداربن بە گەلەکەی خۆیان، کە جارێکیان لە وەڵامی دیکتاتۆری لەنێوچووی عێراقدا کە بە سەردانێک چووەتە خزمەتی و پێی گوتووە مامۆستا بۆچی زانا کوردەکان لە کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە و هەڵدێن؟ مامۆستاش ئەو پرسیارە بە سووکایەتی دەزانێ و دەفەرمێ نا وا نیە، ئەمن لە بەر نەخوێندەواری لە کوردستاندا جێگەم نەبۆتەوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم، لە بەر ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر لایەنگری بوون و ناوبانگێکی زۆری هەبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر کوردەکانی دانیشتوو و کۆچەری شاری بەغدا لە ژێر سێبەریدا پارێزراو و بێ کێشەتر بوون و خەڵکانێکی زۆر لە بەر خۆشەویستیی مامۆستا سەربەستانە دەژیان.

مامۆستا لە پلەی زانستدا گەییشتبووە ئاستێک کە جگە لە عێراق لە وڵاتانی سعوودیە، ئۆردۆن، سووریە، لوبنان، فەلەستین، ئێران، تورکیە، میسر، سوودان، جەزائێر، مەغرێب، کۆوەیت، ئەفغانستان، پاکستان و هەتا دەگاتە مالیزی و ئەندەنووزیش، بۆ فێربوونی زانست دەهاتنە خزمەتی، هەروەها لەوەتەی وڵاتی عێراق دامەزراوە هەموو موفتییەکانی شاری بەغدا کورد بوون، کە دواییینیان مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بوو و دوای کۆچی بەڕێزیان شاری بەغدادش بەبێ موفتی ماوەتەوە.

مامۆستا لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی بەڕەسمی کرا بە سەرۆکی کۆڕی زانایانی عێراق و لە ساڵی ١٣٥٨دا کرا بە ئەندامی کۆڕی زانیاریی دەستەی کورد و هەروەها باوە پێکراوی کۆڕی زانیاری وڵاتی ئۆردۆنیش بووە و چەند ساڵێک دواتر لە لایەن سێ هەزار زانای سەرانسەری عێڕاقەوە وەکوو «ئەمینداری باڵا بۆ بڕیاردان و وانە وتنەوە و لێکۆڵینەوەکان و تەسەوف» هەڵبژێردراوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، شەوی ٨ی پووشپەڕی ساڵی١٣٨٤ی هەتاوی لە تەمەنی ١٠٤ ساڵیدا کۆچی دوایی و ماڵئاوایی لە ژیان کرد و خەرمانێک لە پەرتووکی بۆ گەلەکەی بەجێهێشت و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە خاک سپێردرا.


برایم چووکەڵی

# قەڵای سەربەرزی یا «قلعه ضد انقلاب»

ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پێشمەرگە لەخۆبووردووکانی هێزی بێستوون هێرشیان کردە سەر پایەگای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گوندەکانی «نیەر»، «تەنگیسەر» و «میراو» کە لەئاکامدا شەش پایەگا لەو ناوچەیە دەستیان بەسەردا گیرا و دەیان کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران‌و بەدیل گیران.نرخی ئەو سەرکەوتنە گیانی سێ شۆڕەسواری کورد بوون کە ئەگەرچی گلان، بەڵام بوونە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەم ڕووداوەیان ئێستاشوەک سەرکەوتنێکی لەبیر نەکراو لەبیرو زەیندا بمێنێتەوە.

دوابەدوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شوێنی عەمەلیاتەکە، چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی وەخۆ کەوتن. ئەوان ڕۆژی دوای عەمەلیاتەکە پەلاماری گوندی تەنگیسەریان دا ورۆژی دواتر هێرشیان بردە سەر ئاوایی نیەر و مغووڵ‌ئاسا کەوتنە گیانی خەڵک.لێدان و کوتان و بەربوونە گیانی خەڵکی ئاسایی و مەدەنیی گوندەکە دەسپێک و یەکەم کاریان بوو. ئەوەی لەو گوندە چاویان پێکەوتنا دەسبەسەر و بەرێی شاری سنەیان دەکرد، بەڵام دیار بوو کە خەریکە پیلانێکی چەپەڵی دیکە و گەورەتر لەوە دەگێڕن. هێزەکانی دوژمن هەر لە یەکەم ساتەکانی هێرشەکەیان بۆ سەر ئاوایی، ژمارەیەک کوردی بەدناویان بۆ سووتاندنی ماڵەکان دیاری کردبوو. ڕێژیم کە ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی پتر لە هەموو کاتێک دەرخستبوو، ٢٠ ماڵ لە تەنگیسەر و ٨٠ ماڵیان لە نیەر ئاگردا و تەختی زەوییان کردن. تاوانی خاوەنی ئەو ماڵانە ئەوە بوو باوەشیان بۆ ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان کردوونەوە و نان و پێخۆریان داونەتێ تاوانی هەرە گەورەتریان ئەوە بوو ئامادە نەبوون حاشا لە خوشک و براکانی خۆیان بکەن و گوێڕایەڵی هێزەکانی سپای پاسداران و ملکەچی داواکانیان بن.

لەماوی حەوتوویەکدا ئەوەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئەوناوچەیەی هێنا مرۆڤ پێی شەرمە بیگێڕێتەوە و قەڵەم پێی سەخڵەتە بینووسێتەوە.

جارێک خەڵکەکەیان تەنگەتاو دەکرد کە دەبێ بە خرِی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێ بهێڵن و بچنە عێراقێ، دوایە ئۆخژنیان نەدەهات و دەیانگوت نابێ ئاوا ئاسان لە بەر دەستمان ڕزگارتان بێ و هەمووتان دەکوژین.

هەر لەو ماوە کورتەدا نزیک بەسەد کەس لە خەڵکی ئاوایی کە گیرابوونبەرێی زیندانی سنە کران و دەیان کەسی دیکەیان وەک دیل‌و کۆیلە نایە بەر بێگارییەکانی سپا. قین لە دڵی و بڵێسەی ڕقی سپای پاسداران و هەستی دوژمنکارانەی ڕێژیم شتێک نەبوو بەوەندە دامرکێ. ئەوان هاتن دەیان کەسی خەڵکی ئاواییان لە شوێنێک کۆکردەوە و لە ٢٠ میترییەوە بەردەسڕێژی چەکەکانیان دان، جینایەتێک کە زمان لە گێڕانەوەیدا لە گۆ دەکەوێ. لەززەتی ئینسانکوژیی هێزەکانی ڕێژیم بووە هۆی ئەوەی کە ٢٥ کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئاوایی برینی سووک و قورس هەڵبگرن، بێ ئەوەی ڕێگەیان بدرێتێ لە هیچ کوێیەک چارەسەری برینەکانیان بکەن، بەڵام ئەوە کۆتایی ئەو بەسەرهاتە نییە.

ڕێژیم کە بڕیاری ڕووخاندنی هەر هەمووئەو ئاواییە ٤٠٠ ماڵییەی دابوو، لە ترسی تۆڵەی پێشمەرگە لەوە پاشگەز بۆوە، بەڵام هەموو ئەو بنەماڵانەی ڕۆڵەکانیان لە نێو هێزی پێشمەرگەدا بوون و ژمارەیان نیزیک بە ٥٠ کەس دەبوون، لە ئاوایی دەرکران.

پاش جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەترسنۆکانە ونابەجێیەی ڕێژیم، سپای پاسداران چەند موڵگەو بنکەی نیزامیی دیکەی لە ئاوایی تەنگیسەرو میراو داناو ژمارەیەک لە خەڵکەکەشی بەزۆر چەکدار کردن، بەڵام لە نیەر نە پایەگای دانا و نەکەسیشی چەکدار کرد، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک متمانەی بە خەڵکی ئەو گوندە نەبوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ناوی «قلعەی ضد انقلاب»یان بەسەر گوندی نیەردا بڕی، بە حەق هەر واش بوو؛ چونکی وەک چیایەکی سەرکەش لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی هێزەکانی کۆماریدا ڕاوەستابوو. لە نێو خەڵکیشدا نیەر بەهۆی حەماسە و فیداکاریی خەڵکەکەی نازناوی «قەڵای سەربەرزی»ی پێدرا و ئێستاش هەر بەو نازناوە دەناسرێتەوە.

ڕێژیم دوای ئەم ڕووداوە و سەرباری هەموو ئەو تاوان و خراپەکارییانەی کردبووی حەوتووی دوو جار بە چەند گرووپێکی زەربەت، ئەویش بە ترس و دڵەخورپەی زۆرەوە دەچووە ئەو گوندە و تا دەگەڕانەوە نیوەعومر دەبوون. وەک بۆ خۆیان لە هەندێ شوێن باسیان دەکرد داروبەردی ئەوگوندەیان لێ پێشمەرگە بوو.

ئەوان بۆ شاردنەوەی ترسەکەیان و زاڵبوون بەسەر دڵەخورپە و شکاندنی تینوێتیی ناخیان هەموو جارێ سووکایەتییان بە خەڵکەکە دەکردو بەردەبوونە گیانیان، بەڵام ئەوەی پتر لە هەموو شتێک داخ لە دڵی دەکردن ئیمان و ورە و باوەڕی ئەو خەڵکە بوو کە بۆیان دەستەمۆ نەدەبوون. خەڵکی ئاوایی هەموو جارێ لە نەبوونی هێزە سەرکوتگەرەکاندا ماڵە سووتاوێکی ئاوەدانییان دەخستەوە سەرپێ و باوەشیان بۆ بنەماڵە پێشمەرگە دەرکراوەکان دەکردەوە و بە نهێنی دەیانهێنانەوە سەر ماڵ و حاڵ و ژیانیان.چیرۆکی سەرکوتی خەڵک لەلایەن هێزەکانی ڕێژیم و خۆڕاگرییان لەبەردەم ئەو شاڵاوەدا، تراژیدیک و لەو شێوەیە زیاتر لە ساڵێکی خایاند و لە شێوازی دیکەدا ئێستاش درێژەی هەیە.

بەمجۆرە بوو کە قەڵای سەربەرزی هەروا بە سەربەرز مایەوە و تەواوی ئەو تاوانکاری، سوکایەتی پێکردن، جینایەت و سیاسەتی سەرکوت و کوشت‌وکوشتاری خەڵک لەلایەن داگیرکەرانەوە نەیتوانی خەڵکی قارەمان‌و خۆڕاگری نیەر بەچۆک دابێنێ‌و کەوییان بکا. ئەو دوای ئەو برینە قورسەی هەڵیان گرتبوو لە وەرز و ساڵانی داهاتووشدا پتر لە پێشوو پشتیوان و یارو یاوەری هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات مانەوە. ماڵ نەبوو لەو گوندە کە پێشمەرگە هەست بە ئاسوودەیی و ئەرخەیانی نەکا تێیدا، زۆر جار بووە کە پێشمەرگەی بریندار تەنانەت بە پۆل لەو گوندە ماونەتەوە و لەلایەن خەڵکەوە تیمار کراون و شاردراونەتەوە. پیرانی ئەو گوندە هەموو دەمێ وانەی نیشتمانپەرەستی و پێشمەرگەخۆشەویستییان فێری منداڵان و نەوەی تازە پێگەیشتووی ئاوایی دەکرد و سەنگەری خەباتیان پێ ئاوەدان دەکردنەوە.

نیەر، واتە قەڵای سەربەرزیسەنگەرێکی گەمارۆ دراو بە ئیمان و باوەڕی کوردایەتی بوو کە هێچکات دەستی ڕێژیمی نەگەیشتێ و لە نێو دیرۆکی حەماسە و خوێنی ڕۆژهەڵاتدا بە درەوشاوەیی مایەوە.

دیارە نیەر لەم دەڤەرە و لەو کاروانەدا تەنیا نەمایەوە و گەلێ دەستەخوشکی دیکەی بۆ پەیدا بوون. ڕووداوەکان پێمان دەڵێن لە نیوەی دووهەمی دەیەی ١٣٦٠دا ئیدی تەنیا نیەرو تەنگیسەر نین کە ئەو بارە قورسەیان کەوتۆتە سەرشان، بەڵکوو ئاواییەکانی «سەرڕێز» و «گواز»یش بوونەتەدەستەخوشکی ئەو گوندانەو زۆر گوندی دیکەش هاتوونە نێو ئەم گۆڤەندەوە کە نیەر سەرچۆپییەکەی دەکێشا.

چیرۆکی حەماسەی خەڵکی ئەم ناوچەیە نە یەک و دوون و نە لە تاقەتی ئەو نووسراوەیەدان، لە جەنگەی زۆرترین و سەختترین شەڕە داسەپاوەکاندا خەڵکی ئەو گوندانە هێزی پشتیوانی پێشمەرگە بوون، بە ئیمان و فیداکارییەوە دالّدەیان دەدەن، دابینیان دەکردن و برینداره‌کانیان بۆ تیمار دەکردن و بۆ سەنگەریان بەڕێ دەکردنەوە. ئەم ناوچەیەی کوردستان بەسەرهاتی خۆی لە مێژووی قوربانیدانی ئەو نیشتمانەدا بە خوێن و ئاگر و دووکەڵ نووسیوەتەوە و لە پێناو سەربەستیی ئاو خاکو نیشتماندا زۆری بەخشیوە. ئەم چیرۆکە نە تەواو دەبێ و نە دەبڕێتەوە. ئەو کاروانە ئێستاش هەر بەڕێگاوەیەو ئەو خەڵکە هەروا قارەمانە درێژەدەری ڕێگای شەهیدانن، گوندێکی بچووک لەو نیشتمانە کە زیاتر لە ٥٠ شەهیدی لە ئامێزی دایکی نیشتماندا‌جێیان گرتوە و خەڵکەکەی هەروا بەئیمان بە ڕێبازی پیرۆزیان، قەڵای سەربەرزییان بەسەربەرزی و ئاڵای حیزبەکەیان هەروا شەکاوە ڕاگرتوە.

سەرچاوە: کتێبی ئازار و ئەزموون/ حاتەم منبەری

# ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان


حەسەن حاتەمی

لە کۆبوونەوەیەکی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، لە ڕۆژی ٧ی جوونی ٢٠١٧ (١٧ ی جۆزەردانی ١٣٩٦) دا، بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان؛ ڕۆژی ٢٥ ی سێپتامبری ٢٠١٧ (٤ ی ڕەزبەری ١٣٩٦) ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دیاری کرا.

### ئاماژە و ئاکام

١_ لە ساڵی ١٥١٤ کە نەتەوەی کورد و نیشتیمانەکەی دوای شەڕی چاڵدوڕان، بۆ یەکەمجار بەسەر دوو ئیمپڕاتووریی ئێران و عوسمانیدا، دابەش کرا، لە ساڵی ١٩١٦ لە پەیمانی سایکس_ پیکۆدا، دابەش کرایەوە و لە ١٩٢٣ لە لۆزان، ئەو دابەشینە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. دوای دابەشبوونی دوویەم نەتەوەکەمان، جگە لە فارس و تورک، عەرەبیشی بە دروستکرانی وڵاتانی عێراق و سووریە بە پرسەکەیەوە زیاد و موشکیلاتی پتر بوون.

٢_ کورد لە زۆربەی هەرەزۆری ماوەی بوونیدا، لە ژێر زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە و تواندنەوەدا، ژیاوە. ئەو نەتەوە بەردەوام بۆ ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی خەباتی کردوە و بە پێی کات و تواناکانی، داواکانی هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام بەداخەوە لە هێچکام لە چوار بەشە بەزۆرەملی دابەش کراوەکەیدا، ئیزنی مافی ڕەوای خۆی و ژیانی مرۆڤی سەردەمی پێ نەدراوە.

٣_ ئێستا بە تێپەڕینی نزیکەی ٢٠ ساڵ لە سەدەی ٢١ی زایینی و دوای ٢٥ ساڵ ئەزموونی حکوومەتیی هەرێمی باشووری کوردستان و دەستکەوتە مەزنەکانی (سەرەڕای کەموکوڕی و ناکۆکییە جێی داخەکانی)، ئەو ئەکتەر سیاسییە هاتۆتە نێو خولێکی نوێی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی لە ڕیفڕاندۆمێک لە ڕۆژێکی دیاریکراو دا. پێویستە ئەو دیاردە گرینگ و دەگمەنەی مێژووی هاوچەرخی کورد، بەدروستی و ئەوپەڕی بەرپرسایەتیی تاک و کۆ، لایەنە سیاسی و نا سیاسییەکانی، هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ و بە مودیرییەتێکی ژیرانە لێی دەرباز بێ و ئیرادەیەکی سەربەخۆییخوازانە و دڵخوازانە و گشتگیری لێبکەوێتەوە. ئەوکات زۆرترین کاریگەری ئەرێنی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا، لێدەکەوێتەوە.

٤_ لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، دیاردەی نگریسی دڵڕەشی، ئالاڕەشی، کۆمەڵکوژیی داعیش (دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام)، بە فەلسەفەی ئیسلامی سیاسیی سوننی توندئاژۆ، لە بەرانبەر ئیسلامی سیاسیی شیعە و سەرەڕۆ دا، بوو بە هێزێکی زەبەلاحی دژی هەموو بنەما و ژیاری ئینسانی بە مەزهەبی و نا مەزهەبییەوە. داعیش خوێنڕێژی و ئاژاوەیەکی گەورەی دژە مرۆڤی ناوەتەوە و جیهانی لە مەترسییەکی گەورە هاویشتوە. پێوندییە دێموکراتیک و ئازادەکانی بەرتەسک کردۆتەوە و خۆفێکی گەورەی بۆ ژیانی گەشەسەندوو پێک هێناوە.

٥_ بەرگریکارەکانی نەتەوەی کورد و ڕۆڵە فیداکارەکانی لە هێمای، پێشمەرگە و لە ژێر ئاڵای کوردستان (کە یادگارەکانی هەرمانی کۆماری کوردستان بە سەرکۆماریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد بوون) بە هاوپێوەندی لەگەڵ شەرڤان و گریلاکان، ترس و تۆقاندن، کوشتار و ماوڵوێرانییەکانی دەسەڵاتی داعشیان بە یارمەتی هاوپەیمانەکانی دژە تیرۆری جیهانی تێک شکاند.

٦_ فەزای فیداکاری و باوەڕبەخۆ بوون لە هەرێمی باشووڕ و ڕۆژئاوای کوردستان و حیماسەی کۆبانێ و مەزلوومەییەتی شینگاڵ، بەرگری لە دەستکەوتەکان و ڕاودوونانی داعیش، لە لایەک و تراژێدییەکانی، ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و قەڵاچۆکردنی گەلەگەمان لە باشوور و خوێن و قوربانیدانیان لە خەباتی ١٩٢١ هەتا ١٩٩١ و دواتریش لەلایەکی دیکە، ئاوێتە دەبن و گرینگی و بەرجەستەبوونی ڕیفڕاندۆم بۆ سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان پتر دەسەلمێنن.

٧_ لە ماوەی ٢٥ ساڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئاوەدانی و گەشەی زۆر، پلۆڕالیسمی سیاسی و ڕێکخراویی، هەڵبژاردن و تولێڕانس و پێکەوەهەڵکردنی ڕێژەیی، ڕەهەندە گرینگەکانی بوون. هەرچەند لەو بوارانەشدا، کەموکوڕی زۆرن. بەڵام زۆر جێی بایەخە کە، نزیکەی ٣٠ وڵاتی دەوڵەمەند و شوێندانەری جیهانی کونسولخانەیان لە هەولێری پێتەختدا کردۆتەوە و بەرەو پتر بوونیش دەچن.

٨- لەنێو نەتەوەی فارسدا، کەسانی قەڵەم بەدەست و خاون بیروڕای شوێن دانەر سەبارەت بە ڕیفڕاندۆم لە باشووری کورستاندا، زۆر جوان و ئەرێنیانە و بەلێکدانەوەی ژیربێژانە هەڵسوکەوتیان کردوە. مافی ڕەوای گەلەکەمانیان لەو بەشەی نیشتماندا، بەڕەسمی ناسیوە، کە زۆر جێی ڕێزن.

بۆ وێنە: ئاماژە بە سێ نووسراو دەکەم. «استقلال اقلیم کردستان و صلح و توسعه در منطقه، محمد ارسی.» ،«استقلال، آرزوی تاریخی اقلیم کردستان، عنایت هوشمند(١).» و «کردها به آرمان خود نزدیکتر می‌شوند، علل و تبعات ظهور دولت کردی، صادق ملکی.» (٢)

٩_ ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی کوردیان بە نارەوا و دوور لە ویستی ئەوان بەسەردا دابەش کراوە، بە ویستی خۆیان نایانەوێ نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بەهرەمەند بێ. بۆیە لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، بەدژی ئەو هەرێمە سکولار و کۆڵکەزێڕینە و گرینگەی کوردی (کە جگە لە کورد خەڵکانی نا کورد بە ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆر و نا ئایینی و نا مەزهەبیشی تێدا دەژین و مافی بوون و ئازادییان هەیە) بەردەوام لە پیلانگێڕی و دژایەتیدا، بوون.

١٠_ سادقی مەلەکی لە شوێنێکی وتارەکەیدا، دەنووسێ: «کوردەکان پێش هەر پێناسەیەک کوردن. جیاوازیی نییە کە کوردی عێراقی، ئێرانی، تورک یا سووری بن. ڕۆژی دیاریکردنی گشتپرسی، هەواڵێکی خۆش بۆ زۆربەی کوردەکان بوو... ڕوانین لە [هەولێر]، دیاربەکر، کۆبانی و مەهاباد لەگەڵ ڕوانینی حاکمەکانی بەغدا، ئانکارا، دیمشق و تاران، یەک نەبوە و یەکیش نابێ. گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق ئەگەر وەدواش بکەوێ، لە ئیرادەی کوردەکان بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ڕوو نادا.»

ئاغای ئەرەسیش دەنووسێ: «دیفاع لە ئازادی و سەربەخۆیی و پێشکەوتن لە کوردستانی عێراق دەبێ ئەرکی نەتەوەیی و خەڵکیبێ، بێ ئەوەی بە دوژمنی لەگەڵ بەغدا، لێک بدرێتەوە یا بەوە بگا. دەبێ پشتیوانی لە کوردستانی سەربەخۆ بکرێ...

سەربەخۆیی کوردستان عێراق، یانی هەلێک بۆ گفتوگۆی ئاشتی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا، و بەستێنێکی لەبار بۆ گەشە و پەرەی سیاسی_ ئابووری جێگیر لەو ناوچە شەڕئەنگێز و تێرۆریستپەروەر و پڕ کێشەیە. بەتایبەتی پێوەندی بنیاتنەر و سالمی بەرپرسان و کارگێڕانی کوردستانی عێراق لەگەڵ هێزە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان پێگەیەکی تاقانەی داوە بە کوردستان کە دەتوانێ ببێتە ناوەندێک بۆ ئاشتی، ئاوەدانی و پێکهاتنی ئەمنییەت و تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا.»

١١_ لە کاتێکدا، پتر لە ٢٠ وڵاتی عەرەبی و چەند دەوڵەتی فارس، تورک، ئازەری، تورکمەن لە ناوچەکەدا، بوونیان هەیە. وڵاتی سەربەخۆی کورد کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهانە، مافێکی ڕەوایە. هەر وڵاتێکی پشتیوانی لەم ڕیفڕاندۆمە و دروستبوون و سەقامگیری دەوڵەتی کوردی بکا و یا ڕێگر نەبێ، جێی متمانە و پشتیوانی میلیۆنی کوردەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و جیهان دەبێ.

سەرچاوەکان:

١_ سایتی «ایران امروز»، بەشی سیاسەت
٢_ سایت دیپلماسی ایرانی

# بەڕێوەچوونی سیمیناری «دکتور قاسملوو، ناسیونالیزم و، ئەندیشەی چەپ»



کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ٩٦ی لە بەرەبەری ساڵیادی تیرۆری دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی سیمینارێکی بۆ سمایل بازیار، کادری لێهاتووی حیزب و، مامۆستای زانکۆ پێکهێنا. سمایل بازیار لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ژیانی سیاسیی قاسملوو و قوناخە جیاجیا و ڕەهەندە فیکرییەکانی دکتور قاسملووی بۆ ئامادەبووان شی‌کردەوە. کوڕگێڕ ڕوانگە و فکرییەتی دوکتور قاسملووی لە دوو ڕەهەندی «نەتەوەیی و چەپ« بووندا پۆلێنبەندی کرد و هۆکار و بەستێنەکانی شکڵگرتنی بیری چەپی لە خولیاکانی قاسملوودا خستە بەرباس و تیشکی خستەسەر ئەوەی کە سەرەڕای ئەوە نەمر قاسملوو هەموو کاتێ وەکوو چەپێکی ڕەخنەگر دەیڕوانییە چەمکەکان و، چەمکی نەتەوەخوازیی لە ئەندیشەی قاسملوو جێگەی تایبەتی هەبوو. سمایل بازیار لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا، باسی لە هۆکاری چەپ‌بوونی دکتور قاسملوو کرد و، لەو بارەوە چەندین هۆکاری مێژوویی باس کرد، وەکوو کاریگەریی فەزای سیاسیی تاران لە کاتەدا کە ئەو لەوێ خوێندکار بوو، زاڵبوونی وێژمانی چەپ لەو سەردەمەدا کە قاسملوو لە فەڕانسە خوێندکار بوو، ژیان لەو وڵاتانەی کە لە بەرەی سۆسیالیستیدا جێیان دەگرت، بەڵام ئەو هەموو کات وەکوو چەپێکی ڕەخنەگر دەیڕوانیە چەمکەکان و، چەمکی نەتەوەخوازیی لە ئەندیشەی قاسملوو جێگەی تایبەتی هەبوو. سمایل بازیار لە درێژەی باسەکەیدا بە ئاماژە بەو ئاڵوگۆرە فیکری و ڕوانگەییەی بەسەر دوکتور قاسملوو دا هات و ئەوی لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ گۆڕی؛ بە پشتبەستن بە فاکت و بەڵگە مێژووییەکان وەڵامی هێندێک ڕەخنە و تێبینیی لەسەر بۆچوونی دوکتور قاسملوو بۆ پرسی نەتەوەخوازیی و سەربەخۆیی کوردستان دایەوە و، لەو بارەوە گوتی بە سەرەنجدان لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو دەردەکەوێ کە ئاسۆی دووری ئەندیشەی دوکتور قاسملوو سەربەخۆیی کورد و کوردستانی گەورە بووە. کۆڕگێر لە کۆتایی باسەکەیدا ئاماژەی بە سێ باوەڕی دکتور قاسملوو کرد کە هەتا دوایین هەناسەی ژیانی گۆڕانی بەسەردا نەهات و وەکوو سێ کوچکەیەکی قورس وقایم لە ئەندیشەکانی‌دا مانەوە کە بریتین لە؛ چارەنووسی میللەتەکەی، عەداڵەتخوازی و چارەنووسی حیزبی دێموکرات.

# ئاوابوونی خۆرێک



سەردەمێکە
مافخوازی بۆتە باوەڕ و
باوەڕ پێبوونی، شکۆمەندی
شکۆش بەشی هەمووان نیە
سەردەمێکە
لە پێناو ژیانا مردن
مردنێکی بەهادارن
بەڵام تامی ژیان نییە
کۆڵی خەم
هێندەی هەڵناگیرێ و
بزەش هێندەی، بیرنەماوە
ئازادی بۆتە خەیاڵ و
خەیاڵیش وەک چرایەکی درەنگی شەو
کەمێک تروسکایی ماوە
لەم تاقیگەی غیرەتەدا
سالاری و هەیبەت ئەترسێ
ڕازی بوون، نابیتە هاوڕێ
بەم زەردەڵانی پاییزە
لە جێی گەڵا
هەندێک ورەیان ئەوەرێ
یەک یەک... دوو دوو
کەمن ئەوانەی ئەگەنە
ئاستی مانەوەی قاسملوو
لەو جێگایەی ئازادی و مرۆڤایەتی
منەت باری یاسایانە
لەو مێژووەی شارستانیەت
بە درێژی و هەم بە پانی ڕێگایانە
ئێوە وێڵی تەنیا هەر یەک هەناسە بوون
کە ئاسمانی ساوی ئەوێش
بەژاری تێرۆر شلوێ بوو
ئێوە خولیای یەک تاسە بوون
کە ئارامی و پاکی لەوێش
بە ژەنگی تیرۆر گڕوێ بوو
ملوانکەی ڕوناکییەکەتان
ئەهۆنیەوە
بۆ شەوەزەنگی نیشتمان

لەو تیشکانەی لە کەلێن و درزی هەورا
تاڵ تاڵ دزەیان کردبوو
ئەو خەونانەتان ڕەنگ ئەکرد
لە خەیاڵی نەگریسێکا
درۆ و گزەیان کردبوو
لەو ڕنگاڵە بریسکەیی خۆر ئاوایە
خۆری ئێمەی تیا ئاوایە
بۆ ئێمە ئەوێش ئاوایە!!
بەرژەوەندیی ڕووتی ئەوان
لە شەرما عەبای لە بەر بوو
ویژدان هەتاکوو خوار گوێچکە
عەممامەیەکی لە سەر بوو
ئەویش خودانی داد نەبوو
لەوێش خوای داد بوونی نەبوو
تۆ ئازارێکی بە ژانی
لە جەستەی ئەم نیشتمانە
تۆ فرمێسکی وەک بارانی
لەم وشکایی و بیابانە
تۆ هەر وەکوو دیرۆکی خۆت
خەنجەر لە پشتت چەقیوە
تۆ باڵای ئەو دارستانەی
زۆر جار بە دەستی ئاشنا سەرو لەقیان داتاشیوە

تۆ ئەو متمانەی ڕەوایەی
بۆسە و پیلان
نەهاتە نێو گومانتەوە
تۆ ئەو گیانەی  بە بەهایەی
کۆتایی و لە بیرنەچووە
بە مردنیش
نەهاتە نێو ژیانتەوە
تۆ نەمری
چۆنکە بیر و ڕێساکانت
بەردەوامە
لێرە لە نێو هاوڕێکانت
لێرە ورە وەکوو چیا ڕاوەستاوە
لێرە بڕوا هەر وەکوو تۆ، وەک خۆی ماوە

لێرە هەنگاو ماندوو نییە
هیوا بە سەر سەری هەمووانەوەیە، ون نییە
لێرە
چرایەک ڕێ نیشاندەرە
متمانەیە لە لای هەموو
ڕێگایەک دڵنیاییە
پیایدا ڕۆیشتوون
کەسانی وەکوو قاسملوو
لێرە تۆڵە
هەمان ڕقە لە دڵایە
یاد و وەفا
لە مەراسیمی گوڵایە
ترس و دۆڕان
بەدی ناکەم
لە هیچ لایە
لای من دوو لەتی سێوێک
هەرکامیان شێوەی دڵ ئەدەن
دوو قاچی ستوون و تەریب
هەنگاوەکان بەرەو ئامانج
تیژتر ئەبەن

دوو چاوی گەش
مەودای ڕوانین
فەراوان و ڕوونتر ئەکەن
بەڵام دەستەواژەکانی
هزر و هەڵوێست
هەوڵ و هیوا
کار و مەبەست
بیر و بڕوا
بە تێکەڵی
واتایەکی لە خۆیان بە هێزتر ئەدەن
تێکەڵ
وەک خوێنی ڕژاومان
لە یەک سەنگەردا
وەک ئارەقەیی چۆڕاومان
لە یەک ڕێگەدا.

**(ئاسۆ وێردی**

## شەهید


ئەم خوێنەی لە دەمارەکانی
مێژووم دەڕژێ
بەشی هەموو وەرزەکانی ساڵ ئەکا
ڕۆژ نییە
فیشەک، شاباڵی شێعرێک و
کارمامزێکی شاخ و
کوترێکی عاشق و
جەنگاوەرێک لە ڕەگەزی خاک نەپێکێ
لەوەتەی هەم
هەر لە کۆچی خۆمدا دەگەوزێم و
هەر منم
ڕۆحی شەهیدێک بە ئەمانەت وەردەگرم و
سەرلەنوێ شەهید دەبمەوە
لەوەتەی هەم
« بازێکم خەون بە دیل بوونمە دەبینن و
من
ئەمما
بەرز دەفڕم بۆ تەشقی ئاسمان»!
**هیوا_میرزایی**



## «دوایین شێو»ی داوینچی

داوینچی لە کاتی کێشانەوەی تابلۆی «دوایین شێو» تووشی کێشەیەکی گەورە بوو. ئەو دەبوا چاکە لە سیمای عیسادا بنوێنێ و خراپەش لە سیمای یەهودا کە وەک هاوڕێیەکی عیسا بە تەما بوو خەیانەتی پێ بکا و لە کاتی نانی شێواندا خواردنەکەی ژاراوی بکا. کارەکەی بە نیوەچڵی هێشتەوە هەتا سیما دڵخوازەکانی بدۆزێتەوە.

ڕۆژێک لە کۆنسێرتێکدا لاوێکی گۆرانبێژی بینی و سیمای عیسای تێدا ڕچاو کرد، لاوەکەی بانگ کردە کارگەکەی کۆمەڵە نیگارێکی لە سیما و روخساری کێشاوە. سێ ساڵ تێپەڕی و تابلۆوەکە نزیک تەواوبوون بوو، بەڵام داوینچی هێشتا کەسێکی گونجاوی بۆ نواندنی سیمای یەهوودا نەدۆزیبووە.



کا ر د ینا ڵ کە ی بەرپرسی کەنیسە بەرەبەرە گوشاری خستە سەری کە دەبێ نیگارە دیوارییەکە بە زووترین کات تەواو بکا. نیگارکێش پاش چەند ڕۆژ گەڕان لە ئەنجامدا لاوێکی شپرزە و جلوبەرگ شڕی سەرخۆشی لە جۆگەلە ئاوێکدا دۆزییەوە. داوای لە یارمەتیدەرەکانی کرد بۆی بێننە کەنیسە، چوونکی هەلێکی دیی ئاوای بۆ وێنەلەبەرگرتنەوە دەست نەدەکەوت. سوالکەرەکە بە باشی نەیدەزانی چ باسە و بۆچی ئەویان هێناوەتە نێو کەنیسە. دەستوپێوەندییەکانی نیگارکێشی گەورە بە زۆر لە سەر پێ ڕایاندەگرت و لە هەمان دۆخدا داوینچی لە هێماکانی خوانەپەرەستی، گوناح و خۆپەرەستی کە بە باشی لە سیمای لاوەکەدا دیار بوو، سەرچەشنی دەدیتەوە و دەینەخشاندن.


کاتێک کارەکەی تەواو ببوو و سواڵکەرەش وەخۆ هاتبۆوە چاوی گێڕا و نیگارێکی لە پێش خۆی دی، بە سەرسامی و خەمناکییەوە گوتی: «ئەمن پێشتر ئەم تابلۆیەم بینیوە». داوینچی بە سەرسامییەوە گوتی: کەی، لە کوێ؟

سواڵکەر گوتی: سێ ساڵ پێش، بەر لەوەی هەموو شتێکم لە دەست بێتەوە. کاتێ کە لە کۆڕسێکی هونەریدا بووم و ژیانێکی ئەفسووناویم هەبوو، هونەرمەندێک داوای لێ کردم بۆوەی ببمە سەرچەشنێک بۆ سیمای عیسا!

دەکرێ بڵێی چاکە و خراپە هاوشێوەن، هەموو شتێک پێوەندی بەوەوە هەیە کە هەر کامەیان کەی و لە کوێ لە سەر ڕێگا مرۆڤ هەڵدەکەون.

**کۆچەر ڕ**

## سینەماکارێکی کورد نازناوی باڵیۆزی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکانی وەرگرت



سینەماکارێکی کورد نازناوی باڵیۆزی کولتووریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی وەرگرت. ناوبراو ئەم نازناوەی دوای ئەوە پێدرا کە کە فیلمی سینەمایی (ماسیی گەورە)ی بەرهەم هێنا.

یونیسکۆ، ڕێکخراوی پەروەردە و ڕۆشنبیریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاگەیەندراوێکدا، تەیموور قادری، سینەماکاری گەنجی کوردی بۆ وەرگرتنی نازناوی باڵیۆزی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشان کرد.

نێوەڕۆکی فیلمەکەی تەیموور قادری لەبارەی چیرۆکی خنکانی ئالان کوردییە لە دەریای نێوەڕاست و کۆچی نایاسایی بەرەو ئورووپا. ئەو کورتە فیلمە سەرنجی ڕێکخراوی پەروەردە و ڕۆشنبیریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاکێشا.

تەیموور قادری خەڵکی شاری کامیارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاوەنی چەند کورتە فیلمە و» هەنار میوەی بەهەشتە»، «لەبانی ماڵەکەمان دەدرێ»، «کاتژمێر» و «باوەش» و «ماسیی گەورە» لە کورتە فیلمە بەناوبانگەکانی ئەو سینەماکارە لاوەی کوردن.

## کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی هونەرمەند فەیزینژاد لە کتێبی «لە دڵمایە»




بە هەوڵ و ماندووبوونی عەلی عابیدی، ژەنیاری و ئاوازدانەری دانیشتووی شاری سەقز ژیاننامە و کۆی بەرهەمەکانی هونەرمەند ڕەشید فەیزینژاد لە دووتوێی کتێبێکدا کۆکرایەوە. لەو کتێبەدا کە لە ژێر ناوی « لە دڵمایە»دا چاپ و بڵاو بۆتەوە، کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی دانی وەک عەزیز شاروخ، ڕەحیم لوقمانی، ڕەسووڵ میرزاپوور، محەممەد ناهید و عەلی عابیدی بابەت و وتاریان لە سەر کۆبەرهەم و تواناکانی ئەو هونەرمەندە کوردە لە بواری مۆسیقادا نووسیوە. «لە دڵمایە» نۆتەکانی مۆسیقا و هۆنراوە و ناسنامەی ٥٥ گۆرانی ئەو هونەرمەندە کوردەی لە خۆ گرتوە.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 706    22 July 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East    MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## «کوردستان و تابلۆیەک لە ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی قاسملووی کوردان»




## بەر لە ماڵاوایی

### پێزانین و سپاسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# بەشداربوونتان لە بەرزڕاگرتنی یادی د.قاسملوودا مایەی شانازی و جێگای پێزانینە

ئەمساڵیش، لە دووحەوتوو بەر لە هاتنی ٢٢ی پووشپەڕەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە ڕوخسارە شۆڕشگێڕانەکەی خۆی نیشان دایەوە. هۆگرانی ڕێگا و ئامانجەکانی د.قاسملووی شەهید لە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، دووبارە قۆڵیان لە بەرزڕاگرتنی یادی ڕێبەری شەهید د.قاسملوو هەڵماڵییەوە. سەرەڕای شەپۆلی گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و نیشاندانی چەنگ و ددانی خوێناوی لە لایەن سوپای پاسداران و «ئیتلاعات» بە دوای سیناریۆی ١٧ی جۆزەردانی تاراندا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تیرۆری ڕێبەری لێوەشاوەی خۆیان لە شاری ڤییەنیان لەبیر نەکرد و لە ٢٨ ساڵەی شەهید کرانی‌دا بوێرانە و ڕاشکاوانە، یادی د.قاسملوویان کردەوە. بازنەی چالاکییەکانی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات و هۆگرانی بیر و ئامانجەکانی د.قاسملوو هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قەتیس نەمایەوە و پێتەختی ئێران، واتە شاری تارانیشی گرتەوە.

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا، کەم ناوچە و شار و گوند و ڕێگا و بان و شوێنی گشتیی کوردستان هەبووە، چالاکیی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ و مەحکوومکردنی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیگرتبێتەوە. تەنانەت دامەزراوە دەوڵەتییەکان و بنکەکانی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش، لە هەڵمەتی تەبلیغاتیی هۆگرانی ڕێگا و ئامانجی د.قاسملوو لە ئەماندا نەبوون. ئەم هەڵمەتە سەرانسەری و گشتگیرە، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و نووسینی دروشمی تایبەت بە تیرۆری ڤییەن و وەفاداری بە ڕێگای ڕێبەری شەهید د.قاسملوو، بە هەڵاوەسین و جێگیرکردنی ئاڵای کوردستان و وێنەی د.قاسملووی شەهید لە شوێنە بەرچاوەکان، بە وەبیرهێنانەوەی تیرۆری ٢٢ی پووشپەڕ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و ناردنی سروود و فایلی دەنگی و تەسویری و وتە و بابەتی تایبەت بەم بۆنەیە بۆ خەڵکی تامەزرۆ، دیسان بە ڕێژیمی تیرۆریستی ئێرانی سەلماندەوە کە خۆشەویستیی د.قاسملوو و حیزبی دیموکرات و وەفاداری بە ئامانجەکانیان، بە هیچ هێزێک لە دڵ و یادی خەڵکی کوردستان ناسڕێتەوە.

ئەم بەشدارییە بەرین و بوێرانەیەی لاوانی کوردستان لە بەرزراگرتنی یادی د.قاسملوودا و پێشوازی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە چالاکییەکانی پیوەندیدار بەم یادە، لە لایەکەوە نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و درێژەدەرانی ڕێگای ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو، لە لایەکی دیکەشەوە پێداگرتنەوە بوو لە سەر پێویستیی کرانەوە و وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە. شێلگیربوونی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر بەرزراگرتنی یادی د.قاسملوو لە هەر بارودۆخێکدا، سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە هەتا ڕێبەران و بڕیاربەدەستانی تیرۆریست و تاوانکار، جڵەوی دەسەڵاتیان لە ئێران بە دەستەوە بێ، تا ئەو کاتەی پەروەندەی ئەم تیرۆرە لە لایەن دادگایەکی خاوەن سەلاحییەتەوە بڕیارێکی دادپەروەرانەی لە سەر نەدرێ، و هەتا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر سەرکوت و بێمافی‌دا بێ، کوردستانی سەربەرز و ئازادیخواز بە چۆک دانایە و لە خەبات و نارەزایەتیدەربڕین و بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆر و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و هێز و دامەزراوە جینایەتکارەکانی، ناوەستێ.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێز و پێزانینی خۆی بەرامبەر بەشداریی بەرینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرزڕاگرتنی یادی د.قاسملوودا، ڕادەگەیەنێ و گەرمترین سوپاسیان پێشکەش دەکا. خەڵکی کۆڵنەدەر و بەهەڵوێستی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە دڵگەرم بە پشتیوانی و هاودڵیی ئەوان، لە درێژە دانی ڕێگای د.قاسملوو و، خەبات لە پێناوی ئەو ئامانجانەی ئەو ڕێبەرە و سەدان و هەزاران تێکۆشەری دیموکرات و گەلی کورد گیانیان لە پێناودا بەخت کرد، بەردەوام دەبین.

- **سەرکەوتن بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە و حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان**
- **هەر بەرز و گەشاوە بێ ناو و یادی ڕێبەری لێهاتوو، شەهید د.قاسملوو**
- **ڕیسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی دژە کورد و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٠١٧/٧/١٥**
**٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٦**